PDF Compressor Free Version




ئەو فستیڤاڵە تا ڕێکەوتی ٢٧ی نوامبری ٢٠١١ بەردەوام دەبێت کە ٥٥ فیمی کورت بەشداری تێدا دەکات و لەو ژمارە فیلمە ٢٠ دانەی بەشداری پێشبرکەی "یالماز گونای" دەبێت کە ٢٤ی نوامبر لیژنەی دادوەر کە لە لایەن کۆمیتەی فستیڤاڵەوە دیاری کراوە بۆ دەست نیشان کردنی ٤ فیلم و خەڵات کردنیان لە بەرنامەیەکی تایبەت دا. جیا لەو فیلمە کورتانە ٢٠ فیلمی دۆکیمێنتی و ١٨ فیلمی دریژیش نیشان دەدرێت کە ڕۆژانە و شەوانە لە سینەماکانی پیکچەر هاوس لە هاکنی و هەروەها وێستبۆرن ستۆدیۆ لە پۆرتۆ بێلۆ نیشان دەچنە سەر ئەکران.

کورد کانال کە هەر ساڵە یەکێک بووە لە پشتیوانانی (سپۆنسەر) فستیڤاڵی فیلمی کوردی، ئەم ساڵیش وەک ساڵانی پێشوو چالاکانە بەشدار بوو و بۆ زیاتر ناساندن و بڵاو کردنەوەی بەرنامەکانی ئەم فستیڤاڵە ڕێپۆرتاژێکی ئامادە کرد.

جێگای ئاماژەیە کە لە سەر بانگهێشتی فەرمی کومیتەی بەڕێوەبەری فستیوالی فیلمی کوردی لە لەندەن، هاوڕێ مەولود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کورستان لە بریتانیا ئامادەی ئەو کوڕ و ئێوارە خوانە بوو.

پێویست بە وتنە کە کمەڵێک کەسایەتی سیاسی و ناسراوی کورد و بێگانە ئامادەی ئەو ئێوارە خوانە بوون کە دەکرێ لە ناویان دا ئاماژە بە بەڕیز کاکە حەمەی عاجی مەحمود ئەندامی پارلەمانی کوردستان بکرێ.



PDF Compressor Free Version









IF YOU DIE I WILL KILL YOU!



QANDIL MOUNTAINS



PDF Compressor Free Version

# خەڵاتی فیلمەکانی فستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن دابەش کرا

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕێکەوتی ٢٤ی نوامبری ٢٠١١ لەسەر بانگێشتی کۆمیتەی فستیڤاڵی فیلمی کوردی بەڕێز مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا و کاک فەریدون معروفی بەشداری مەراسمی دابەش کردنی خەلاتی فیلمی کوردیان کرد. لەهەشتەمین ڕۆژی فستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن کە تەرخان کرابوو بۆ فیلمەکانی براوە و وەرگرتنی خەڵات،بەشێکی بەرچاو لە کوردانی بریتانیا و خەڵکانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان کە لە نێو میوانەکان دا بەڕێزان کاک ئارام وەزیری شەهید و ئەنفال کراوانی کوردستان و هەروەها کاک فازل ڕەئوف ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای سلێمانی ئامادەی ئەو مەراسمە بوون دەستی بەکارەکانی کرد.

سەرەتا لە کۆمیتەی فسییڤاڵی فیلم بەشدار بووانیان بە دوو زمانی کوردی و ئینگلیسی بەخێرهاتن کرد و پاشان داوایان لەبەڕێز مامۆستا ئارام وەزیری شەهید و ئەنفال کرد کە مەراسمەکە بکاتەوە و وتەیەک پێشکەش بکات، کە بەڕێزان سەرەتا بە پیرۆزبایی و هەروەها دەستخۆشی لە بەرێوەبەران و ئەو هاوڕێیانەی کە هەر کام بەشێوەیەک لە بەڕێوەبردن و بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەوە هەستاون سوپاس و پێزانینی خۆی پێشکەشکردن. بەڕێزیان لە درێژەی وتەکانی دا بە ئاماژە بەو دۆخەی کە ئێستا بۆ کورد ڕەخساوە ئێمە لێرە لە کەشێکی ئاوا دا پێکەو کۆبوینەوە، هەمووی لە سایەی فیداکاری و خوێنی شەهیدانمانە کە ئێمەی گەیاندوتۆتە جێگایەکی ئاوا، هەروەها لە پیوەندی لەگەڵ بەرهەم هێنەرانی فیلم و سینمای کوردی دا وتی: ئەمرۆ دەنگ و ڕەنگ و وێنە زۆر باش دەتوانێ لە ناساندنی دەردو ژانی ئەنفال و کێشەکانی ئێمە بۆ خەڵکانی بیانی بدوێن کە پێویستە لەو بارەوە زیاتر کاربکرێت و ئێمەش

وەکوو حکومەتی هەرێم پشتیوانیتان دەکەین.

ئەوە جار نۆرە گەیشتە کۆمیتەی ئامادەکردن و لۆحەی ڕیزلێنانیان بەسەر بەشێکی بەرچاو لەو کۆمپانیا و هەروەها ئەو کەسانەی کە لەو ماوەیەدا بەشێوەیەک لە شێوەکان دەستیان لە ئامادەکاری و ڕێکخستنی٧مین فستیڤالی فیلمی کوردی لەندەن دا بووە پێ بەخشرا کە لە نێویان دا نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی



PDF Compressor Free Version





کوردستان یەکێک بوو لەو خەڵات وەرگرانە و بەڕێز کاک خسرو ئاژگەیی سکرتێری دووەم لۆحەکەیان وەرگرت.

لە پێوەندی لەگەڵ فیلمەکان دا، لە نێو زیاتر لە ١٠١ فیلم دا ٣ فیلم لە لایەن کۆمیتەی دیاری کردنی فیلم بۆ کێبەرکێی فیلم هەڵبژێردران و خەڵاتیان وەرگرت هەروەها ٢ فیلمیش لەلایەن داوەرەکانەوە دیاری کران

فیلمەکان بریتی بوون لە:
یەکەم فیلم لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، فیلمی هەنار میوەی بەهەشتە، لە نووسین و دەرهێنانی تایمر قادری. داستانەکە بەم شێوەیە یە کە ؛کەسوکاری شادی رێی پێ نادەن کە بچێتە قوتابخانە، بەڵام سەعیدی هاورێی بڕیار دەدات کە خۆی وانەی پێ بڵێت
دووەم فیلم لە باکوری کوردستان فیلمی پێنج بەرد لە درهینانی کەنان تیکەش لەگەڵ ڕەزا باروت. داستانەکەی ئەوەیە کە،کچێکی خوێندکار دەچێت بۆ خوێندنگە گوێی لە دەنگی خوێندکاران و مامۆستاکان دەبێت،بەڵام کە دەچێتە پۆلەوە کەسی لێ نییە.

سێهەم فیلم لە باشووری کوردستانەوە بوو. فیلمی وڵاتی پاڵەوانەکان دەرهێنەری شاهیم عومەر خەلیفە یەکێکی تر لە دایرەکتەرەکان کە لە بلژیک دەژیت. بەم شێوەیە یە کە؛لە ١٩٨٨دا شەڕی نێوان عێراق و ئێران بەرەو قۆناغی کۆتایی دەچوو،دلێر، منداڵێکی ١٠ ساڵان و خوشکەکەی زێنێ دەیانەوێت سەیری فیلمی کارتۆن بکەن لە تەلەفزیۆن دا،بەڵام ئەوە بە گێرانەوە ئاسانترە وەک لە کردار لە کاتێکدا ماڵۆی شەڕفرۆش دێتە ناوەوە.....

هەروەها لە بەشێکی تری بەرنامەکە،دوو خەڵاتیش لە لایەن دادوەرەکانەوە بەخشران بەو دوو دەرهێنەر:
لە رۆژهەڵاتی کوردستان جەلال سەعید پناه بۆ فیلمی دەنگی باران سەربەست رەزا گەرمیانی بۆ فیلمی مەنقەل یا (سوتان) لە باشووری کوردستانەوە.
پێویست بە ئاماژە کە تیمی ئامادەکاری ڕیپۆرتاژی کوردکاناڵ لەو فستیواڵە دا ئامادە بوون و لەگەڵ چەندین کەس لە بەشداران دا وتوویژ و چاوپێکەوتنیان کرد.

PDF Compressor Free Version









PDF Compressor Free Version



# شارەداری کنزینگتۆن و چیڵسی بەشداری دەوری دووهەمی فستیواڵی فیلمی کوردی لەندەنی کرد

ناوەندی هەواڵ– لەندەن: نیوەڕۆ خوانێک بە بەشداری شارەدار و کانسلەری کێنزینگتۆن و چێلسی بۆ کرانەوەی گەڕی دوومەی فسیڤاڵی فیلمی کوردی لە ۆژئاوای لەندەن، لە نوێست بۆرن ستۆدیۆ لە پورتۆ بێل ڕێکخرا.

ڕێکەوتی ٢٥ی نوامبری ٢٠١١ شهردار و کانسلری کینزینگتۆن وچیلسی بەشداریان کرد لە کرانەوەی بەشی دووهەمی ٧مین فستیڤالی فیلمی کورد لە ڕۆژئاوای لەندەن. بەڕێزیان لە وتەیەکی کورت دا ووتیان کە جێگای خۆشحالیە ئەو فستیڤالە لە ناوچەی ئێمە دەکرێتەوە ئێمە پشتگیری دەکەین و دەست خۆشی لە سینما کاران و دەرهێنەرانی کورد کرد و هیوا خواست کە ئەو فستیواڵە لە سالانی داهاتوو بە شکۆیەکی زیاتر و بەشداری فیلمی کوردی زیاتر بەردەوام بێ. لە بەرامبەر دا کاک عەتا ئەندامی فستیڤالی فیلمی کوردی لە لەندەن سوپاس و خۆشحالی خۆیانی لە ئامادەبوونی بەڕێزیان دەربڕی، پاشان لەگەل بەشدار بووان و کوردانی ئامادەبوو لە مەراسمەکە کەوتە وتووێژو کردن هەروەها لەگەڵ بەشدار بووان سەیری فیلمی بێکەسی،یان کرد.

پێویست بە ئاماژەیە کە بەڕێزیان لە دەفتەری بیروەرەیەکانی فستیواڵ دا چەند دێڕێکی سەبارەت بەو فستیواڵە نووسی.

لەسەر بانگێشتی فەرمی ٧مین فستیڤالی فیلمی کوردی لەندەن، کاک فەرزاد حیکمەت ئەندامی کۆمیتەی بریتانیا بەیاوەری کاک یوسف بەهرامی و کاک خالق خورشیدی بەشداری ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

**کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**



PDF Compressor Free Version

# ٢٥ی نوامبر ڕۆژی جیهانی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان، ڕاپۆرتێک لەو پەیوەندییە دا لە لەندەنەوە

ڕێکەوتی ٢٦ی نوامبری ٢٠١١ لە یەکێک لە سالۆنەکانی هەمرسمیت لە لایەن ڕێکخراوی مافی ژنی کورد لە لەندەن بەرنامەیەکی تێرو تەسەل لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمرۆژە مێژوییە بۆ بەڕێزان: هۆزان محمود و دوکتۆر ڕزگار ئەمین ڕێکخرا.

بەرنامەکە سەرەتا بە بەخێر هاتنی میوان و هەروەها دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدان و هەروەها بەبۆنەی کۆچی دوای خاتوو دانیل میتەران ڕاگەیندراو کورتەیەک لە مێژوی ئەمرۆژە پێشکەشی بەشدار بووان کرا.

**سەرەتا چەند دێرێک لەسەر ئەم ڕۆژە:**

لە دسامبری ١٩٩٩ لە کۆبونەوەیەکی گشتی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕەشنووسی ژمارە ٥٤/١٣٤ لە ژێر ناوی لەناو بردنی توندو تیژی دژ بە ژنان پەسەند کرا.

هەر لەو کۆبوونەوەدا ڕاگەیاندرا کە توند و تیژی دژ بە ژنان ڕێگرو لەمپەرێکی هەرە مەزنە لە بەردەمی ژنان بۆ ئەوەی لە بوارەکانی ئابووری،سیاسی ،کۆمەڵایەتی و یاسایی مافی بەرامبەر و یەکسانیان هەبێ. توند و تیژی دژ بە ژنان دەبێتە سەرچاوەی زیان و خەسارەتی قورس و گران لە بوارەکانی جنسی،جسمی و دەرونی بۆ ژنان هەم لە ماڵەوە و هەم لە پانتای کۆمەڵگادا، هەر بۆیە ڕۆژی ٢٥ی نوامبەر لە ئەمریکای لاتین وەک ڕۆژی توند و تیژی دژ بە ژنان پەسند کرا. فێمینستەکانی ئامریکای لاتین و کارائیبیەکان لە ساڵی ١٩٨١ توند و تیژی دژ بە ژنانیان کرد بە ڕۆژێکی گرنگ و لەو ڕەوتەدا ئازاری جنسی و ئەشکەنجەی ژنانیان بەدەستی دەستەڵاتداران لە قاو دا. ڕۆژی ٢٥ی نوامبر بە یادی سێ خوشکەکانی میرابڵ ناوزەندکراوە.

ئەو سێ خوشکە بەناوەکانی پاتریا، مینروا و ماریاترسا لە ساڵانی ١٩٣٥- ١٩٢٧ و ١٩٢٤ لە کۆماری دۆمینیکن لە دایک بوون.

ئەو سێ خوشکە لە دۆمینیکن گەورە بوون و دەیانخوێند. مینراوا و ماریا چوون بۆ زانکۆ. ئەو سێ خوشکە هاودەنگ لەگەڵ مێردەکانیان لە دژی دیکتاتۆرییەتی (توروجیلو) چالاکی و خەباتیان دەکرد. تێکۆشانی ئەوان لە دژی دیکتاتۆری بوو بە سمبوولی خوراگری و خەبات لە ناو کۆمەلانی خەڵکدا. هەر بەو هۆیەوە ئەو سێ خوشکە و مێردەکانیان کەوتنە بەر ئازار و پێگەردی کاربەدەستانی ڕژیم و چەندین جار زیندانی و دادگایکران، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون لەسەر خەباتیان و سڵیان نەکرد. لە نوامبری ١٩٦٠ (تروجیلو) ڕایگەیاند کە دوو شت کێشە وکۆسپی سەرەکین، یەکەم کلیسا و دووەم خوشکەکانی میرابال. لە ٢٥ی نوامبری ١٩٦٠ لە کاتێکدا ئەو سێ خوشکە بە ماشێن بە مەبەستی دیدارو بینینی مێردەکانیان بەرەو زیندان وەڕێکەوتبوون، لە کارەساتێکی دڵتەزێنی پێکدادانی ئۆتۆمبێل دا گیانیان لە دەستدا.

ئەو ڕووداوە بوو بە سەرچاوەی ناڕەزایەتی زۆری کۆمەلانی خەڵک و لە ئەنجامی خەباتی خەڵک ڕژیمی دیکتاتۆری تروجیلو لەناو چوو.

ئەو سێ خوشکە و خەباتیان لە لایەن فێمینیستەکانەوە وەک سمبوولی بەرخۆدان و ڕزگاری بەرزکرایەوەو زیندوو ڕاگیرا. ئازارو تێکۆشان و شەهید بوونی ئەوان لە شیعر، گۆرانی و نوسراوەکاندا شوێنیکی بەرچاویان هەیە. هەر بۆیەش لەمانگی جولای ساڵی ١٩٩١((GWGL به ناوەندی ڕێبەری جیهانی ژنان و هاوکاری ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنان ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی خەبات لە پێناو لەناو بردنی توند و تیژی دژ بە ژنان پەسەند کرد.

که لەو تارەکەدا ئیشارە بە ئاڵووگۆرە سیاسیەکانی ساڵی ڕابردوو لە ناوچەدا کە نەمانی دەسەڵاتانی لە مێژینەی بەدواوە بوو، بەشداری بێ وێنەی ژنان بوو بۆ گۆرینی خوغرافیای سیاسی دنیا. گومان لەوە دا نییە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ژنانە، لە رووخانی دیکتاتۆریدا خەونی کرانەوەی زنجیرەکانی دەست و پێ خۆیان وەک ژن بینیووە، بەڵام ئەو تەجروبەیە دیسان نیشانی دا کە کرانەوەی کۆت و بەندی ژنان لە وڵاتانە پیوەندی بەوەوە هەیە کە ژنان تا چ ڕادەیەک بە دروشمی خۆیانەوە دێنە مەیدان و داوای مافەکانی خۆیان دەکەن.

لە بەشێکی تری پەیامەکە دا ئیسشارە بە توندوتیژی دژ بەژنان، هیشتا یەکێک لە گەورەترین و ترسناکترین ناڕەواییەکانی نێو کۆمەڵگای ئینسانی یە. هێشتا لە هەموو دونیا لە شوێنی کار،خوێندنگە،شەقام و زۆرتر لە هەموشیان لە کونجی ماڵ و خێزاندا ژنان و کچان بێ ڕێزیان پێدەکرێ، لێیان دەدرێ و دەستدرێژیان دەکرێتە سەر. ئەوەی کە جێی داخە ئەوەیە کە ئەو بارودۆخە کە بە سەر بەشێکی زۆر و بەرچاوی ژنانی وڵاتانی جۆراوجۆردا سەپاوە، زۆر بە دەگمەن و لە ئاستێکی زۆر کەمدا سەرنجی بۆ ڕادەکێشری و پلانی بەرەنگاربوونەوەی بۆ دادەنرێ.

هەروەها چەند ئامارێک لە پیوەندی لەگەل ئەم رۆژەدا ئیشارەیان پێکرا:
کە لە هەر ١٨ چرکەیەکدا لە دونیا ژنێک دەکەوێتە بەر مەترسی توندو تیژی، زیاتر لە








PDF Compressor Free Version





٦١٪ ژنان لەکاتی دووگیانیدا بەرەورووی توندو تیژی دەبنەوە، ڕۆژێ ٧ هەزار کچی مندال لە دونیا بە زۆر بەشوو دەدرێن و هەر سالێک ١٠ میلیون مندالّی کچ مندالّیان دەبێت، لە کاتێک دا خۆیان هیشتا مندالن، لە دونیا زیاتر لە ١٣٥ میلیون ژن لە باری جنسیەوە کەم ئەندام کراون و ڕۆژانە ٦٠٠٠ هەزار کچی مندال لە باری جنسیەوە کەم ئەندام دەکرێن، لە زۆربەی ناوچەکانی هیندوستان ٪٥ ژنان لەبەر ئەوەی پولی بردنی جیازی زۆریان نیە دەکوژرێن و سالانە زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار کوشتن بەناوی بەرگری لە شەرەف و ناموس ڕوو دەدات بەداخەوە لە هەرێمی کوردستانیش لە ماوەی سێ سالّی ڕابردوودا ١٠١٢ هەزارو دوازدە ژن سوتاون و لە هەفتەیەکیشدا زیاتر لە ٢٠ ژن دەسوتێ؟

بەشێک لە قسەکانی هۆزان محمود لە کۆرەکەدا.

توندوتیژی لە سەر بنەمای جێندەری و ئاکامەکانی و جۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی

باسی ئەم ڕۆژە و مێژووەکەی

پێناسەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر

کۆمەڵێک ئامار لەسەر چەند وڵاتێک و کوردستانیش

دیارە زۆر کارەسات و دیاردەی دڵتەزێن ڕۆژانە ڕوو دەدەن لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا، بەڵام هەندێک جار کەیسێک یان چیرۆکێک دەتوانێ دونیایەک لە نەهامەتی کە لە تاریکیدا ڕوو دەدەن بخاتە بەر ڕوناکی و ویژدانی خەڵک بە ئاگا بێنێ! وە ئەم کارەساتەش یەکێکە لەوانە کە بەهۆی سوربونی چالاکوانانی ژن لە لاتین ئەمریکادا و یادکردنەوەی بەردەوام لەم کارەساتە، سەرەئەنجام بکرێتە ڕۆژێکی جهیانی.

پێشتر لە سالّی ١٩٩٣ ڕێکەوتن نامەی سیداو واتە ( ڕیکەوتن نامەی لەناوبردنی توندوتیژی لەدژی ژنان) لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بڕیاری لەسەردرا کە وەکوو هەنگاوێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرێت و تا ئەمڕۆش زۆرێک لە ڕێکخراوەکان کار بۆ چەسپاندنی ئەم دیکلەرایشنە دەکەن.

لەم دیکلەرەیشنەدا توندوتیژی بەرامبەر ژن لەسەر بنەمای جێندەر بەم شیوەیە پێناسە دەکات: " هەر کارێکی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر کە ببێتە هۆی و یان سەرنجام ببێتە هۆکارییک بۆ ئەزیەت و ئازاری جەستەیی، جنسی، یان دەرونی. هەروەها ئەمە هەڕەشە و زۆرداری و دابڕان لە ئازادی چ لە فەزای گشتی یان لە فەزای تاییەتیدا بێت دەچێتە خانەی توندوتیژی یەوە."

زۆرێک لە توندوتیژیەکان لە ناو خانەوادە دا ڕوودەدات. بۆ نمونە لێدان و ئەشکەنجەی دەرونی و جەستەیی و دەستدرێژی جنسی تەنانەت بۆ سەر مندالّیش. جۆرەکانی توندوتیژی بەپێ ی کۆمەلّگاکان دەگۆڕێن و کەم و زۆری و ئاستی بەرەنگاربونەوەشی

جیاوازە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر.

توندو تیژی و بەتایبەت توندوتیژی لە دژی ژنان دیاردەیەکی زۆر پێچیدەیە، لەبەر ئەوەی دەرئەنجام و ئاکامەکانیشی پێچیدەن.

لە زۆربەی کۆمەڵگاکان توندوتیژی لە دژی ژن تۆلێرەیت دەکرێ و وەکوو نۆرم مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ تەنانەت لە زۆرێک لەو وڵاتانەش کە بە یاسا توندوتیژی لەدژی ژن قەدەغە کراوە.

بۆ نمونە لێرە بە پێی ئامار لە چوار ژن ژنێک لە ژیانیدا دوچاری توندوتیژی دەبێتەوە، جیاواز لەوەی لە چ باکگراوند، چین، دین و ڕەگەزێکە. هەروەها بە پێی ئاماری هۆم ئۆفیس (وەزارەتی نێو خۆ) نزیکەی ١٣ میلیۆن شکایەت لای پۆلیس ڕیپۆرت دەکرێت کە حاڵەتی توندوتیژی دژ بە ژن چ جەستەیی بێت و یان هەڕەشەی توندوتیژی بێت لە لایەن هاوسەر، یان هاوسەری پێشویانەوە.

هیشتا لە ٥٣ وڵاتی جیهاندا سووکایەتی کردن بەرامبەر بە ئافرەت لە چوراچیوەی هاوسەرداریدا بە تاوان دانانرێ.

لە کوردستانیش لەم دواییانەدا یاسای قەدەغەکردنی توندوتیژی خێزانی بەرامبەر بە ژن و منداڵ دانراوە، بەڵام مەلا ئیسلامیەکان کەمپینی لە دژ دەکەن کە گوایە ئەمە کۆمەڵگا بەرەوە بەرەڵایەتی و خێزان بەرەو

هەڵوەشانەوە دەبات و لێدان وەکوو دیسپلین بۆ ژن و منداڵ بە واجیبێکی دینی دەزانن.

**ئامار:**

**لە هەژاریدا:**

بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ژنان ٧٠٪ ی هەژارەکانی جیهان پێک دەهێنن و خاوەنی تەنیا ١٪ ئەو زەوییانەن کە سەنەدیان هەیە.

بە پێ ی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کاری جیهانی کە سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانە، لە یەکاتدا زیاتر لە ١٢ میلیۆن کەس لە کاری زۆرەملێدان بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئەمە بەردەداری سێکسیش دەگرێتە خۆی لە ئاسیا بە تەنیا









PDF Compressor Free Version

زیاتر لە یەک ملیۆن منداڵ لەبازرگانی سێکسدا بەکار دەهێنرێن و گوزەرانیان لەگەڵ کۆیلە فەرقی نی یە.

پەیوەندی چەوسانەوەی ژن بە ڕژێمی سەرمایەداری و جیاوازی چینایەتی لەسەرتاسەری دونیادا بە ئاشکرا دیارە. بەشێکی زۆر لە ژنان بە هەق دەستێکی زۆر کەم ڕۆژانە ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دابین دەکەن. هەندێک کار کە ژن بژێوی پێ دابین دەکات وەکوو کاری ڕەسمی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێ و هیچ زەمانەتێکی گیانی و کارییان نییە.

ئەو ژنانەی کە بازرگانی بە جەستەیانەوە دەکرێ بەشێکن لە ژنانی کرێکار کە لە نزمترین ئاستی کۆمەڵگادا چاویان لێدەکرێ و بە هەموو شێوەیەک دەچەوسێنەوە. دیارە بازرگانی بە جەستەی ژنەوە سێ هەمین بازرگانی پڕ سودە لە دونیادا لە دوای بازرگانی چەک و مادە بێهۆشکەرەکان(موخەدەرات). سالآنە سەرمایەیەکی خەیاڵی لە دەرەئەنجامی نەهامەتی و ژێردەستەیی و سوکایەتی بە جەستەی ژنەوە پەیدا دەبێت بۆ کۆمەڵێک سەرمایەداری بازاڕی ئازاد.

کچان و ژنان لە ماڵە لەشفرۆشیەکاندا بەند دەکرێن و ئەگەر هەوڵی ڕاکردن بدەن لێیان دەدرێت، خواردنی کەم و زۆرجاریش مادەی بێهۆشکەریان پێ دەدەن بۆ ئەوەی پاسیفیان بکەن و ئەدیکت بن کە نەتوانن دەرباز بن لەم کۆیلەتییە.

کێشەی ژنان لە کوردستان: کوشتاری ناموسی، سوتاندن، خەتەنەکردن، بەزۆر بەشودان، شیربایی و کۆمەڵێک فۆرمی تر لە توندوتیژی بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەی هەزاران ژن لەو کۆمەڵگایەدا.

دەسەلآت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیە دەکات:

دەسەلآت بە شێوەیەکی فەوقی مامەڵە لەگەڵ کێشەی توندوتیژی و کوشتاری ژناندا دەکات. لە کوردستان کۆمەڵێک یاسا هەیە بۆ بەرەنگاربونەوەی کوشتنی ناموسی و توندوتیژی بەلآم ناچێتە بواری کار پێکردنەوە. لە ئاستی کولتوری و پەروەردە و مافی ژن لە کارکردن و پاراستنی گیانی کار بۆ بردنەسەری ئاستی هۆشیاری ناکرێ و بەڵکو کۆمەڵێک داب و نەریتی دینی و دواکەوتوی فیۆداڵی تا ئێستاش بەردەوامی هەیە لە کوردستان و قوربانییەکانی ئەم وەزعەش ژنانن.

دین و یاساکان: دەست تێوەردانی مەلاکان و پیاوانی ئاینی لە یاساکان و سیاسەت و فەزای گشتی کێشەیەتی بێ وێنەی بۆ ژنان لە کوردستان دروست کردوە.



PDF Compressor Free Version



**ڕێکخراوەکانی ژنان و دەوریان لەکەم کردنەوەی توندوتیژی:**

چی بکرێت بۆ ئەوەی لە کوردستان خەباتی ژنان لە دژی هەموو شێوەکانی چەوسانەوەو عەزیەت و ئازاری ژنان لە سەر بنەمای ژن بونیان کەم بکەینەوە.

دووهەم بەشی واتە پانێلەکە دوکتور ڕزگار ئەمین لەباری دەرونیەوە لەگەڵ ئەو مەسئەلەیە دوا و ڕوونی کردەوە کە چۆن کەسێک کە دوو مندالی هەبێت یەکیان کچ و ئەوتریان کور، تۆ لە سەرەتاوە هەر بە کچەکە بلێت ئەوە عەیبە ئەوە باش نیە ئەوە ئابرومان دەچێت ئەوە شەرفمان نامێنی و....... کاتێک کە ئەوە کچە گەورە دەبێت هەموو ئەو باسانە لەناو مێشکی دا جێدەگرێت و و زۆر زەحمەتە لە میشکی بچیتە دەر بەڵام بۆ کورەکە هیچ یەک لەوانە باس نین چون کورە و هەرچی بیکات عەیب نیە.

لە پیوەندی لەگەڵ دروست بوونی شەخسیەتی ئینسانەکان و شێوەی بەرخوردی بنەماڵەو کۆمەڵگە و هەروەها چۆنیەتی کاریگەری لەسەر شکل گرتنی ئینسانەکان باسێکی زۆر تێرو تەسەلی پێشکەش کرد. ناوبراو لە درێژەدا وتی: ئەگەر بمانهەوێت لەوبارەوە قسە بکەین ڕۆژانێکی زۆر پێویستە قسە بکەین و لە هەموو بوارەکانەوە لێکی بدینەوەو باسیان بکەین.

لەلایەن بەشدار بووانەوە چەندین پرسیار ئاراستەی پانێلەکە کران کە لە لایەن هەردووک بەڕێزەوە هۆزان محمود و دوکتۆر ڕزگار ئەمینەوە وڵام درانەوە.

بەشی کۆتایی بە پێشکەش کردنی چەند پارچە گۆرانی و مۆسیقا لەلایەن گروپی ژێ و هەروەها هونەرمەندان کاک مەنسور ئیزەت پناە و کاک زانای تار و خوشکە لەنجە بەرنامەکەیان ڕازاوەتر کرد.

**ئامادەکردنی: مەولوود سوارە**






PDF Compressor Free Version

# باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بریتانیا داخرا



به پێی هەواڵی گەیشتوو لە لایەن نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا کاتژمێر دوازدەونیوی پێش نیوەڕۆی هەینی (١١ی سەرماوەز) بە کاتی لەندەن ژمارێکی زۆر کوردو ئێرانیی دانیشتووی ئەم شارە لە بەرانبەر باڵوێزخانەی ئێران لە لەندەن کۆبوونەوە بۆ ئەوەی خۆشحاڵیی خۆیان لە بڕیاری دەوڵەتی بریتانیا بۆ داخستنی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم وڵاتە دەرببڕن. هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی خەڵکەکە پۆلیسی بریتانیا هەموو دووربین و کەلوپەلە ئەمنییەتییەکانی باڵوێزخانەی کۆکردەوە و بە کارمەندانی باڵوێزخانەی ڕاگەیاند کە تا چەند کاتژمێری دیکە دەبێ ئەو وڵاتە بەجێبێڵن.



PDF Compressor Free Version



# باڵوێزخانەی ئێران لە لەندەن پێچرایەوە

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: سەرلەبەیانی ئەمرۆ رێکەوتی ٢ی دێسامبری ٢٠١١ی زایینی و دوای کۆتایی ئەو مۆڵەتەی کە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بۆ باڵوێز و فەرمانبەرانی جاسوسخانەی ڕژیمی ئیسلامی ئێران لە لەندەنی پایتەختی ئەو وڵاتەی دانابوو، پۆلیس کامیراو و دوربینە چاوەدێرییەکان ودەم و دەزگای سەفارەتی ئێرانی لە لەندەن پێچایەوە.

پاش ڕاگەیاندنی بەڕێز ویلیام هێیگ لە پیوەندی لەگەڵ گرتن وسوتاندنی باڵویزخانەی ئینگلیس لە تاران، ٤٨ کاتژمێریان کات دا بە دیپلۆماتەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێران کە خاکی بریتانیا بەجێ بێڵن.

سەرلەبەیانی ئەمرۆ بە ئامادە بوونی دەیان ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بریتانی و بیانی، پۆلیس دەست بەکار بوو بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا. لەدرێژەی داخستنی باڵوێزخانە دا ئەمرۆ کاتژمێر دووازدەو نیو بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانی لەندەن بۆ بەشداری کردن و خۆشحالی دەربڕین بەرامبەر بەو هەولوێستە و هەروەها بەرێ کردنی دیپلۆمات تێرۆسریتەکانی ڕژیمی تاران لە لەندەن، چالاکانە بەشداری خۆپێشاندانەکەیان کرد و بەووتنەوەی دروشم دژی ئەو حکومەتە سەرەڕۆیە، ڕق و بێزاری خۆیان لەو ڕژیمە دەربڕی و لە هەمان کات دا خۆشحالی خۆشیان بۆ دەرکردنیان لە بریتانیا و داخستنی هێلانە جاسوسی لە لەندەن دەربڕی.

جێگای ئاماژەیە کە ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لەندەن بەشداری چالاکانەیان هەبوو لەو خۆپیشاندانە دا.

پێویست بە وتنە کە کۆمەڵێک لە ئێرانیەکانی نەیاری ڕژیمیش لە بەر دەرگای باڵویزخانەی ئێران ئامادە بوون و بە دانی دروشم خۆشحاڵی خۆیان لەو بڕیارەی حکومەتی بریتانیا دەربڕی.

فرۆکەیەکی خەتی ئاسمانی رایەن ئێر بۆ



PDF Compressor Free Version

بردنەوەی ٨٠ دیپلۆمات و بنەماڵەکانیان لە لەندەن ئامادە کراوبوو کە پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ خاکی بریتانیایان بەرەو ئێران بەجێهێشت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بریتانیا**










PDF Compressor Free Version



# خۆپێشاندانی کوردانی بریتانیا دژی کرەدوەی کورد کوژییەکەی تورکیە

ڕێکەوتی ٣٠ی دسامبری ٢٠١١ کۆمەڵگای کوردی لەندەن و دەوروبەر بۆ پشتیوانی لە کوردانی ناوچەی قەلەبانی شارناخ و مەحکوم کردنی کردەوە کوردکوژییەکەی تورکیە خۆپیشاندانێکیان لە پێش باڵوێزخانەی تورکیە لە لەندەن بەڕێوە برد.

کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی کوردانی لە بەردەم باڵوێزخانەی دەوڵەتی تورک نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند و خۆپیشاندەران بە وتنەوەی سرود و دانی دروشم دژ بە حکومەتی ئەنکارا، ئەو کردەوە دژی ئینسانییەی هێزە سەربازییەکانی تورکیەیان بە توندی مەحکوم کرد. پاشان خۆپیشاندەران کە بە هێزێکی زۆری پۆلیس ئابلووقە درابوون بەرەوە ژمارە ١٠ ستریت دەفتەری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا وەڕێ کەوتن. لەو شوێنەش بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێک مانەوە و دەیان دروشمیان دژ بە حکومەتی تورکیە و بۆ مەحکوم کردنی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە بە زمانی ئینگلیسی و کوردی گووتەوە.

پێویست بە ئاماژەیە کە بەرپرس و ئەندامانی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لەندەن لەو خۆپیشاندانە دا بەشداری چالاکانەیان هەبوو و هەروەها بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبیان کە بە مەبەستی مەحکوم کردنی ئەو کارە قێزەونە بڵاو کرابووەوە لە ناو بەشداران دا بڵاو کردەوە.

جێگەی باسە ڕۆژی ٢٩ی مانگ تاقمێکی دیکە لە کوردانی دانیشتووی شاری لەندەن ڕێپێوانێکی دیکەیان لە هەمان پەیوەندی دا وەرخستبوو کە بە داخەوە لە ئاکام دا تێکهەڵچوونێکی قوورس لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس دا هاتە ئاراوە و لە ئاکام دا چەندین کەس لە هەردوولا بریندار بوون و چەند کەسێکیش لە لایەن پۆلیسی بریتانیاوە دەستبەسەر کران.






PDF Compressor Free Version

# بەشداری هەیئەتێکی حدک لە سمیناریکی نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا





ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی دووشەممە ١٦ی جانیوێری ٢٠١٢ نوسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا لە یەکێک لە سالۆنەکانی ڕامەدا هوتێل، کۆڕێکی بۆ بەڕێزان «مامۆستا ئارام وەزیری کاروباری شەهید و ئەنفالکراوان و کاک فلاح موستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان» و بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی بەریتانیا پێک هات. لەم کۆڕەدا کە بەشێکی بەرچاو لە کەسایەتی کورد و هەروەها نوێنەرانی حیزبە سیاسی و کۆمەڵە و ڕێکخراو و کەسایەتیە کوردیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان ئامادەی بوون هەمووان بە یەکدەنگیەوە پێداگریان لەسەر گرنگی هاوکاری و هاودەنگی کورد لە دەرەوەی وڵات و بەیەکەوە کارکردن لەگەڵ لایەنە

Kurdistan Democratic party's activity in the United Kingdom

2011 - 2012

PDF Compressor Free Version



بەریتانیا و نێودەوڵەتیەکان بۆ ناساندی کەیسی جینۆسایدی کورد کردەوە.

پێویست بە ئاماژەیە کە شاندێکی باڵیۆزخانەی عیراقی فیدراڵیش ئامادەی ئەو کۆڕە بوون. کۆبوونەوەکە زیاتر لە ٢ کاتژمێری خایاند بە پرسیار و بۆچونی ئامادەبووان دەوڵەمەندتر کرا و بەڕێزان مامۆستا ئارام و فەلاح مستەفا وڵامی بەشێک لە پرسیاری ئامادە بووانیان دایەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی هاوڕێ مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا و هاوڕێیەتی بەرپرس و بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لە لەندەن بەشداری کۆرەکە بوون. نوێنەرایەتی حیزب لەو کۆرەدا چاوی بە ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسیەکان و هەروەها بەڕێز فلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوت. جێگای ئاماژەیە کە کۆرەکە لە لایەن بەیان سامی عبدالرەعمان نوێنەری حکومەتی هەریمی کوردستان و کاک خسرو ئاشگەی سکرتێری نوێنەرایەتی لە بریتانیا بەرێوە دەچوو.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**



PDF Compressor Free Version

# خۆپیشاندانی لایانگران و دژ بەرانی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران لە وڵاتی بریتانیا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕێکەوتی ٢٨ی جانیوێری ٢٠١٢ کەمپەینی دژی شەر لە لەندن بۆ دژایەتی شەر لەدژی ئێران و ئەگەری هەر هێرشێکی سەربازی لە ناوچەکەدا خۆپێشاندانێکیان ساز دا. بزووتنەوە سەوز و حیزب و لایەنە سیاسیە ئێرانی و کوردستانیەکان لەندەن بە جیا لەو خۆپێشاندانە کە لە کاتژمێری ٢ تا ٤ی پاشنیوەڕۆ درێژەی کێشا بەشداریان کرد. سەرەتا جێرمی کۆربین وتەیەکی لەپیوەندی لەگەڵ ئەو خۆپێشاندانە پێشکەش کرد، ئەوە جگە لە چەندین کەسی دیکە بەشدار لەو خۆپیشاندان و کەمپینەی دژی شەر وتاریان پێش کەش کرد. لەو خۆپێشاندانە دا نەک هیچ باسێک لە پێشێل کارییەکانی ڕژیم دژ بە کۆمەلانی خەڵک لە ئێراندا نەکرا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بەرێوەبەرانی ئەو کەمپینە بە کۆکردنەوەی تاقمێکی زۆر لە بەکرێگیراوانی ڕژیم و ئەو عەرەبە تێرۆریستانەی کە بە پوڵ و دارایی کۆمەلانی هەژاری ئێران گەیێندراوەنەتە بریتانیا، هەوڵی نیشاندانی مەزلوومیەتی کۆماری دژی بەشەری کۆماری ئیسلامیان دا. بەشێکی بەرچاوی لە خۆپێشاندەران لە تێرۆریستانی حیزبولای لوبنان و پیاوەکانی کۆماری ئیسلامی پێک هاتبوون کە بۆ پشتیوانی لە ڕژیم و مانەوەی شعاریان دەدا.

لەو نیوەدا کوردان و ئێرانیە خاوەن هەست و شۆڕشگێڕەکان پێکهاتوو لە ئەندامانی بزووتنەوەز و نەتەوە کەمایەتییە ئایینیەکانی دیکەی ئێران و ئەندامان و لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە ئاڵای سەربەرزی بەرزی کوردستانەوە و بۆ بەرپەرچ دانەوە ئەو هەڵوێستەی بە ناوی لایانگرانی ئاشتی، دەستیان دایە خۆپیشان دان و ڕووی دزێو و دژی مرۆڤایەتی ئەو ڕژیمە نگریسەیان بۆ کۆمەلانی خەڵکی بریتانیا ئاشکرا کرد. ئازادیخوازانی خاوەن هەڵوێست بە دانی دروشم گەلێکی وەک: بڕۆخێ ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و مردن و نەمان بۆ تیرۆریسم و دەیان دروشمی دیکە بە زمانی ئینگلیسی و کوردی و فارسی، دژایەتی خۆیان لەگەڵ ڕژیم و سیاسەتە دژ ئینسانیەکانی دەربڕی و داوایان لە کۆمەلگەی نێودەوڵەتی کرد کە بۆ ڕوخاندنی حکومەتی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران، پشتیوانی لە خەلکی ئێران و حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی بکەن. لەو نێوانە دا تێکهەڵچوون و پێکدادان لە نێوان ئازادی خوازانی کورد و ئێرانی لە لایەک و بەکرێگیراوانی ڕژیم لە لایەکی دیکەوە دا هاتە ئاراوە، کە ئەو گوێ لە مستانە وەک پێشەی هەمیشەیی خۆیان دەستیان بە هات و هاوار و پاڵ پێوەنانی ئازادیخوازان کرد، بەلام ئەوان زۆر و خۆراگرانە بەرامبەر بەو پەلامارەی پیاوانی حکومەتی ئێران ڕاوەستان و تا کاتی بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندانەکە لە مەیدان دا مانەوە.

**کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**

PDF Compressor Free Version





















PDF Compressor Free Version

# بەڕێوەچونی مەراسمی ٢ی ڕیبەندان لە شاری شێفیلڵد –بریتانیا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: بە مەبەستی ڕیزلێنان و بەرز ڕاگرتنی ٢ی ڕێبەندان ,٦٦ مین سالڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، کۆمیتەی شێفیلڵدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٩ ی ژانویەی ٢٠١٢ی زاینی کاتژمیر ٤ی دوانیوەڕۆ، ئێوارە کۆڕێکی پێک هێنا.

ڕێوڕەسمەکە بە بەشداری بەشیکی بەرچاو لە ئەندامان و لایانگرانی حیزب و بە سرودی نەتەوایەتی ‹‹ئەی رەقیب›› و خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. پاشان هاوڕێ ڕزگار قادرزادە بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە بریتانیا، وێڕای بە خێرهێنانی میوانەکان، پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی بەو بۆنەوە خوێندەوە. پاشان کاک ئاسۆ عەبباسزادە باسێکی لە سەر›› کاریگەری کۆماری کوردستان لە سەر شوناسی کورد›› پێشکەش کرد.لە بڕگەیەکی تری بەرنامەکەدا پەیامی یەکیەتی لاوانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن کاک عومەر مەحمودی پێشکەش کرا و پاشان پەیامی چەند لایەن و ریکخراوی دۆست کە بەم بۆنەیەوە بۆ کۆمیتەی شێفیلڵدی حیزب هاتبوون پێشکەش کران کە بریتی بوون لە پەیامەکانی:

پارتی دیموکراتی کوردستان کومیتەی شێفیلڵد,کومیتەی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان-شێفیلڵد, بزوتنەوەی گۆڕان-شێفیلڵد, خوێندکارانی کوردی زانکۆی شێفیلڵد
سازمانی سەرانسەی پەنابەرانی ئێرانی- شێفیلڵد.

جێگەی ئاماژەیە کە ناواخنی بەرنامەکان بە چەند پارچە هۆنراوە و پەخشان لە لایەن هاوڕێیان کاک حوسێن محەمەدزادە ، هەڤاڵ ماردین ملکاڕی و کاک ئایەت مورادیفەرەوە رازێنرایەوە.
بڕگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە بە دەنگی بەسۆزی هونەرمەندانی دەنگ خۆش شۆرش

PDF Compressor Free Version



ئیبراهیمی وه شێخه باوزەیی به هاوکاری هاوڕێیانی موسیقا ژەن خالید جەمالی وه سامان هیرانی و کوڕی هەڵپەڕکێی کوڕان و کچانی دێموکرات زیاتر ڕازێنرایەوە.

**کۆمیتەی شێفیڵدی حیزبی دیموکراتی کوردستان- بریتانیا**









PDF Compressor Free Version










PDF Compressor Free Version



# بەشداری هەیئەتێکی حدک لە کۆبوونەوەیەکی هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی لە پارلەمانی بریتانیا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕێکەوتی ٣١ی جانیویری ٢٠١٢ لە پارلمانی بریتانیا کۆبونەوەیەکی کراوە بۆ بەڕێز سەلاحەدین دیمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی ڕێکخرا کە چەند ئەندام پارلمان و لۆرد و بەشێکی بەرچاو لە بنکەو بنیادە بیانیەکان و هەروەها کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستانی لە خۆ کۆکردەوە.

بەڕێوەبەری کۆبونەوە و پانێڵەکە لە لایەن بەڕێز هایویڵ ویلیامز ئەندامی پارلمانی بریتانیا بەڕێوە دەچوو کە سەرەتا بە بەخێرهێنانی میوانەکان و ناساندنی پانێڵەکە دەستی پێکردو پاشان بەڕێز سەلاحەدین دیمیرتاش لەگەڵ بەخێرهێنانی میوانەکان باسێکی لەسەر جێگە و پێگەی کورد و هەروەها لەسەر هەڵسوکەوتی دەوڵەت تورک دەرحەق بە گەلی کورد لەو وڵاتە، گلەیی لە وڵاتانی زلهێز کرد بۆ چاوپۆشینیان لەبەرامبەر ئەو هەموو بێ عەدالەتیانەی کە لەکورد دەکرێن. لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی دا ئاماژەی بەوە دا کە ئوروغان نایەوێت لەگەڵ نوێنەری ڕاستەقینەی کوردان وتوویژ بکات، بەڵکو لەگەڵ خەڵکانێک دەدوێت کە نوێنەری کورد نین! ئوردغان کە بە فرۆکەی ئێف ١٦ لە خەڵکی نیشتەجێی وڵاتەکەی خۆی دەدا نابێ بمێنێ و دەبێ بڕوا.

لەپێوەندی لەگەڵ مافی کورد لە وڵاتی تورکیە دا ناوبراو داوای کرد کە خوێندن و نووسینی زمانی کوردی دەبێ لە هەموو قوتابخانەکان دەستەبەر بکرێت، ماف و داواکارییەکانی گەلی کورد لە دەستووری نوێی ترکیە دا بنوسرێت و ئۆتۆنۆمیش بدرێتە کوردان.

لەپەیوەندی لەگەڵ میدیاکانی ترک دا ووتیان کە هەموویان دژی پارتی ئاشتی و دێموکراسی دەنوسن و هەموو حیزب و لایەنەکانی ترکیە لەلایەن دەوڵەتەوە یارمەتیان پێ دەکرێت بەلام لەو نێوەدا تەنیا ئێمەین کە یارمەتی نادرێن!

ناوبرا لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا هاتە سەر ئەو بەربەستانەی کە دەخرێنە بەردەم کارکردنی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی گەل و وتی: ئێستا شەش ئەندامی پارلمانی ئێمە لە زیندان دان و نوسەرو ئەندام و چالاکانی سیاسی ئێمە دەسبەر و گیراون و تا ئێستا زیاتر لە ٦٥٠ دۆسییەی گیراوانی کورد لە مەحکەمەدان و گیراوەکان بە خەراپترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت.

پاشان لۆرد رەی لە پیوەندی لەگەڵ پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤی کورد لە ترکیە دوا و ئاماژەی بەو بێزیزیانەی کە بەکورد کراوە و دەکرێت کرد و وتی: ئەو زوڵم و زۆریانە تەنیا لە ترکیە لە کورد ناکرێت بەڵکو لە دەرەوەی تورکیەش لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کورد، بۆ وێنە تەلەفزیون رۆژ کرا.

PDF Compressor Free Version





بەڕێز نەزمی گوڕ ئەندامی پارلمان و هەروەها بەرپرسی پەیوەندییە نێونەتەوەیەکانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی، لەپیوەندی لەگەڵ کێشەکانی کورد وتەیەکی پێشکەش کرد.

یەکێک لە پارێزەرانی مافی مرۆڤ بە ناوی مارگرێت ئۆوێن لە پەیوەندی لەگەڵ پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بەرامبەر بە کوردان دواو و وتی لە ماوەی یەک حەفتەی ڕابردوو دا ٣٤پارێزەر و وەکیل لە لایەن هێزەکانی حکومەتی تورکیەوە گیراون. لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا من لە ترکیە بووم بە چاوی خۆم نادیمۆکراتیک بوونی ئەو وڵاتەم بۆ دەرکەوت، لێرە دا پرسیاری من ئەوەیە بۆ ئێمە دەبێ ئاوا بێدەنگ بین لەبەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی کە لە کورد دەکرێت؟ داوام لە پارلمانتاران و کاربەدەستانی دەوڵەتی بریتانیا ئەوەیە کە هەڵوێستی جیدی بگرن و هیواش دەخوازم کە بەزوویی گۆرانکاری لە سیستەمی دەسەڵات دارییەتی و بەڕێوەبەری ترکیە دا ببینم.

دواین ووتەبێژ بەرێز جێرمی کۆربین بوو کە بەرێزیان لە قسەکانی دا ئاماژەیان بەوەکرد کە ساڵی ٨٣ چومەتە ترکیە و لە دادگایەکدا بەشداریم کرد و ماوەیەک پێش ئێستاش جارێکی دیکە چومەوە ترکیە و لە دادگایەکی دیکەدا بەشدار بووم، جیاوازی نێوان سالی ٨٣ لەگەڵ ئێستا تەنیا چرا و کامپیوتەرەکانی دیوی دادگاکە بوون و جیا لەوە شێوەی هەڵسووکەوتی کاربەدست و پلەدار و ئۆفیسەرەکانی دەوڵەتی لەپیوەندی لەگەڵ گیراوان و زیندانییەکان خەراپتر بووە و چاکتر نەبووە.

پێویستە کاربەدەستانی ئێمە کاتێک میوانداری لە سەرۆک وەزیر و بەرپرسانی حکومەتی تورک دەکەن، تەنیا نەڵێن خۆشحاڵین بە دیدارتان و زۆر بەخێر بێن بۆ بریتانیا بەڵکو پێویستە پێیان بڵێن کە ئێوە دیموکرات نین، زیندانی سیاسیتان هەیە و بێ ڕێزی بەخەڵکەکەتان دەکەن و پێویستە ئەم شێوە سیستم و سیاسەتەتان بگۆرن.

PDF Compressor Free Version





بەشێکی کۆتایی پانێڵەکە تەرخان کرا بوو بۆ پرسیار و وەڵام، کە بەشداران زۆر چالاکانە بەشداریان لە باسەکاندا کرد و چەندین پرسیار و لە پیوەندی لەگەڵ کورد و کێشەکانی و هەروەها ئالوگۆرەکانی ناوچە و داهاتووی کورد ئاڕاستەی دەمیرتاش و هاوڕێیانی کران کە لە لایەن ئەو بەرێزانەوە وڵام درانەوە. کۆبونەوەکە کاتژمێر شەش و نیو تا هەشت و نیوی شەو درێژەی کێشا.

جێگای ئاماژە کە هەیئەتی حیزبمان توانیان چاویان بە میوانانی بەشدار لە پانێلەکەدا بکەوێت و لەگەڵ هەرکام لە بەڕێزان سەلاحەدین دیمیرتاش، نەزمی گوڕ و هەروەها جێرمی کۆربین و مارگەرێت ئۆوێن بەرپرسی رێکخراوی بیوەژنان بۆ ئاشتی لە رێگای دێموکراسی و هەروەها وەکیلی مافی مرۆڤ بکەوێت.

هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا پێک هاتبوون لە بەڕێزان: مەولود سوارە،فەرزاد حیکمەت و دیاکۆ نووری سیا سیاهی.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان- بریتانیا**

PDF Compressor Free Version







PDF Compressor Free Version



# بەڕێوەچوونی چلەی ماتەمینی شەهیدانی بوردومانەکەی شێڕناخ لە بریتانیا

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٥ی فێبریویێری ٢٠١٢کۆمکاری کوردی لەشاری لەندەن لە وڵاتی بریتانیا بۆ رێز گرتن لە٣٤ شەهیدی ناوچەی شەرناخ لە باکوری کوردستان کە بەهۆی بوردومانی فرۆکە شەرکەرەکانی تورکیە شەهید کرا بوون ڕێوڕەسمێکی چلەی ماتەمینی ڕێکخست.

بەرنامەکە بەخولەکێک بێ دەنگی بۆ یادی ئەو پۆلە شەهیدە و گشت شەهیدانی گەلی کورد دەستی پێ کرد. بەدوای ئەو دا لە لایان ریکخراوی کۆمکار ڕاپۆرتێک لە سەر چۆنیەتی ئەم کارەساتە پێشکەش کرا، ئەوە جگە لەوەی کە تیشک خرایە سەر ئەو کار و چالاکیانەی لە نێوخوی تورکیە و لە دەروە بۆ ڕادەست کردنی تاوانباران بۆ بەردەم دادگای نێودەوڵەتی ئەنجامدراون.

دوا بەدوای ئەم باسە لە لایەن کاک فەریدن معروفی بەرپرسی پوەیوەندیە کوردستانیەکانی حیزب لە بریتانیا پەیامی دەفتەری سیاسی پێشکەش کرا.

لەدرێژی ئەم برنامە یەدا بەرێز کاک خسرو نونیەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا پە یامێکی سەرەخۆشی پیشکش کرد . دواتر کاک کەمال ئامێدی بەرپرسی پارتی دێموکراتی کوردستان لە لەندەن پیامی سەرەخوشی پارتی دێموکراتی کوردستانی خویندوە. دواتر پەیامی کۆمەڵی کوردی عەلەوی وهەروەها کومکاری کورد لە ئالمان پییێشکەش کرا. لەهەمو راگەیەندراوەکان بەتوندی ئەم کارەساتە مەحکوم کرا بوون و داوای قەرە بوکردنە وە بۆ بنەماڵەکانیان کرابوو ئەوە جگە لەوەی کە پێ لەسەر ڕادەست کردنی تاوانباران بۆ بەردەم دادگا و لێپرسینەوە لە بڕیار دەرانی ئەو کردەوە دژ بە مرۆڤایەتییە داگیرایەوە.

ئەو ڕێورەسمە پاش نزیکەی ٣ کاتژمێر کۆتایی پێ هات.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بریتانیا**





PDF Compressor Free Version

# بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی حدک لە کۆڕیادی شەهیدانی شرناخ لە شاری لەندەن

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: سە ر لە ئێوارە ی ڕۆژی شەممە ٢٠١٢/٠٢/١١ بە بونی چلەی ماتەمینی شەهیدانی شرناخ لە لایەن مەڵبەندی ررۆشنبیری کورد لە لەندەن، ڕێورەسمێک بۆ کوردانی دانیشتوی ئەو شارە پێکهات. سەرەتا کۆڕە بە خوێندنەوەی شێعر و پەخشان بۆ شەهیدانی کارەساتەکە دەستی پێکرد و دواتریش لە لایەن بەڕێزان هەڤاڵ عاکیف لە باکووری کوردستان و دکتور سەعید شەمس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە باسێکی تێروتەسەلیان لە سەر هۆکار و دەرنجامەکانی هەڵسووکەوتی دوژمنکارانەی ئەرتەشی تورکیا دەرحەق بە خەڵکی سڤیلی روبووسکی پێشکەش کرد. هەردووک بەڕێز شەمش و عاکیف لە وتەکانیان دا ئاماژەیان بە پێویستی هەرچی زیاتری یەکگرتوویی و ڕوونبوونی ستراتیژی هێزە سیاسییەکانی کورد بە نیسبەت پلانی نگریسی دوژمنانی گەلەکەمان کرد. شایانی باسە هاورییان یونس موکری بەرپرسی کۆمیتەی لەندەن و کاک دیاکو نوری بە نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشداری ئەم کۆڕیادە بوون و هاوخەمی و بەپەرۆش بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بە ئامادە بووان ڕاگەیاند.

**کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**



PDF Compressor Free Version



# دژ بە ڕەوتی بەردەوامی ئێعدام لە ئێراندا خۆپیشاندانێک لە لەندەن بەڕێوەچوو

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا ئەمرۆ سێشەممە ١٤ی فێبریوێری بە دەستپێشخەری بزووتنەوەی سەوز و هاوکاری و بەشداری چالاکانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی گەلی بلوچستان، ئاکسیۆنێکی ئیعترازی بۆ مەحکوم کردنی ڕەوتی ئێعدامی نەیاران و بەندکراوانی سیاسی لە ئێراندا، لە پێش باڵوێزخانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێکخرا.

خۆپیشاندانەکە لە کاتژمێری ٣ی پاشنیوەڕۆ دەستی پێ کرد و تێیدا وێڕای ئەندامانی بزووتنەوەی سەوز، کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بەشداریان کرد و بە وتنەوەی دروشم و هەڵگرتنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و چەندین پلاکاردی ئیعترازی،هاوپشتی و هاوکاری خۆیان بۆ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی دووپات کردەوە. خۆپیشاندەران لە دروشمەکانیاندا داوایان لە کۆڕ و کۆمەڵە نیودەوڵەتییە مرۆڤ دۆستەکان و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و وڵاتە بڕیار بە دەستەکانی جیهان کرد، کە بە گوشارخستنە سەر ڕژیمی تاران، پێش بە ڕەوتی هەرەمەکی و جەنایەت کارانەی ئێعدام لە ئێراندا بگرن و ڕێگە نەدەن کاربەدەستانی ئەو حکومەتە دژ تێرۆریست و دژ بە مرۆڤایەتییە ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران بەرنە بەر سێدارەی ئێعدام.

شایانی باسە چالاکیەکە تا کاتژمێر ٥ی پاشنیوەڕۆ درێژەی کێشا وپاشان بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێهات.

**کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**







PDF Compressor Free Version

# بەشداری هەیئەتێکی حدک لە سمینارێکی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٤ی مارس لیژنەی ناوچەی پارتی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا کوڕێکی بۆ بەڕێز بەیان سامی عبدالرەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێک هینا.

ئەو سمینارە لە پۆلیش سەنتەر کاتژمێر ٦پاشنیوەڕۆ لە لایەن بەڕێز خسرو ئاشگەی بە پاراستنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزنان لە ٣٣سالەی کۆچی دوای سەرکردو و ڕێبەری لێهاتوو بارزانی نەمرو هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان و بەخێرهاتنی میوانەکان و حیزب و لایەنە سیاسیەکان دەستی پێکرد. ئینجا هۆکارو بەرنامەی پێک هینانی ئەو کۆبونەوەی





PDF Compressor Free Version





بۆ ئامادە بووان شیکردەوە و پاشان داوای لە خاتوو بەیان کرد کە سەبارەت بە پیوەندیەکانی نێوان حکومەتی هەریمی کوردستان و هەروەها کارو بارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا بدوێن و سمینارەکە بەرێوەبەرن.

پاشان خاتوو بەیان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا لەگەڵ بەخێرهێنانی میوانەکان، سەرەتا بە ناساندنی تیمی هاوکاران و نوێنەرایەتی حکومەتی هەریمی کوردستان لە بەریتانیا و هەروەها ئاماژەیەک بە کاروباری ئەم نوێنەرایەتیە و وەزیفە و ئەرکەکانیان و ئەو کارو چالاکیانەی کە ڕۆژانە دەکرێن، تیشکی خستە سەر هەموو ئەو بەشانەی کە ڕۆژانە سەروکاریان لەگەلیان هەیە و هەروەها کارەکانی بە نۆ بواری جیاواز دا دابەش کرد و ئەهمیەت و گرینگی هەرکام لەبەشەکانی بۆ بەشداران شیکردەوە. بەرێزیان گرینگی ولاتی بریتانیا و بەتایبەت شاری لەندەنی وەک یەکێک لە پایتەختە گرینگەکانی جیهان بۆ کورد و بۆکارکردن لە بوارە جۆراوجۆرکاندا بەتایبەت کاری دیپلۆماسی و بازرگانی پڕبایەخ و گرینگ وەسف کرد.

پاش باسەکانی خاتوو بەیان و بەشی کۆتایی سمینارەکە تەرخان کرابوو بۆ پرسیار و وەڵام دانەوە کە لە لایەن بەشدار بووانەوە چەندین پرسیار ئاراستە بەرێزیان کران کە وەڵام درانەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سمینارەدا بەشداری کرد.

**کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**

PDF Compressor Free Version

# بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی لەندەنی حدک لە کۆنسێرتێکی نەورۆزی گروپێکی خێرخوازی لەو شارە








ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: سەر لە ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٢/٠٢/٥ پۆلێک لە هاورێیانی کومیتەی لەندەنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشداری یەکەمین کونسێرتی نەورۆزی ساڵی ٢٠١٢ بوون کە لە لایەن گرووپی وەهام پرۆژێکت بۆ یارمەتی منداڵانی کورد لە بواری خوێندن و پەروەردە دا لە زانکۆی سۆاس بەڕێوەچوو.

شایانی باسە ڕێوەرەسمەکە کاتژمیر ٦:٣٠ ئێوارە دەستپێکرد و سەرەتا لە لایەن خاتوو ئامینە شاداب خویندکاری زانکۆ کە دامە زرێنەری گرووپەکەیە باسێک لە سەر کار و چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە کرا و دواتر لە لایەن سی گرووپی مۆسیقیەوە گورانی کوردی بە زاراوەکانی کورمانجی و سۆرانی پێشکەش کرا و ئامادەبووانیش پیشوازی و دەستخۆشییان لە هەنگاوەکانی ئەم گرووپە خێرخوازییە کرد و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستن. کۆنسێرتەکە تا ٩ی شەو ئیدامەی هەبوو و بەشی ئاخری ئاهەنگەکە بە تیر و پشک بۆ ئەو کەسانەی یارمەتی مادی ریکخراوەکەیان دابوو لە ریگای کرینی بلیتەوە کۆتایی پیهات.

**کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**





Kurdistan Democratic party's activity in the United Kingdom - 2011 - 2012

PDF Compressor Free Version



# خۆپیشاندان بە بۆنەی
# ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەی ژنان

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕێکەوتی ٨ی مارسی ٢٠١٢ لە مەیدانی ترافالگار سکوێر و لەبەر دەمی موزەخانەی ناشنال گالری لە لەندەن، کاتژمێری ٤ بۆ ٦ی ئێوارە بۆ ڕێزلێنان لە ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان خۆپیشاندانێک بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ژنان و پیاوانی یەکسانی خواز بەڕێوەچوو.

ئەم خۆپیشاندانە کە لە لایەن دەنگی سەوزو و بە هاوکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا ڕێکخرابوو بە دانی درۆشم بۆ پشتیوانی لە مافی ژنان و هەروەها بە وێنەی ژنانی ئیعدامی و زیندانیانی ژن ڕازێندرابووەوە.

جێگای ئاماژەیە کە ئەم شوێنە جێگایەکی سەرەکیە و ڕۆژانە گەشتیارێکی زۆری ناوخۆیی و دەرەوەی بریتانیا ڕوویی تێ دەکەن، هەر بۆیە ئەو خۆپیشاندانی کوردستانیان و ئێرانیە یەکسانی خوازەکان بووە جێی سەرنجی گەشتیاران و بەهەزاران وێنە لە خۆپیشاندەران لە لایەن توریستەکانەوە گیرا، ئەوە جگە لەوەی کە دەهاتن و پرسیاریان لێ دەکردین و بە دەنگ هەڵبرین پشتیوانیان لەم حەرەکەتە دەکرد.

لە کۆتای خۆپیشاندانەکە لە لایەن کاک ئەکبەر کەریمیان بەرپرسی دەنگی سەوز لە بریتانیا شاخە گوڵ بەسەر بەشدارانی خۆپێشاندانەکە دابەش کرا.
جێگەی ئاماژەیە کە هاوڕێیانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا لە خۆپێشاندانە بەشداری چالاکانەیان هەبوو.

**کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**







PDF Compressor Free Version

# ٨ی مارس لە مەلبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن ڕیزی لێ گیرا

بەهاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان، پارتی یەکیەتی کوردستان (سوریە) و مەلبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن و لە سالۆنی مەڵبەندی رۆژشنبیری کورد لە لەندەن ئەم ڕیورەسمە بەرێوە چوو.

کاتژمێری ٣ی پاش نیوەرۆی رێکەوتی ١٠ی مارسی ٢٠١٢ لە مەلبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن بەرنامەکە لە لایەن پێش کەش کەری بەرنامە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕیزلێنان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان راگەیندراو و پاش بەخێرهاتنی میوانەکان و خوێندنەوەی نێوی لایەنە دەستپێشخەرەکان بۆ بەرێوەبردنی ئەم بەرنامە راگەیاندراو بەرنامەکە بە پەیامی پەیامی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و پاشان پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان دوابەدوای ئەوە پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن کاک فەریدون معروفی بەرپرسی پیوەندیە کوردستانیەکان لە بریتانیا پێش کەش کراو و لە پاشان پەیامی یەکیەتی ژنانی سوریە و دواین پەیام پەیامی مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن پێش کەش کرا.

دوا بە دوای پەیامەکان بە خۆێندنەوەی چەند شیعر و پەخشان لە لایەن بەشدار بوانەوە بەرنامەکە رازاوەتر کراو.

بەشی کۆتای بەرنامەکە بە شای و هەلپەرکێ تا درەنگانێکی ئێوارە بەرنامەکە درێژەی کێشا.

بە خواردن و خواردنەوە پەزیرای لە بەشداربوان کرا.

هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا بەشداری ئەو رۆژە پیرۆزە بوون.

**کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بریتانیا**






# نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەرکێکی مێژوویی

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: بەدەست پێشخەری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پشتیوانی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی پارلمان و لۆردەکانی بریتانیا سمینارێکی گەورە لەسەر پرسی کیمیا بارانی هەڵەبجەو ئەنفالی کورد پێکهات. لەو سمینارەدا ژمارەیەک لە پسپۆران،نوسەران،خوێندکاران و بەرپرسی حیزب و لایەنەسیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، هەروەها رەوەندی کورد لە بەریتانیا بەشدار بوون. ئەم سمینارە ئێوارەی رۆژی ١٢ی مارسی ٢٠١٢ کاتژمێری ٧ونیو بۆ ٩و نیوی شەو لە یەکێک لە تالارەکانی پارلمانی بریتانیا بەرێوە چوو.

یەکێک لەو پرسانەی کە لەو سمینارە گرینگی پێدرا، پرۆسەی کۆکردنەوەی واژۆی ئەلیکترۆنی بوو، کە لە یەکێک لە ماڵپەڕەکانی حکومەتی بەریتانیا بەڕێوەدەچێت، ئەم پرۆسەیە بۆ ئەوەیە کە بتوانێ پرسی بە جینۆساید ناساندی پرسی کورد لە پەرلەمانی بەریتانیا بێتە بەر باس و ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە سەد هەزار واژوو هەیە کە لە پارلەماندا گفتوگۆی لەسەر بکرێت. ئەم پرۆسەیەوە لەلایەن گرووپی راوێژکاری جینۆسایدی کورد و بە هاوئاهەنگی لە نێوان نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرێوە دەچێ. لە داواکارەیەکەی ئەم پرۆسەیە دا هاتووە کە:

«داوا لە بەریتانیا دەکەین وەک سەنتەری ئازادی و دیموکراسی کە جینۆسایدی گەلی کورد بە فەرمی بناسێنێت و هانی یەکێتی ئەورووپا و









PDF Compressor Free Version









نەتەوە یەکگرتووەکان بدات بۆ ئەوەی وەک بەریتانیا بە هەمان کار هەڵبستن».

بەشدار بوانی پانێلەکە بریتی بوون لە بەڕێزان: نەدیم زەهاوی ئەندامی پارلمانی بریتانیا، مەک مێن ئەندامی پارلمانی بریتانیا، ئانکلود ئەندامی پارلمانی بریتانیا،گاری کێنت راوێژکار لە پارلمانی بریتانیا،رۆبێرت هالفون ئەندامی پارلمانی بریتانیا، خاتو بەیان سامی عبدالرەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ریچارد بیستیون ویرایشگری بەشی کاروباری دەرەوەی رۆژنامەی تایمز،گوین رۆبێرت مودیری کۆمپانیای وێکهام فیلم،لۆرد ئارچێر،لۆرد کلیمنت جۆن هەروەها بەشێکی بەرچاوتر لە میوانانی ئینگلیس.

جیا لەم بەرێزانە هەرکام لە بەڕێزان: تۆم هاردی ئەفسەری پێشووی سوپای بەریتانیا کە یارمەتیەکی بەرچاوی لە دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین پێشکەش کرد لە ساڵی ١٩٩١، هیوگۆ چارڵتن پارێزەر لە بواری مافی مرۆڤ، دکتۆر گریگۆری کێنت لە زانکۆی ڕۆیهامتن و لاوین ئەتروشی کە لەبواری تەندروستیەوە کاردەکات پەیامی پشتگیری خۆیان بۆ ئەم هەڵمەتە دووپات کردەوە.

سەرەتا لە لایەن رۆبێرت هالفون بەخێرهاتنی بەشدار بووان کراو و کورتەیەکی لە پانێل و کارەساتی کیمیا بارانی هەلەبجە و ئەنفالی کورد پیشکەش کرد و دوایی هەرکام لەم بەڕێزانە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەتایبەت کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجەو ئەنفال و هەروەها سەفەر و سەردانەکانیان بۆ کوردستان و گێرانەوەی بە کۆمەڵکوژی وقوربانیانی هەڵەبجەیان کرد و بەجۆرێک کە لەو وتەکانیاندا دا برینەکان و دردو مەینەتیەکانی کوردیان وەک فیلمێک دەهیناوە پێش شاشەی تەماشای بەشداربووان.

خاتوو بەیان سامی عبدالرەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبریتانیا

قەدردانی و خۆشحاڵی خۆی لە بەشدار بووان دەربڕیّ و لە بەشێک لەووتەکانیان دا ووتیان کە ئەمرۆ پێویستە هەموو دەنگەکان بکرێن بەیەک بۆ پشتیوانی و بە نیونەتەوەی کردنی هەڵەبجە و ئەنفال و تێبکۆشین کە ١٠٠ هەزار ئیمزا لە ماوەی یەکسال لە هەموو لایەنەکان،دۆستان دڵسۆزانی کورد و غەیرە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە مێژوویە بە ئەنجام بگەیەنین.

هەروەها لەبەشێکی تر لەوتەکانی دا ووتی: « کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کە بووە بە نازناوی جینۆسایدی کورد کارێکی دڕندانە بوو کە لە دژی گەلەکەمان ئەنجامدرا. ئەم کارەساتە بەشێک بوو لە جینۆسایدکرنی گەلێک کە چەندین کاری نامرۆییانەی تری لە خۆووە گرتووە، لە نێوانیشیاندا ڕاگواستنی کوردە فەیلیەکان، بە عەرەبکردنی شاری کەرکوک، بێ سەر و شوێنکردنی بارزانیەکان و هەڵمەتی ئەنفال.»

لۆرد ئارچێر « لە ووتارێکی بەجۆشدا باسی لە یەکەمین سەردانی خۆی کرد بۆ هەڵەبجە کە ئەو کات هەروەک خۆی وەسفی کرد بە (شارێکی ترسناک) ناوبراو ووتی کە یەکێک لە خۆشترین چرکەکانی ژیانیدا ئەو کات بوو کاتێک سەددامی لە قەفەسی دادگا بینی. هەروەها ووتی: « با بەیەکەوە ئەو سەد هەزار واژووە کۆبکەینەوە تا جیهان بە هیچ شێوەیەک شەڕانگێزی ئەو تاوانبارانە لەبیر نەکات کە بەو تاوانە هەڵسان دژی گەلی کورد.»

هەر لە درێژەی کۆبوونەوەکە گوین ڕۆبێرت بەڕێوەبەری پڕۆژەی یادەوەری کوردی کورتە فیلمێکی پێشکەش کرد کە تیایدا چەندین ناوچەی جیاجیای کوردستانی لە خۆوە گرتبوو کە کەوتە ژێر هێرشی گازی کیمیاوی و فیلمەکە لەگەڵ خەڵکی دڵ ئیشاو بریندارو نەخۆشی پاشماوەی ئەم کارەساتە هەلگیرابووە کە بینەرانی بۆ ساتێک دڵگران و نارەحەت کرد.







PDF Compressor Free Version



پاشان بەڕێز هێمن هەورامی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پارتی و خاتوو شاناز ابراهیم احمد بەرپرسی نووسینگەی بەریتانیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕێزو پێزانین و پشتیوانی تەواوی پارتی و یەکیەتیان بۆ ئەم هەنگاوە و ڕێکخەرانی ئەم هەنگاوە دەربڕی و لە بەر کاتی کەم تەنیا ئاماژەیەکی کورتیان بە ڕووداوەکە کردو و داویان لە هەموو بەشداران کرد کە چالاکانە بۆ ئەم هەنگاوە پیرۆزە کۆشا بن و بۆ بەنەتەوەیی ناساندنی ئەم ڕۆژە ئەوەی لەدەستیان دێت دریغی و کوتایی نەکەن و سوپاسی و پێزانینی خۆیان لە هەموو بەشدار بووان و حیزب و لایەن سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان کرد.

جێگای ئاماژەیە لەبەرنەبوونی کات حیزبەکان نەیان توانی پەیامەکانیان پێش کەش بکەن و هەر بە نێو بردنی هەرچوار پارچەی کوردستان پشتیوانی خۆیان دەربری.

ئەم پەیامانەش بەم سمینارە گەیشتبوون:

ئەو نامە و پەیامانە لە لایەن لۆرد دوبس، باڕۆنێس میچەر، لۆرد هاریس، پەرلەمانتاران پۆڵ بلومفیلد، ئییەن مێرنس، مایکڵ گەیپس و فابیان هامیلتن پێشکەش کرابوون. هەروەها هەردوو بەیاننامەی دەزگای قوربانیانی هەڵەبجە و قائیمقامی هەڵەبجە خوێندرایەوە.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پەیامی پشتیوانی و پشگیری لەم ئەرکە مێژوویە بەشداری چالاکانەیان کرد و بۆ ئەم مەبەستە پەیامی پشتیوانیان دایە دەستی ئەندامانی پارلمان و لۆردەکانی بەشدار لەم سمینارە و هەروەها بەشداربووان.

لە دەرفەتی کۆتایی سمینارەکە نوێنەری حیزب لە بریتانیا توانی چاوی بە بەڕیز هێمن هەورامی نوێنەری پەیوەندیە نێو نەتەوەیەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان و هەروەها بەشێکی بەرچاو لە پارلمانتاران بکەوێت و قەدردانی و سوپاسیان لێ بکات بۆ ئەم هەنگاوە پیرۆزە.

هەئیەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی بەرێز مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا و کاک کامەران باڵنور نوێنەری حیزب لە واشنگتن و بەرێزان کاک یونس موکری بەرپرسی کۆمیتەی لەندەن، کاک فەریدون معروفی نوێنەری حیزب بۆ کاروباری حیزبە کوردستانیەکان، و کاک عبدالله ئەمینی بەشداری ئەم سمینارە بوون.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا

واژووکردنە ئەلەکترۆنیەکە ئەم داوایە لە حکومەتی بەریتانیا دەکات.

داوا لە حکومەتی بەریتانیا دەکەین کارەساتی

PDF Compressor Free Version





جینۆسایدی گەلی کورد بە شێوەیەکی فەرمی بناسێنێت و هانی یەکێتی ئەوروپا و نەتەوەیە گکرتووەکان بدات بۆ ئەوەی هەمان هەنگاو بهاوێن. ئەو هەنگاوەی حکومەتی بەریتانیا وا لە خەڵکی کوردستانی عیراق دەکات کە هەست بە دادپەروەری بکەن بەرامبەر ئەو کارەساتانەی کە بەسەریان هاتووە و ئەو هەموو زەرەر و زیانەی کە پێیان گەیشتووە. لە هەمان کاتیشدا دەرفەت دەبێت بۆ بەریتانیا وەک وولاتێک کە سەنتەری ئازادی و دیموکراسیەتە لە جیهان بۆ ئەوەی پەیامی پشتگیری خۆی لە یاساکانی نیودەوڵەتی و مافی مرۆڤ دووپات بکاتەوە. کارەساتی جینۆساید کە لە لایەن کوردەوە بە (ئەنفال) ناسراوە دەیەها ساڵ دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامدراوە، پرۆسەیەک بوو کە بە بەعەرەبکردنی گوند و دێهاتەکانی کەرکوک لە ساڵی ١٩٦٣ دەستی پێکرد. دواتر ڕاگواستن و بێسەر و شوێنکردنی کوردە فەیلیەکان لە هەفتاکان و هەشتاکان، کوشتنی ٨٠٠٠ پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی گەلەکەمان لە کۆتاییەکانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ (هەڵەبجە دیارترین نموونەی ئەم کارە نا مرۆییەیە) و دواتریش تاوانی ئەنفال لە ١٩٨٧-١٩٨٨.

سەدەها هەزار پیاو، ئافرەت و منداڵی کورد بەدەستی ڕژێمی بەعس لەناو بردران، تێکدانی ٤٥٠٠ گوند لە نێوان ١٩٧٦-١٩٨٨. لە ناوبردنی سەرچاوە دەوڵەمەندەکەی کشتوکاڵی کوردستان.

بۆ بەشداریکردن لە پرۆسە و هەڵمەتی واژوو کۆکردنەوە تکایە سەردانی ئەو ماڵپەڕە بکەن. سوپاسی پشتگیریتان دەکەین
بۆ واژوو کردن کرتە لێرە بکە

## KRG UK Representation and parliamentarians mark Halabja anniversary and launch e-petition on recognition of Kurdish genocide

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا و پەرلەمانتارانی ئەو وولاتە یادەوەری ساڵیادی هەڵەبجە دەگێڕن و پرۆسەی واژوو کۆکردنەوەی ئەلەکترۆنی دەست پێدەکەن

PDF Compressor Free Version





PDF Compressor Free Version



# کۆبونەوەیەک بە بۆنەی ۲۴ ساڵەی کارەساتی هەڵەبجە

ناوەندی هەواڵ-بریتانیا: بە دەست پێشخەری کۆمڵگای کوردی لەندەن کاتژمێر ی٦ ئێوارەی ١٦/٠٣/٢٠١٢ لە ٢٤ ساڵەی شیمیابارانی شاری هەڵەبجە دا یادەوەرییەک بە دانانی گوڵ و هەڵکردنی مۆم بۆ قوربانییانی ئەو کارەساتە دەستی پێکرد. مەراسیمە لە گۆڕەپانی ترافگلارد سکوێرلە لەندەن بەڕێوە چوو، ڕێوەڕەسمەکە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی شە هیدانی هەڵەبجە دەستپێکرد و دواتر لە لایە ن کاک ئاسۆ یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی کورد وتەیەک پێشکەش کرا و هەروەها دوو کەس لە شاهیدحاڵانی ئەو ڕووداوە قسەیان بۆ ئامادە بووان کرد. هاورییان خالەق خورشیدی و یونس موکری لە کومیتەی لەندەنی حیزب بەشدار بوون و لە لایەن هاوریێ یونس موکری،یەوە وتەیەک سەبارەت بەو کارەساتە پێشکەش بە ئامادە بووان کرا. مەراسیمەکە کاتژمێر ٨ی کۆتایی پێهات.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بریتانیا**







PDF Compressor Free Version

# کنفرانسێک بۆ تاوتوێ کردنی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زانکۆی سواسی لەندەن

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕێکەوتی ١٦ی مارسی ٢٠١٢ کاتژمێری ٧ی ئێوارە بۆ ١٠ی شەو کۆبونەوەیەک لە لایەن خوێندکارانی زانکۆی سواس بۆ بەڕێز کاک هێمن هەورامی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوە بەڕێوە چوو.

بەرێزیان سەرەتا باسێکی تێرو تەسەلی لەسەر حکومەتی هەریمی کوردستان لە دەرەوەو ژورەوەی کوردستان کرد، تەوەرێکی تری باسەکە هەڵوێستی پارتی دێموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپیوەندی لەگەڵ برایانمان لە کوردستان – سوریە و هەلوێستی بوێرانەی حکومەتی هەرێم کرا.

کێشەی کورد و گیروگرفتەکانی کورد لە تورکیا و هاتنە نێو بازنەی ئەو کێشەو نەخش و ڕۆڵی جەنابی سەرۆک بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرز نرخێندرا.

هێرشی تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر سنورەکان تەوەرێکی تری باسەکان و هەروەها دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ ئەو کێشانە.

بەشداری ئۆپوزیسیون لە پێکهێنانی حکومەت پاراستنی دەسکەوتەکان کۆتایی باسەکان بوون.

بەشێکی دیکەی کۆبونەوەکە تەرخان کرا بۆ بەشداربووان بۆ پرسیار و وەڵام کە لەلایەن بەڕێزیانەوە وەڵام درانەوە.

بەشێکی بەرچاو لە خوێندکارانی زانکۆ و دۆست و لایەنگرانی کورد لە لەندەن و هەروەها نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان خاتوو بەیان سامی عبدالرەحمان لە بریتانیا بەشداری کۆبوەنەوەکە بوون.

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە بەڕێزان کاک فەریدون معروفی و کاک عبدالله ئەمنی بەشداری کۆبونەوەکە بوون.





PDF Compressor Free Version



# سمینارێکی بەرینی تەشکیلاتی بۆ کومیتەکانی دەرەوەی وڵاتی حدک لە وڵاتی فینلاند بەڕێوە چوو



ڕۆژی شەممە ١٧ مارسی ٢٠١٢ زایینی ، کۆبوونەوەیەکی بەرین لە لایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات، بۆ بەرپرس و ئەندامانی کومیتەکانی دەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئوروپا و ئەمریکا و کانادا و ئوسترالیا و نیوزلەند بە شێوەی حزوری و هەم بەشێکیشیان لە ڕیگەی ئینتێرنێتەوە لە شاری تورکوی وڵاتی فینلاند پێک هات. کۆمیتەیەی دەرەوەی وڵات لەبەر گرینگی ئەم کۆبوونەوەیە داوای لە بەریز کاک خالید عەزیزی سکرتیری حیزب کردبوو کە بەشداری کۆبوونەوەکە بێ.

کۆبوونەوەکە کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی بە خولەکێک ڕاوەستان و بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و بە تایبەت شەهیدانی کۆمەلکوژییەکەی هەڵەبجە دەستی پێ کرد. پاشان بەڕێز سەعید بیگزادە وتەیەکی کورتی سەبارەت بە مەبەست و ئامانجەکانی ئەو کۆبوونەوەیە پێشکەش کرد. بەڕیزیان باسیان لەوە کرد کە ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتییە بۆ هەموو بەرپرسان و نوێنەران و کادرەکانی حدک لە دەرەوی وڵات بە مەبەستی هەرچی زیاتر بەشداری دانی بەرپرسانی حیزب لە چارەنوسی سیاسی حیزبەکەیان پێک هاتوە و هەروەها بۆ باس وخواس لەسەر کارو چالاکییە حیزبییەکان و هەوڵدان بۆ بەشداری کردنی چرو پری ئەندامانی کۆبوونەوەکە بۆ باشتر و هەماهەنگی زیاتری کاری و چالاکیەکان و بەرێوەچوونی کارە حیزبییەکان لە دەرەوەی وڵات و چۆنیەتی کار کردنمان لە داهاتوو دایە. پاشان لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا هاوریٰ کاک خالید عەزیزی سکرتیری گشتی حدک باسێکی پێشکەش کرد. سەرەتا کاک خالید بە یادێک لە هەڵەبجەو ڕێزگرتن لە قوربانییەکانی خەڵکی کوردستان و هەروەها پیرۆزبایی بە بۆنەوەی ساڵی نوێی کوردییەوە هیوای خواست کە چالاکییەکانمان لە ساڵی نویدا بەرینترو بەربلاوتر بێ.

کاک خالید ئاماژەی بەوەدا کە بەهوی ئەو مەوقعیەتیەی حیزب هەیەتی توانیویەتی کە دەورو ڕۆڵی کاریگەری هەبێت لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکاندا. بەرێزیان باسی لەوە کرد کە سنووری کاری حیزبی ئێمە زۆر بەرفراوانە و دەبێ هەوڵ بدەین کە لە گشت ئامرازەکان

PDF Compressor Free Version

بۆ بەرەوپێش بردنی کارەکان کەڵکی پێویست وەرگرین.

کاک خالید لە بەشیکی دیکەی وتەکانی دا کۆمەڵێک بابەت و تەوەری هێنایە بەرباس کە بەشێکیان بریتی بوون لە کارو چالاکییەکانی کومیتەکانی حیزبی و وێڕای بەرز نرخاندو دەستخۆشی پی کوتن بە بەڕێوەبەران و ئەندامانی کومیتەکانی حیزب لە دەرەوە بە تایبەتی و هەموو ئەندام و لایانگرانی حیزب لە دەرەوەی بە گشتی، هیوای خواست کە هەمووان پێکەوە هەوڵی چالاکتر کردنی بەدەنەی حیزب بدەین و میکانیزمێکی باش بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان بدۆزینەوە.

پاشان هاوڕێ مستەفا شەڵماشی بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حدک، باسێکی سەبارەت بە کاروچالاکییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی کومیتە و ئۆرگانە حیزبیەکان لە دەرەوەی وڵات پێشکەشی بەشداران کرد.

بەڕیزیان بە ئاوڕدانەیەک لە کاروچالاکیەکان لە چەند ساڵی ڕابردوو دا، سپاسی هەموو کومیتەکانی دەرەوەی وڵاتی کرد کە بە پیر هەموو بانگەواز و داواکارییەکانی حیزبەوە هاتوون و داوای کرد کە لە داهاتووش دا هەروا چالاکانە کار و ئەرکە حیزبیەکان ڕاپەڕێنن.

پاشان باسێکی تێروتەسەل سەبارەت بە ئۆرگان و کومیتە حیزبیەکان لە لایەن بەرپرسانی ئەو بەشانە پێشکەش کران. بەرپرسان خالە لاواز و گرفتەکانیان دەست نیشان کردن و داوای راو بۆ چوونونی هاورێیانیان کردو هاوڕێیانیش زۆر چالاکانە لە باس و خواسەکان دا بەشداریان کرد و ڕاوبۆچوونەکانی خۆیان لەسەر ڕاپۆرتی ئەو بەشانە دەربڕی.

بەشەکانی ڕاگەیاندن، پەیوەندی‌یە خاریجی‌یەکان، ئێرانی و کوردستانی‌یەکان، ژنان و لاوان و بەشی دارایی و تەشکیلات، تەوەری سەرەکی کۆبوونەکانی پێک دەهێنا،





PDF Compressor Free Version







که هەموو بەشداران بە شێوەیەکی زۆر کراوە و زۆر چالاکانە ڕاوبۆچوونی خۆیان هێنایە بەرباس و پێشنیارەکانی خۆیان سەبارەت بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی کارەکان لە داهاتوو دا خستەڕوو. بەرپرسانی حیزبی لە هەموو تەوەرەو بابەتەکاندا بۆچوون و بەرچاو رونییاندا بە کۆمیتەی بەریوەبەری حیزب لە دەرەوەی وڵات. لەلایەکی دیکەش هاوڕێیان زۆر چالاکانە لە باسە سیاسیەکاندا راو نەزەری خۆیان لەگەڵ سکرتیر و بەرپرسانی دیکە هێنایە گۆڕێ کە بۆ داهاتووی حیزب و جووڵانەوەکەمان سودمەند دەبن و داواکرا کە ئەم چەشنە کۆبوونەوانە ساڵانە بە پێی ئیمکان پێک بێن.

ئەو کۆبوونەوەیە پاش زیاتر لە ١٧ کاتژمێر کاری بەردەوام، سەعات ٢ی پاش نیوەشەو کۆتایی بە کارەکانی هێنا و هاوڕێیان بەرەو وڵات و جێگەی کاری خۆیان گەڕانەوە.

**بەشی ڕاگەیاندنی دەرەوەی وڵات**

PDF Compressor Free Version

# خۆپیشاندانی کورستانیان و ئێرانییەکانی دانیشتووی بریتانیا لە ساڵڕۆژی ڕێفڕاندۆمی ڕژیمی ئیسلامی ئێران







ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: رۆژی شه ممه ریکه وتی ٢٠١٢/٠٣/٣١ به بونه ی ١٢ خاکه لێوه ساڵڕوژی ڕێفڕاندۆمی جمهوری ئیسلامی خوپیشاندانێک لە بەردەم بینای بالوێزخانەی داخراوی کوماری ئیسلامی ئێران لە لەندەن پیکهات. لەو خۆپیشاندانە دا بزووتنەوەی سەوز و لایەنەکانی ئوپوزسیونی کوردی ڕوژهە لاتی کوردستان و هەروە ها چالاکانی سەربەخو بەشدار بوون. شایانی باسە بەشیک لە ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لە لەندەن وه ک هه میشه بو پشتیوانی له خەباتی ئازادیخوازانەی بزووتنەوەی سەرانسەری و خەباتی ڕەوا و ئاشتیخوازانەی گەلی کورد و بۆ ڕاکیشانی سەرنجی هەرچی زیاتری بیرورای گشتی لە بەرامبەر پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کوماری ئیسلامیدا بەشداری ئەم ناڕەزایەتیە بوون.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بریتانیا**



PDF Compressor Free Version



# مەلبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندن یادی کارەساتی هەلبجەی بەرز نرخاند

مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن ریکەوتی ١٨ی مارسی ٢٠١٢ بۆ ریز گرتن لە یادی کارەساتەکەی هەلبجەی شەهید رێ و ڕەسمێکی بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوی لەندەن پێک هێنا.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی هەلبجەی نەمر دەستییپێکرد.

پاشان بەشدار بوان هەر کام مۆمێکیان بۆ رێز گرتن لەقوربانیان ئەم کارەساتە داگیرساند، پاشان مەلبەندی رۆشنبیری کورد بەم بۆنەوە پیش کەش کرا، دوای بەدوای پەیامی مەلبەند پەیامی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لە لایەن خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد پێش کەش کرا،پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا لەلایەن بەرێز کاک فەریدون معروفی بەرپرسی حیزبە کوردستانیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا خوێندرایەوە.

لەم بەشەی بەرنامەدا فیلمێکی دۆکیمەنتی لەسەر هەلبجە نیشان درا
پەیامی کۆمیتەی پێشمەرگە دێرینەکان
پەیامی خەڵکی هەلبجە
پەیامی ئەنجومەنی کوردستانی کەرکوک
فیلمێک لەسەر ئەنفال نیشان درا.

بەرنامەکە ٧ی ئێوارە تا ٩ی شەو درێژەی کێشا.

**کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**



PDF Compressor Free Version

# ئێوارەخوانێک بۆ ٦ ساڵەی ڕۆژنامەی کوردی- تورکی، تلگراف لە پارلمانی بریتانیا

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ئێوارەی ١٧ ئاپریلی ٢٠١٢ بەرێوەبەرانی رۆژنامەی تلگراف کە رۆژنامەیەکی کوردی- ترکیە و هەفتانە لە بریتانیا دەردەچێت، ئێوارە خوانێکیان بە بۆنەی شەسەمین ساڵەی دامەزراندنییەوە لە پارلمانی بریتانیا رێکخست.

ئەو ئێوارە خوانە کاتژمێرشەش و نیو بۆ نۆی شەو لە یەکێک لە سالۆنەکانی پارلمان و بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی پارلمانی بریتانیا و هەروەها میوانانی بیانی و دەیان کەسایەتی ناسراوی کورد بەرێوەچوو.

لەم کۆبونەوە کولتورییە دا سەرەتا بە میوانداری بە خواردن و خواردنەوە پەزیرای لە میوانەکان کراو، و پاشان هەریەکە لە بەرێزان:

ستێفن تۆینگ وەزیری خوێندن لە بریتانیا « وەزیری سیبەر» ، خاتوو بەیان سامی عەبدولرەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرێز نەدیم زەهاوی، ئەندامی پارلەمانی بریتانیا وێرای پیرۆزبایی، هەنگاوەکانی ئەو حەفتەنامەیان بە گرین وەسف




کرد، بە تایبەت کە بابەت و نووسینەکانی بە هەردووک زمانی کوردی و تورکین و توانیویەتی خوێنەری زۆر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. پاشان بەرێزان بەیان سامی عەبدولرەحمان و نەدیم زەهاوی باسیان لەو پرۆسەی واژوو کۆکردنەوەیە کرد کە بەمەبەستی بە جینۆساید ناساندنی هەڵەبجە کرد و داوایان لە بەشداران کرد کە پشتگیری ئەو هەنگاوەیان بن.

هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی هاورێ مەولوود سوارە و هاورێیەتی بەرێزان عەبدوڵا ئەمینی، فەرەیدوون مەعروفی و دیاکۆ سیاهی لە سەر داوای فەرمی رێکخەرانی ئێوارە خوانەکە بەشدارییان کرد و لە نزیکەوە لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی پارلەمانی بریتانیا و دۆستانی کورد و کەسیاتەییە بەشداربووەکان چاوپیکەوتنیان کرد.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**



PDF Compressor Free Version



# کۆسێرتێک بۆ دەست بەکاربوونی ئورمیە تیڤی لە بریتانیا ساز کرا




ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: بە بۆنەی دەستبەکار بوونی ئورمیە تی ڤی، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٥/٢٦، کاتژمێر ٦ی ئێوارە بەرنامەیەکی ڕازاوە بە ئامادە بوونی بەڕێوەبەرانی ئەو تەلەفزیۆنە و کۆمەڵێکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی لەندەن ڕێکخرا. سەرەتای بەرنامەکە بە ووتەکانی یەکێک لە هەڵسوڕێنەرانی ئەو کاناڵە دەستی پێکرد کە سەبارەت بە مێژوو و دیموگرافیای شاری ورمێ وەک یەکێک لە ناوچە هەستیارەکانی کوردستان و هەروەها سەبارەت بەوەی کە ئورمیە وەک نمونەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نەتەوەکانی کورد، ئازەری، ئاسۆری و ئەرمەنی کرد و بە پێویستی زانی کە گشت لایەک بە وردبینی و دڵێکی فراوانەوە ئاوردانەوەی هەموو لایەنەیان هەبێت لەو شارە بیر لە گرینگی ئەو شارە وەک شارێکی کوردستانی بکەنەوە.

بەشێکی بەرچاو لە حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بۆ ئەم شەو ئاهەنگە بانگێشتن کرابوون و کە هاوڕێیانمان لە کۆمیتەی لەندەنی حیزبی دێموکرات بەشداری چالاکانەیان کردو لە لایەن کاک عەبدوڵا ئەمینی بە پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامی حیزب و لایەنەکانی پارچەکانی تری کوردستان پێشکەشی بەشدار بووان کران. لەو پەیامی حیزبی دیموکرات داهیوای سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونیان بۆ ئورمیە تیفی خواستبوو و داوایان کردبوو کە ئەو تەلەفزیۆنە ببێتە دەنگ و ڕەنگی نەتەوەکانی دانیشتوی ئەم شارەی کوردستان و هەرچی زیاتر هەوڵ بدرێت بۆ ناساندنی ئەو ناوچەیەی کوردستان کە هەموو کاتێک لە لایەن داگیر کەرانەوە هەوڵی ئاسمیلەناسیۆنی دراوە.

ئاهەنگەکە بە بەشداری هونەرمەندان ،شیلان، جانی، جەواد مەروانی هەروەها گۆرانیبێژی دەنگ خۆشی ڕۆژهەڵات ژاڵە بە شایی و هەلپەرکێ تا کاتژمێری یازدەی شەو درێژەی کیشا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بریتانیا**

PDF Compressor Free Version

# پێکهێنانی سیمینارێکی سیاسی بۆ

# بەڕێز کاک مستەفا شڵماشی لە شاری بیرمینگهام لە بریتانیا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٥/٢٧ لە شاری بیرمینگهام لە بریتانیا ، کۆمیتەی بریتانیای حیزبی دێموکراتی کوردستان سیمینارێکی سیاسی بۆ بەڕێز کاک مستەفا شڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی یەکەمی حیزب لە دەرەوەی وڵات پێکهێنا. سیمینارەکە بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە بریتانیا و بە خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێکرد. لە سەرەتای کۆبونەوەکە کاک فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کۆمیتەی بریتانیا لە لایەن کۆمیتەی بریتانیای حیزبەوە بەخێرهاتنی بەڕێز کاک مستەفا وە ئەندامانی بەشداری ئەو سیمینارەی کرد. لە پاشان هاوڕێ ڕزگار قادرزادە بەڕێوەبەری سیمینارەکە بەرنامەی کاری سیمینارەکە و تەوەری باسەکانی بۆ ئەندامانی بەشداربوو ڕوون کردوە.

لە بەشی یەکەمی سیمینارەکەدا ڕێزدار شڵماشی، باسێکی سیاسی لە سەر ئاڵوگۆر و پێشهاتە سیاسیەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەکە دا پێشکەش کرد و بە تایبەتی تیشکی خستە سەر ئەو قەیرانە ئابوریەی کە وڵاتانی زلهێزی گرتۆتەوە و کاریگەری ئەو قەیرانە لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئە وڵاتانە و کاردانەوەیان لە بەرامبەر گۆڕانکاریەکانی ئەو دواییەی وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناڤین و هەروەها ئێران و بەتایبەتی بەرنامە ناوەکیەکەی دایە بەر شرۆڤە. بەڕێز شەڵماشی لە درێژەی وتەکانیدا ڕوونی کردەوە کە قەیرانی ئابوری نێودەڵەتی کاریگەریەکی زۆری هەبووە لە سەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی زلهێز لە بەرامبەر وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و هەروەها سیاسەتی نێوخۆی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە بەرامبەر مەسەلەی کورد و ئەو کێشە ئابوریانەی کە بە هۆی سیاسەتی دیکتاتۆری و چارەسەر نەکردنی کێشەی کوردەوە بۆیان هاتۆتە پێش، بە تایبەتی وڵاتی ئێران کە بە قەیرانێکی سیاسی نێوەخۆیدا تێدەپەڕێ و بەرنامە ناوەکیەکەی و سیاسەتی دەرەوەی کەوتۆتە ژێر زەرەبینی

PDF Compressor Free Version





ولاّتانی زلهێزەوە. لە درێژەی وتەکانیدا کاک مستەفا ئەو گۆڕانکاریانەی بە دەرفەتێکی زێڕین بۆ گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان نرخاند بەو شەرتەی کە گەلی کورد لەو شێوە کلاسیکیەی سیاسەت کردن خۆی ڕزگار بکات و بە ستراتیژیەکی نوێ و سەردەمیانەوە بێتە نێو کایە سیاسیەکانەوە و کێشەی خۆی لە ئاستێکی بالاّتردا، چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پەرە پێبدات. لە کۆتای وتەکانی و لە بەشەی یەکەمی سیمینارەکە دا بەڕێز شلّماشی ئەزموونی هەرێمی کوردستانی بە هەموو کەم و کوڕیەکانیەوە بەرز نرخاند و پاراستنی ئە ئەزمونەی بە ئەرکی هەر کوردیکی دلّسۆز زانی.

لە بەشی دووەمی سیمینارەکەدا کاک مستەفا



PDF Compressor Free Version

باسێکی گشتی لە سەر تەشکیلاتی نێوخۆی حیزبی دێموکڕات لە دوای لەت بونەوە و هەر دوو کۆنگرەی ١٤ و ١٥ و دەستکەوەت و کەموکوڕییەکان لەو ماوەیەدا پێشکەش کرد. لە کۆتایی دا هاوڕێیانی بەشدار چەندین پرسیار، ڕەخنە و پێشنیاریان هێنایە گۆڕێ و کاک مستەفا بە دڵێکی ئاوالاوە و بەپێی توانا وەڵام هەموو ئەندامانی دایەوە.

لەدوای بەشی کۆتایی سمینارەکە بەڕێز مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا باسێکی لەسەر دروست کردنی لۆحەی ڕێزلێنان لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵاتەوە کرد کە بەمەبەستی ڕێزگرتن لە خەبات و ماندوو بوونی ئەو ئەو تێکۆشەرانەی کە ماوەی چارەگە سەدەیەک لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەندام بوون و تێکۆشانیان بووە کرد. هاوکات داوا لە بەڕێز کاک مستەفا شەلماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی ح.د.ک کرد کە لۆحەکان پێشکەشی ئەو هاوڕێیان بکات.

لۆحەی ڕێزلێنان لە لایەن کاک مستەفا شەلماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی حیزب لەدەرەوەی وڵات پێش کەشی ئەم هاوڕێیانە کرا بەم هاوڕێیانەی خوارەوە:

**کاک هاشم کەریمی**
**کاک مەولود سوارە**
**کاک عەلی شاداب**
**کاک حەسەن مستەفا پور**
**کاک خالید ئیسماعیل زادە**

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆمیتەی بریتانیا**





# ڕێزلێنان

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵات

## هاورێی بەڕێز: کاک مەولود سوارە

خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی ، لە مێژ ساڵە بەردەوامە و مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی ئەو خەباتە کە بە خوێنی هەزاران تێکۆشەری ڕێگای سەربەستی سوورە ، بەڵگەی ڕوونی ئەو ڕاستییەیە. ئاشکرایە تاڵی و سوێرییەکانی ڕێگای خەبات و تەنانەت زیندان ، ئیعدام و کوشتاری بە کۆمەڵیش ، نەیان توانیوە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان بە چۆک دابێنن و هەر وەک دەزانین ئاڵای خەباتی ڕەوامان هەروا لە سەر شانی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەل و نیشتمان لە شەکانەوە دایە. کەم نین ئەوانەی کە بەشی هەرەزۆری تەمەنی خۆیان فیدای خاک و خەڵکەکەیان کردوە و بەڕێزیشتان یەکێک لەو ڕۆڵە دلسۆز و فیداکارانەی گەلەکەمانن کە شانازیی زیاتر لە چارەگەسەدەیەک (25 ساڵ) تێکۆشان لەو ڕیگا پیرۆزەتان پێ براوە.

ئێستا کە خەبات و تێکۆشانی ئێوە ، وەک تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ، بۆ گەیشتن بە ڕۆژی ڕزگاری و دابینکردنی ئازادی و دێموکڕاسی ، لە چارەگە سەدەیەک تێپەڕیوە ، کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان وێڕای پێزانین و ڕێز گرتن لەو خەباتە دوور و درێژ ، سەخت و لە هەمان کات دا پڕ لە شانازییە ، پیرۆزباییتان لێدەکا ، تەمەنێکی درێژ ، پڕ بەرهەم و بەختەوەریتان بۆ بە ئاوات دەخوازێ و هیوادارە هەرچی زووتر ئامانجی پیرۆزی ئێوە و هەموو تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان ، واتە گەیشتن بە ڕزگاری ودەسەلاتی نەتەوایەتی وەدی بێ.

**هەر بژی بۆ حیزب و گەلەکەمان!**

کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵاتی

حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان

PDF Compressor Free Version

پارتی دیموکراتی کوردستان
لیژنەی ناوچەی لەندەن

الحزب الديمقراطي الكردستاني
لجنة محلية لندن

Kurdistan Democratic Party- KDP 6 /London
Phone: +447754837345
E-mail : kamalamedi@hotmail.co.uk

بەرێز کاک مەولود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان
لە بریتانیا

ئێمە خۆشحال دەبین بە ئامادەبوننتان بۆ سمینارێك بەبۆنەی یادی 36 ساڵەی داگیرساندنی شۆرشی گوڵانی پێشکەوتنخواز لە ئێوارەی رۆژی یەکشەممە رێکەوتی 2012/5/27 لە کاتژمێری 7 ئێوارە.

ئەمەش ناونیشانەی ئەدرسەکەیە

238 --246 king street
Hammersmith
London
W6 ORF
Polish centre

ئیتر بۆ پێشەوە ....

لیژنەی ناوچەی لەندەن
پارتی دیموکراتی کوردستان

PDF Compressor Free Version





# بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی بریتانیای حدک لە سمینارێک بە بۆنەوەی شۆڕشێ گوڵان



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕێکەوتی ٢٧ی مەی ٢٠١٢ کاتژمێر ٧ی ئێوارە لیژنەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا بەبۆنەی ٣٦ساڵەی یادی گوڵانەوە سمینارێکی بۆ دوکتۆر تیشک نوری شاویس پێک هێنا.

سەرەتای سمینار بەدەقیقەیەک ڕێزلێنان بۆ شەهیدان بەتایبەت شەهیدانی سەرکردە، بارزانی نەمرو کاک ئیدریس بارزانی ڕاگەیندرا.

پاشان داوا لە میوانان و لایەنە سیاسیەکان کرا کە ٣٦ مۆم کە بەو بۆنەوە ئامادە کرابوون داگیرسێنن. دوابەدوای ئەوە پەیامی لیژنەی پارتی دیموکرات لە لایەن کاک کەمال ئامێدی بەم بۆنەوە پێشکەش کرا و ئەوجار سمینارەکە باسێکی تێروتەسەل چۆنیەتی سەرهەڵدانی شۆرشی گوڵان لە لایەن دوکتۆر تیشک دەستی پێکرد. بەڕێزیان باسێکی وردی سەبارەت بە ڕووداو و کەم و کوریەکانی ئەوکاتی شۆڕش، بە تایبەت لە بواری دەرمانی و پێ ڕاگەیشتن و بێ ئیمکاناتی شورشی گوڵانی باس کردو ووتی: ئەوکات پارتی لە فکری خەڵک و لەگەڵ خەڵک بووە و ئێستاش ڕێبازو کاری پارتی خزمەت کردنە بە نەتەوەی کورد. لەبەشێکی تری ووتەکانی دا بەرێزیان ووتیان کە پێویستە نەخۆشخانەکانی ئێمە لە کوردستان بگەنە ئاستی نەخۆشخانەکانی ئەوروپا و ستانداری کار و پێ ڕاگەیشتن بگاتە ڕادەیەک کە وڵامدەری ویست و داخاوزییەکانی کمەڵانی خەڵکی کوردستان بن.

پاشان بەشێک لەبەشدار بووان بە پرسیار کۆرەکەیان دەوڵەمەندتر کردو باس و تێبینیەکانیان خستنە روو.

کاک شێرکۆ حەبیب ئەندامی پیوەندیەکانی پارتی چەند ووتەیەکی بەم بۆنەوەو بەتایتەب لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و بەغدا هێنایە زمان.



PDF Compressor Free Version

کاک خسرو ئاژگەیی کە خۆی بەڕێوەبەری سمینارەکە بوو بەڕێزیشیان تێبنی و بۆچوونەکانیان لە پیوەندی لەگەڵ ناوچە دابراوەکان و بەتایبەت کەرکوک باس کرد.

دوو پارچە شیعر لەلایەن بەشدار بوانەوە و تابەت بەم بۆنەیە پیشکەش کران.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا بۆ ئەم بۆنەیە بانگێشتن کرابوو کە هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حیزب لە بریتانیا بەسەرپەرستی بەڕێزان کاک مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا و کاک فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا بەشداری ئەم سمینارە بوون.

لە کۆتای سمینارەکە بەرپرسانی حیزبی چاویان بە بەشێکی بەرچاو لە حیزب و لایەنە سیاسی و چەندین کەسایەتی سیاسی و ناوداری کورد لە بریتانیا کەوت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بریتانیا**







PDF Compressor Free Version



# بەشداری هەیئەتێکی حدک لە ڕێوڕەسمی

# ساڵڕۆژی دروست بوونی ی ن ک لە بریتانیا



ناوەندی هەواڵ– بریتانیا: مەکتەبی ڕێکخستنی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان بریتانیا، بەبۆنەی دامەزرانی ٣٧مین سالرۆژی دامەزرانی ئەو حیزبەوە پاشنیوەرۆی شەممە ڕێکەوتی ٢ی جونی ٢٠١٢ هەمرسمیت لە لەندەن بە بەشداری ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی مەراسمێکی پێک هێنا.

ئەم بەرنامەیە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان و هەروەها نیشان دانی فیلمێکی دۆکیمێنتی لە دەسپێکرنەوەی شۆرشی چەکداری دژی داگیرکەرانی کوردستان و هەروەها پەیامی بەرپرسانی یەکیەتی بەڕێزان شاناز ئیبراهیم ئەحمەد و کاک هاوار حاجی دەستی پێکرد.

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشێکی بەرچاو لە لایەنە کوردستانی و خەڵکانی بیانی بەشداری ئەم رێ و رەسمە بوون وبەپەیام و پیرۆزباییان خۆیان بۆ دامەزران و یادکردنەوەی ئەم رۆژە ئاڕاستەی ئەندامانی و لایەنگرانی یەکیەتی کرد. بەشێکی تری بەرنامەکە بەشی هونەری و هەلپەرکێ کوردی بوو.

ئەوەی خوارەوەش دەقی پەیامی کومیتەی بریتانیای حیزبی دیموکراتی کوردستان–بریتانیایە بۆ ئەو ڕێوڕەسمە:

**بەشدارانی بەڕێز، ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان!**

**سەرەتا بەبۆنەی سی و حەوتەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی ئێمە قەبوڵ بفەرموون.**

**٣٧ ساڵ لەمەوپێش لە کاتێکدا هەوری رەش و نائومێدی ئاسمانی کوردستانی داپۆشیبوو، لە کاتێکدا نەتەوەکەمان هێشتا تاساوی ئەو نسکۆیە بوو کە دوژمنان بەسەریاندا سەپاندبووین و سەرەنجام لە کاتێکدا دوژمنان سەرمەستی سەرکەوتنە کاتییەکەیان بوون، هەواڵی دامەزرانی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان و سازدانەوەی خەبات و شۆڕشی نەتەوەکەمان وەک برووسکەیەک دڕی بە هێزی دڵرەشان داو مزگێنی درێژەدانی خەبات هەتا سەرکەوتنی یەکجاری نەتەوەکەمانی، گەیاندە گوێی دۆست و دوژمن.**

**ئەوانەی ئەو ساڵانەیان لەبیرە دەزانن کە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و خەباتی چەکداریی لەو کات و ساتەدا چ ورەو لەخۆبووردووییەکی دەویست و بەکردەوە خەبات لەوکات دا، یانی چوونە سەفەری بێگەڕانەوە. هەرواش بوو، کەم نین ئەو کەسانەی لەم رێگایەدا گیانیان فیدا کرد و بوونە دەستەچیلەی هەڵایسانەوەی ئەو شۆڕشە .**

PDF Compressor Free Version




هاونیشتیمانە بەڕێزەکان!

هێشتا تەمەنی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان نەگەیبووە دوو دەیە کە ڕاپەڕینی بەشکۆی نەتەوەکەمان لە باشووری کوردستان دژ بە یەکێک لە دوژمنە دڵڕەق و فاشیستەکانی دا سەرکەوت و دڵی باقی دوژمنانی لە ناوچەکەدا خستە لەرزین. پاش رووخانی رژێمی بەعس لە عێراق و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئەم رژێمە بەسەر عێراق و کوردستاندا، ئەرکی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان و هێزە شۆڕشگێڕەکانی دیکەی ئەم بەشەی وڵاتەکەمان قورستر بوو، ئەمجار نۆرەی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دێموکرات و فرە رەنگ هات.هەموومان دەزانین کە لەو قۆناغەش دایەکیەتی نیشتیمانی کوردستان هاوشان دەگەڵ باقی هێزە رەسەن و شۆڕشگێڕەکانی کورد شوێن دانەری خۆی هەبووە لە دانانی بناغەیەکی شیاو بەرەو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو. نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ئەم رێگایە کەند و کۆسپی زۆری لەسەر رێ بوو وهەیە، بەڵام بێشک ئەم کارەش بە

لێوەشاوەیی و هاوکاری وتەبایی نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکان دەگاتە بەرهەم و رێگای بۆ تەخت دەکرێ.

بەشدارانی هێژا!

کاتێک کوردیش وێڕای نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی عێراق، دەوری خولقێنەری خۆی گێڕا و مام جەلال بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق. هەموو پێمان وابوو دەورەی سەرەڕۆیی وتاکڕەوی لە عێراقدا کۆتایی پێ دێ و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی عێراق وەک یەک و هاوسەنگ لە عێراقی داهاتوودا دەژین و کەس مافی ئەوی دیی لەژێر پێ نانێ. بەڵام

ڕووداوەکانی ئەمدواییانەی عێراق و خۆ گێل کردنی سەرۆک وەزیران و هاوبیرانی لە بەڕێوەبردنی دەستووری بنەڕەتی عێراق کە جەختی لەسەر فیدڕالی و مادەی ١٤٠ و قانوونی نەوت وگاز کردووەتەوە، زەنگی مەترسیی بۆ نەتەوەکەمان لێدا. هەلومەرجی ئێستای عێراق و کوردستان، هەلومەرجێکی ناسک و هەستیارە. دەستێوەردانی دەرەکی زۆر بەرچاوەو هەر وڵاتەی دەستی بە پشتی لایەنێکەوە گرتووە و یارمەتییان دەدا. لەم ناوەدا تەنیا کوردە کە هەموو لایەنە دەرەکیە ناوچەییەکان لەدژی دەجوڵێنەوەو هەموو حەولەکانیان بۆ بەرتەسک کردنەوەی دەسکەوتەکانی نەتەوەکەمانە و ئەگەر بۆشیان بکرێ لەباربردنی ئەم هەلەیە کە بۆ ئێمەی کورد هاتووەتە ئاراوە. ئێمە پێمان وایە بۆ دابین کردنی مافە رەواکانی میللەتەکەمان وبەڕێوەبردنی خاڵەکانی دەستووری عێراق و دەرباز بوون لەو هەڵ و مەرجە ی ئێستا، تەنیا یەکگرتوویی هەموو لایەنەکانی کوردە

PDF Compressor Free Version





که دەتوانێ دژبەران بە چۆکدا بێنێ و مافە دەستوورییەکان دەستەبەر بکا.

لە کۆتاییدا وێڕای پیرۆزبایی دووبارەمان بە بۆنەی ئەو ڕۆژەو دەربڕینی پشتیوانی خۆمان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگا یاساییەکانی، هیواداریین یەکڕیزی و تەبایی هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان، کە هەوێنی دەستەبەرکردنی ئەم ئەزموونە بووە، هەروا بپارێزرێ و پتەوتر بێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان- کۆمیتەی بریتانیا**

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەم بۆنەیە بانگێشتن کراوبوو کە بەرێزان مەولود سوارە نوێنەری حیزب لەبریتانیا، کاک فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا و کاک یونس موکری بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە لەندەن بە پەیامی حیزبەوە بەشداریان کرد.



# به بۆنەی سێهەمین ساڵڕۆژی سەرهەڵدانە سەرانسەرییەکانی ئێران، خۆپیشاندانێک لە بریتانیا بەڕێوە چوو

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ی جونی ٢٠١٢ کاتژمێری ٣ی پاش نیوەرۆ لە مەیدانی پارلمانی بریتانیا لەشاری لەندەن خۆپیشاندانێک بەبۆنەی سێهەمین سالیادی دەسپێکردنی نارەزایەتیەکانی سەراسەرییەکانی ئێران بەهاوکاری بزوتنەوەی سەوزو ئۆپۆزیسۆنی دەرەوەی ولاتی کۆماری ئیسلامی پێکهات کە سەرجەم دووکاتژمێری خایاند.

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لەندەن و چالاکانە بەشداریان کردو بەئالای کوردستان و وێنەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، خوازیار پیشتگیر هەرچی زیاتری کۆملگای نێونەتەوەی لە خەڵکی ئازادی خوازی ئێران و مەحکوم کردنی حکومەتی تاران بە بۆنەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بوون لە ئێراندا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بریتانیا**






PDF Compressor Free Version



# بەڕێوەچوونی پرێس کۆنفرانسێک سەبارەت بە دادگایی ڕژیمی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی دەیەی ٦٠ دا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٢/٦/١٧ کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە هەواڵنێرەکان، زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەی زیندانیەکان، کۆنفرانسێکی ڕاگەیاندن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دادگای کردنی کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندی لەگەڵ کوشتاری زیندانیانی سیاسی دەیەی ٦٠، لەبنکەی مافی مرۆڤ (ئەمنستی ئەنترناسیونال) لە شاری لەندەن لە بەڕێوەچوو.

دەهەی شەست کە یەکێک لە خوێناویترین و تاریکترین ساڵەکانی مێژووی کۆماری ئیسلامی ئیران بە ژمار دێت. لەم دەیەدا هەزاران کەس لە نەیارانی ڕژیم ئیعدام وبی سەرو شوین کراون، خەلکێکی زۆر لە هەولسوراوان و چالاکانی سیاسی حیزبە ئێرانی و کوردستانییەکان ئیعدام کراون و ئەشکەنجەو بی ڕێزی و بۆ هەموو گەلانی ئیران و بەتایبەت بەدەستوری خومەینی هێرش کرایە سەر کوردستان.

پاش هەوڵ و ماندوو بوونی چەندین یاساناس و وەکیل لەدەرەوەی ولات و هەروەها بەشێکی بەرچاو لە زیندانیانی سیاسی و بنەماڵە و دۆستانیان، دادگایەکی نێونەتەوەیی بۆ بەجێوساید ناساندنی ئەم ڕۆژە ڕەشانە لە ڕێکەوتی ١٨ بۆ ٢٢ی جون بەڕێوە دەبەن.

لە نێو هەزاران سکاڵانامە کە بە دژی کۆماری ئیسلامی تۆمار کراوان، ٨٦ کەس وەک شاهید لەم دادگایەدا ئامادەن بۆ شاهیدی دان و وڵامدانەوەی پرسیارەکان کە لە هەموو نەتەوەکانی ئێرانی تێدا بەشدارن.

شایانی باسە کە لەم کۆنفرانسە ڕۆژنامەنووسییە دا هەریەکە لە بەڕێزان دوکتور پەیام ئەرخەوان و دوکتور هیدایەت پەیرەوان و بەرێز مەتین دەفتەری قسەیان کرد و ڕوونکردنەوەی پێویستیان سەبارەت بە کارەکانی دادگایی کردنەکە خستە ڕوو.

لەم پرێس کنفرانسە دا هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی بەرێزان مەولود سوارە، ئەندامی ڕێبەری حیزب و نوێنەری حیزب لە بریتانیا و کاک فەرزاد حیکمەت، کاک عبداللە ئەمینی، کاک فەریدون معروفی ئامادەی کنفرانسەکە بوون و چاویان

PDF Compressor Free Version



به بەشێکی بەرچاو لە بەرێوەبەران و هەلسوراوانی ئەم دادگایە کەوت.
پێویست بە ئاماژەیە کە تەلەفزیونی کورد کاناڵ دەوری سەرەکی هەبوو لە سازدان و بەڕێوەبردنی ئەو پرێس کنفرانسە و گواستنەوەی هەوال و ڕووداوەکانی لە ئەستۆ بوو.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بریتانیا**



PDF Compressor Free Version



# بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی بریتانیا،ی حدک لە سمینارێکی وەزیری شەهیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا



ناوەندی هەواڵ–بریتانیا: لە درێژەی سێمینار و کۆبوونەوەکانی نوێنەرایەتی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ولاتی بریتانیا سەبارەت بە بە فەرمی ناسینی ئەنفال و و جینو سایدی کورد لە باشوری کوردستان، دوێنی هەینی ٢٠١٢/٦/٢٢ سیمینارێک بە بۆنەی سالوەگەری سووتانی شاری قەلادزێ و جینۆسایدی کوردان لە ناوچەی پشدەر بە بەشداری بەرێز ئارام ئەحمەد وەزیری کارو باری شەهیدان و خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوینەرایەتی حکومەتی هەریم لە بریتانیا و حیزب و لایەنە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، لە هۆلی کۆنفرانسی ریجنت کۆلیج لە شاری لەندەن پیکهات. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت وەزیری کاروباری شەهید و ئەنفال کراوانی کوردستان تیشکی خستە سەر لایەنە جوراوجۆرەکانی بە نێونەتەوەیی کردنی ئەو کەیسە و کۆکردنەوەی سەد هەزار ئیمزا لە ولاتی بریتانیا بۆ هاتنە بەرباسی ئەو پرسە لە پەرلەمانی ئەم ولاتەدا.

سەرەتا لە لایەن مامۆستا ئارام وەزیری کاروباری شەهیدان وتەیەک پێشکەشکرا

PDF Compressor Free Version

و نەخشەی ڕیگا بۆ ئەم مەبەستە خرایە بەرسەرنجی ئامادەبووان. هەروەها خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان ڕاپۆرتیکی لە سەر کار و چالاکییەکانی نوینەرایەتی حکومەتی هەریمی کوردستان لەو بارەوە پێشکەس کرد و دواتر لە لایەن کاک خالید ئاسنگەر باسی ڕووداوی جینوسایدی پشدەر و سووتانی شاری قەلادزی بە دەستی ریژیم بە عس کرا. پاشان لە لایەن دکتور سولەیمان ڕەحیمی باسێکی ئاکادیمی پیشکەش کرا لە سەر بە یاسایی ناساندن و بە جێ گەیاندنی ئەو پرۆژەیە وەک ئەرکێکی نیشتیمانی. دوابەدوا ئەوە باسە، کۆرەکە تەرخان کرا بۆ پرسیار و سەرنجی ئامادەبووان لە سەر ئەم پرسە، کە لە لایەن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم و وەزیری شەهیدانەوە وڵامی پیویست پێشکەشی ئامادە بووان کرا. ئەو سمیناره کاتژمێر ٦.٣٠ ئێوارە دەستی پێکرد و تا کاتژمێر ٩ی شەو درێژەی کێشا.

جێگای ئاماژەیە هەیئەتیک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان کومیتەی لەندەن بە سەرپەرستی بەڕێز کاک فەرزاد حیکمەت لە سەر بانگهێشتی فەرمی نوینەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا، بەشداری سیمینارەکە بوون.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بریتانیا**



PDF Compressor Free Version



# دیداری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەندامانی پارلمانی بریتانیا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕێکەوتی ٢٧ی جونی ٢٠١٢ی زایینی کاتژمێری ١١ی سەرلەبەیانی لە پارلمانی بریتانیا لە لایەن فابین هەملتۆن ئەندامی پارلمانی بریتانیا لە حیزبی کرێکار و نەفەری دوهەم و ڕێکخەری کۆمیتەی پارلمانتارانی بریتانیا بۆ کاروباری ئێران، پێشوازی لەبەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا.

سەرەتا بەڕێز هاومێلتۆن لەسەر چۆنیەتی دروست بوون و هەروەها چۆنیەتی بەڕێوەچونی کارو چالاکییەکان و ئەرکە پێسپێردراوەکانی ئەو کمیتەیە ڕوونکردنەوەی پێویستی پێشکەش کرد. پاشان بەڕێز کاک خالید عەزیزی لە پەیوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەپیوەندی لەگەڵ پیشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، کوشتنی کۆلبەرانی کورد و ئازار وئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی بەدرێژە قسەی کرد و هاوکات سەدان لاپەرە دێکۆمێنت و بەڵگەنامەی گرنیگیان سەبارەت بە تێرۆریزمی نێودەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و ئەو تێرۆرانەی کە لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران لە سەر دەستی تێرۆریستانی ئەو ڕژیمە لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوو دا ئەنجام دراون لە دووتوێی چەند نامیلکەیەک دا پێشکەشی بەڕێز هامیلتۆن و کومیتەی پارلەمانتارانی بریتانیا کرد.

بەڕێز کاک خالید لە بەشێکی دیکە قسەکانی دا ڕوونکردنەوەیەکی تێروتەسەلی سەبارەت بە ئەگەری هەر گۆرانکاریەک لە ئێران و جێگە و پێگەی کورد و هەوڵەکانی بۆ لێک نیزێک بوونەوەی زیاتری ئۆپۆزسیونی ئێرانی و کورد پێشکەش کرد، کە لە لایەن بەڕێز هامێلتۆنەوە گرینگییەکی زۆری پێدرا.

جێگای ئاماژەیە کە لەو دیدارە دا بەڕێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لەبریتانیا هاورێیەتی سکرتێری گشتی حیزبی کرد.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی**
**کوردستان لە بریتانیا**

PDF Compressor Free Version

# چاوپێکەوتنی سکرتێری حدک لەگەڵ ڕاوێژکاری سیاسی کۆمیتەی پارلمانتارانی بریتانیا بۆ کوردستان



کاتژمێری ٢ی پاشنیوەڕۆ چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی جونی ٢٠١٢ بەڕێز گاری کێنت ڕاوێژکاری سیاسی کۆمیتەی پارلمانتارانی بریتانیا بۆ کاوڕباری کوردستان، لە بینای پارلەمانی ئەو وڵاتە پێشوازی کرد لە بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان.
لەم دانیشتنەدا لەسەر گۆرانکاریەکانی ناوچەو و ئێران و دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و بارودۆخی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی باسی لێکرا.

گۆرانکاری و گەشەکردنی کوردستانی عێراق تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دانیشتنە بوو کە هەردوو لا بە وردی هەڵوێستەیان لە سەر کرد.

پێشنیار، بۆ چوون و ئالوگۆری نێوان هەردووک لا لەسەر کێشەو گرفتەکانی حکومەت سوریەو دەور و کاریگەری کورد لەو بەشەی کوردستان دا تەوەرێکی دیکەی باسەکان بوو.
بەڕیز مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا لەو دانیشتەن دا هاوڕێیەتی سکرتێری حیزبی دەکرد.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا**

PDF Compressor Free Version



# لەلایەن کۆمیتەی پارلمانتارانی پارلمانی بریتانیا بۆ کاروباری ئێران پێشوازی لە سکرتێری حیزب کرا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا پاشنیوەڕۆی چوارشەممە ٢٧ی جونی ٢٠١٢ سەرۆکی کۆمیتەی پارلمانتارانی پارلمانی بریتانیا بۆ کاروباری ئێران لە پارلمانی بریتانیا، پیشوازی لەسکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد.

لەم دانیشتنەدا سەرەتا لەلایەن بەڕێز بێن والێس ئەندامی پارلمانی بریتانیا لە حیزبی پارێزگاران و بەرپرسی یەکەمی ئەم کۆمیتەیە سەبارەت بە کارو ئەرکەکانی ئەم کۆمیتەیە، زانیاری پێوست پێشکەشی بەڕێز سکرتێری حیزب کرا. پاشان لە ئالوگۆری زانیاری و باسێکی تێرو تەسەل لەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گۆڕانکارییەکانی ئەو ناوچەیە، باس لە جێگەو پێگەی کورد لەو گۆڕانکارییانە دا کرا.

پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ، مافی ژنان و لاوان و هەروەها کوشتنی بێ بیانووی کۆڵبەرانی کورد لە لایەن هێزەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانەوە تەوەرێکی دیکەی باس و دانیشتنەکە بوو.

بەڕێز بێن والێس داوای لە سکرتێری حیزب کرد کە پێویستە لە داهاتوودا بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر و زیاتر ئاگادار بوون لە دۆخی ناوخۆیی ئێران و کوردستان و گۆڕینەوە بیرورا لە سەر تەوەرە هاوبەشەکان، درێژە بەو دانیشتنانە بدرێت و لە نزیکەوە دیدار و چاوپێکەوتن پێک بێنن.

پێویست بە ئاماژەیە کە وەفدی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئاگادار کردنەوەی زیاتری پارلەمانتارانی بریتانیا سەبارەت بە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و هەروەها تیرۆر و کوشتنی جیا بیران لە هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان و مێژوو و جێگە و پێگەی حیزبی دێموکرات کە بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو لەڕیزی پێشەوەی خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد و لە چەقی گۆڕانکارییەکانی دا ناوچەکە دابووە، زانیاری پێویستی پێشکەشی بەڕێز بێن والێس کرد. جێگەی باسە کە ئەو دانیشتنە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند.

بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا ئامادەی دانیشتنەکە بوو.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**

PDF Compressor Free Version

# دیداری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی سوریە



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: لەسەر داوای ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی سوریە ئێوارەی چوارشەممە ٢٧ی جونی ٢٠١٢، بەڕێز سکرتێری گشتی حیزب کاک خالید عەزیزی و کاک مەولوود سوارە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و کاک فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا، دانیشتنێکیان لەگەڵ بەشێک لە ئەندامان و بەڕێوەبەرانی ئەو ئەنجوومەنە لە دەرەوەی وڵات و لە بریتانیا پێک هێنا.

لەم کۆبونەوەیەدا سەرەتا باسێک لە پێک هاتنی ئەو ئەنجومەنە کە بریتیە لە ١٥ حیزب و ڕێکخراوی دژبەری حکومەتی بەشار ئەسەد کرا و پاشان تیشک خرایە سەر ئەوەی کە بەشێکی بەرچاو لە کەسانی ئاکادیمی و خەلکانی سیاسی و لاوان، لە ڕیزەکانی ئەو ئەنجومەنە دا جێیان گرتووە و وەفدی خانەخوێ جەختیان لە سەر زەرورەتی پێک هاتنی ئەم ئەنجومەنە کردەوە.

پاشان بە تێروتەسەلی لەسەر ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردووی سوریە و هەڵسوکەوتی بەشار ئەسەد و حکومەتەکەی لەگەڵ خەڵکی ئازادی خوازی ئەو وڵاتە قسە کرا و هەروەها باس لەو خەسارەتە گیان و مادییە زۆر و زەوەندە کرا کە بە تایبەت لەم دوایی دا لە خەڵکی ئەو وڵاتە کەوتووە.

سکرتێری گشتی حیزب ویرای پێداگری لە سەر گرینگی یەک دەنگ بوون و یەک بەرەیی کوردەکانی سوریە، ڕای گەیاند کە کوردەکانی سووریە دەبێ زۆر چالاک بن لە جێگیر کردن و بە قانونمەند کردنی مافەکانیان، لە هیچ هەوڵ و تێکۆشان درێغی نەکەن، هەروەها ئامادەیی حیزبی دیموکراتی بۆ هاوکاری و هاریکاری بە مەبەستی بە هیز کردنی ئەو کۆدەنگیە ڕاگەیاند.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی**
**کوردستان لە بریتانیا**

PDF Compressor Free Version



# سەردانی سکرتێری گشتی حیزب لە دەفتەری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی پارتی کرێکارانی بریتانیا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی جون ٢٠١٢ بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هاورێیەتی بەڕێز مەولوود سوارە سەردانی دەفتەری پیوەندیە نێو دەوڵەتیەکانی پارتی کرپیکارانی بریتانی،یان لەبارەگای سەرکردایەتی ئەو حیزبە لە لەندەن کرد و لەلایەن خاتوو جۆ بیلیگهام بەرپرسی یەکەمی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی ئەو حیزبەوە بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا لە سەر پیوەندیەکانی لیبەرپارتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها ئالوگۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و پیشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و مەسەلەی کورد بەتایبەتی ئالوگۆری بیرورا کرا. کیشەی ئەتۆمی ئێران و هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەو پیوەندیە دا، تەوەرێکی دیکە باس و خواسەکانی نێوان هەردووک حیزبی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی بریتانیا بوو.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**

PDF Compressor Free Version

# سەردانی سکرتێری گشتی حدک لە پارلمانی بریتانیا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: لە درێژەی کاروچالاکییەکانی دا لە وڵاتی بریتانیا، سەرلە بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی جون ٢٠١٢ هەیئەتێکی حیزبی پێک هاتوو لە بەڕێزان خالید عەزیز سکرتێری گشتی حیزب و مەولود سوارە ئەندامی ڕێبەری حدک سەردانی پارلەمانی بریتانیا،یان کرد و لە لایەن بەڕێز نیک بۆیس ئەندامی پارلمانی بریتانیا لە حیزبی محافزەکاران پێشوازیان لێکرا.

تەوەری سەرەکی باسەکان ئالوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێران و کوردستان بوو. لە پەیوەندی لەگەڵ ئێران دا هەیئەتی حیزب تەکیدی کردەوە کە مەسەلەی مافی مرۆڤ و بارودۆخی ناهەمواری زیندانیانی سیاسی و پرسی هەڵاواردنی نەتەوایەتی دژی گەلی کورد لە ئێران، پتر لە پارلمانی بریتانیا باسی لێ بکرێت و ئەو کێشانە نەکەونە پەراوێزو ژێر سێبەری کیشەی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ دونیای دەرەوە.

بەرێز نیک خۆشحالّی خۆی لەو پەیوەندیەدا دەربڕی و بەڵێنیان دا ئەو باسانە لە پارلمان بێنێتە گۆڕێ و بەدوایان دا بچێت.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی**
**کوردستان لە بریتانیا**

# سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# سەردانی کۆمیتەی مافی مرۆڤی لە پارلمانی بریتانیا کرد



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی جونی ٢٠١٢ لە کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمانی بریتانیا، خاتوو نیکول پینوش، پێشوازی کرد لە بەڕێزان کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەڕێز کاک مەولوود سوارە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی حیزب.

هەیئەتی حیزبی لەو دانیشتنەدا لەسەر هەڵسوکەوت و پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ کە لە لایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ڕۆژانە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان دەکرێ و هەروەها بارودۆخی نالەباری زیندانیانی سیاسی و بەتایبەت زیندانیانی کورد و لە سەرووی هەموویانەوە وەزعی نالەباری سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان محەممەدسەدیق کەبودوەند بەدرێژە دوان.

لەو پەیوەندیەدا بەڕێز سکرتێری حیزب نوێترین لیستی زیندانیانی سیاسی کوردی کە هەر ئێستا لە چاڵە ڕەشەکانی ڕژیمی ئێراندا دەستبەسەرن پیشکەشی بەڕێزیان کرا.

ئاڵووگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێران و کوردستان تەوەرێکی دیکەی باسەکان بوو کە بووە مایە سەرنج ڕاکێشانی خاتوو نیکول پینوش. پاش نزیکەی یەک کاتژمێر باس و ڕاوێژ، هەیئەتی حیزبی کۆتایی بەو دیدارە هێنا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**

PDF Compressor Free Version

# ئەندی لۆف، ئەندامی پارلمانی بریتانیا پێشوزی لە سکرتێری گشتی حیزب کرد



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٨ی جونی ٢٠١٢ لە پارلمانی بریتانیا بەرێز ئەندی لۆف ئەندامی پارلمانی بریتانیا لە حیزبی کرێکار، پێشوازی لە بەرێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات کرد.

لەو دانیشتنەدا پاش روونکردنەوەیەی پێویست لەسەر حیزبی دێموکرات و شێوەی خەبات و تێکۆشانی ئەو حیزبە و چالاکیەکانی، باسێکی تێرو تەسەل لەسەر ئالوگۆرەکانی خۆرهەلاتی نێوەراست و هەروەها حەرەکەتە ئیعترازیەکانی نێو خۆی ئێران و باسێکی گشتی لەسەر مافی مرۆڤ لە کوردستان هەروەها هەڵسوکەوتی دوژمنکارانەی رژیم لەگەڵ خەلکی کوردستان و بارودۆخی نالەباری ژنان و لاوان لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی ئێراندا تەوەرێکی تری دانیشتنەکە بوون.

پاشان سکرتێری گشتی لەسەر ئوپوزیسونی ئێرانی و کورد و زەرورەتی کار کردن بۆ لێکنزیک بوونەوەی کورد و ئێرانییەکانی نەیاری رژیم بەگشتی و دۆزینەوەی مکانیزمێکی گونجاو بۆ لێک حالی بوون و لێک نیزیک بوونەوەی سەرجەم ئۆپۆزسیونی ئێران لەگەڵ ناوبراو هێنایە بەر باس لێکدانەوە، کە بەرێز ئەندی،ش بەنۆبەی خۆی رایگەیاند کە لە گرووپی کاری پارلمانی بریتانیا پیوەندیدار بە کورد و ئێران، هەوڵەکانی بۆ دەستبەر کردنی کۆدەنگییەک لەو بوارانە دا چڕ دەکاتەوە.

لەم دیدارەدا بەرێز مەولوود ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هاورێیەتی سکرتێری گشتی حیزبی کرد.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**

# سەردانی سکرتێری گشتی حدک بۆ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری لەندەن



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: پاش نیوەرۆی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨ی جونی ٢٠١٢ بەڕێز سکرتیری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک خالید عەزیزی و بەرێز مەولوود سوارە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی حیزب، سەردانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان،یان لە شاری لەندەن،ی پایتەختی وڵاتی بریتانیا کرد و لە لایەن بەڕێز بەیان سامی عبدولڕەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گەرمی پێشوازیان لێکرا. لەم دانیشتنەدا کە بەرێز خسرو ئاژگەی سکرتیری یەکەمی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم ئامادە بوو، سەبارەت بە چۆنیەتی بەرێوەچوونی ئەرک و کارەکانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا باس و ڕاوێژ کرا و هەروەها جێگە و پێگەی ئەم نوێنەرایەتیەو چالاکی و کارەکان و هەلسەنگاند و لێکدانەوەی وەزعی کورد بەگشتی لەبریتانیا کەوتە بەر شرۆڤەی هەردوو لا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**





# سەردانی بەڕێز سکرتێری
# گشتی حدک بۆ ناوەندی هێنری
# جاکسۆن لە شاری لەندەن

ناوەندی هەواڵ- لەندەن: سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٩ی جونی ٢٠١٢ی زایینی بەڕێز کاک خالید عەزیز سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هاوڕێیەتی بەڕێز کاک فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی بریتانیا، سەردانی ناوەندی هێنری جاکسون،یان کرد لە شاری لەندن و لەلایەن بەڕێز مایکل ویس بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەو ناوەندەوە پیشوازیان لێ کرا.

ئەم ناوەندە ڕێکخراوێکە کە بۆ پەرەپێدانی مافی مرۆڤ و ئازادی و دێموکراسی کار دەکات. لەم دانیشتنە دا سکرتێری گشتی حیزب لەسەر پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندی لەگەڵ ژنان،لاوان و خەڵکی سڤیل و بەتایبەت زیندانیانی سیاسی بەدرێژە دوا و ڕوونکردنەوەی پێویستی ئاڕاستەی بەڕێز مایکل ویس کرد. لەبەشێکی دیکەی وتەکانی دا بەڕێز سکرتێری گشتی حیزب، ئاماژەی بە دۆخی نالەباری بەندکراوە سیاسییە کوردەکانی چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەتایبەت محەمەد سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کرد.

لەدرێژەی باس و لێدوانەکاندا بەڕێز مایک هیوای خواست کە لەداهاتوو دا و بە مەبەستی ئالوگۆری زانیاری لەسەر پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پەیوەندیەکان چڕوپڕ تر بکرێن.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**

PDF Compressor Free Version



# سکرتێری گشتی حدک سەردانی بنکەی سەرەکی ئەنترناسیونالی سۆسیالستی لە لەندەن کرد



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: کاروچالاکییەکانی بەڕێز خالید عەزیز سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا بەردەوامە. لە درێژەی دیدارەکانی دا پاش نیوەڕۆی هەینی ٢٩ جونی ٢٠١٢ سکرتێری گشتی حیزب بە هاوڕێیەتی بەڕێز مەولوود سوارە بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب بۆ ئەنترناسیونالی سۆسیالست، سەردانی بنکەی سەرەکی ئەو ڕێکخراوەیان کرد و لەلایەن بەڕێز لویس ئەیالا،ی سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەوە بە گەرمی پیشوازیان لێکرا.

سەرەتا بەرێز لویس ئەیالا ڕاپۆرتێکی لەکارو چالاکیەکانی ئەنترناسیونالی سۆسیالستی پیشکەش کرد و هەروەها لەسەر بەرێوەچوونی ٢٤مین کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەیە ڕوونکردنەوەی پێویستی دا. پاشان سکرتیری حیزب لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها جێگە و پێگەی کوردو هەروەها بەشدار کردنی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بێ جیاوازی لە گروپی کوردان لە ئەنترناسیونال سوسیالیست پێشکەش کرد و بە پیویستی زانی کە ئەنترناسیونال دەور و ڕۆڵی دیاری کراوی هەبێت و بتوانی هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردی ئەندام لەو ڕێکخراوە جیهانییە لەم کۆمیتەیە دا لەدەوری یەک کۆبکاتەوە.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**



PDF Compressor Free Version

# دیداری سکرتێری گشتی حیزب لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی حیزب لە لەندەن



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: پاشنیوەڕۆی هەینی ٢٩ی جونی ٢٠١٢ لەشاری لەندەن بەشێک لە ئەندامانی حیزب بۆ بەخێرهاتن و دیدار لەگەڵ کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب سەردانی شوێنی ماوەنەوە بەڕێزیان کرد.

لەو دیدارو چاوپێکەوتنەی بەڕێز عەزیزی لەگەڵ ئەندامانی حیزب، لەلایەن ئامادە بووانەوە هێندێک پرسیار لەپیوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێران و کوردستان و کارتێکەری گۆڕانکارییەکانی ناوچە لە سەر ئێران و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ئاڕاستەی بەڕێزیان کرا. بەشیکی دیکەی ئەو چاوپێکەوتنە بۆ باس لە سەر ڕووداوە نێوخۆییەکانی حیزب تەرخان کرا و هەر لەو پەیوەندییەدا چەندین پرسیار ئاڕاستەی سکرتێری حیزب کران و لەلایەن بەرێزیانەوە بە وردی وەڵام درانەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بریتانیا**





2011 - 2012 Kurdistan Democratic party's activity in the United Kingdom

# بەشداری نوێنەری حدک لە ئێوارە خوانێکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢ی جولای ٢٠١٢ کاتژمێر ٧ بۆ ٩ی شەو لەسەر بانگێشتی فەرمی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا، بەڕێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو وڵاتە بەشداری ئێوارە خوانیکی کرد کە لە تەلاری پارلەمانی ئینگلیس ڕێکخرابوو.

لەو ئێوارە خوانە دا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە پارلەمانتار و لۆردی بریتانی، باڵویزی حکومەتی عیراقی فیدڕاڵ و دەیان کەسایەتی سیاسی، ناوداری کورد و بیگان و نوینەرایەتی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی تێدا بەشدار بوون، بەرێزان بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو وڵاتە و بەڕێز فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە بوون، هەڵمەتی واژوو کۆکردنەوە بۆ بە فەرمی ناساندنی ژینۆسایدی گەلی کورد لە باشووری وڵات دەستی پێکرد.

سەرەتا لەلایەن بەڕێز ڕۆبێرت هالفن ئەندامی پارلمان بریتانیاو جێگری سەرۆکی گروپی پارلمانی بریتانیا بۆ کوردستان لەگەڵ بەخێرهاتنی میوانان، لە پیوەندی لەگەڵ سەفەرەکانی بۆ کوردستان بۆ بەشدار بووان دوان و پاشان هەرکام لە بەرێزان نەدیم زەهاوی ئەندامی پارلمانی بریتانیا، سەبارەت بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی سەد هەزار واژووی ئیلێکترۆنی









PDF Compressor Free Version





باسێکی تێروتەسەلی پێشکەش کرد. بەڕێز زەهاوی داوای لە حکومەت و گەلی بریتانیا و کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە کرد کە لە سەرخستنی ئەو هەڵمەتە دا هاریکاری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن. پاشان بەڕێز فەلاح مستەفا پەیامی بەڕێز نێچیراون بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێشکەش کرد. هەروەها خوشکە بەیان سامی عبدولڕەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند وتەیەکی پێش کەشی بەشدار بووان کرد. خاتوو بەیان داوای کرد کە لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو هەڵمەتە دا کە بۆ بە فەرمی ناساندنی جنوساید و ئەنفال گەلی کورد لەو ڕۆژەوە دەستیان پێکردووە، و بە پشتیوانی ئەندامانی پارلمانی بریتانیا و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە هاریکاریان بکەن.

نوێنەری حیزب لەم ئێوارە خوانەدا چاوی بە بەشێکی زۆر لە پارلەمانتاران، کەسایەتی سیاسی و نوینەرانی بەشداری دۆستی حیزبی دیموکرات کەوت کە دەکرێ ئیشارە بە هەریەک لە بەڕێزان کاک فەلاح مستەفا پەرپرسی پێوەندیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لۆرد جیفری ئارچێر،لۆرد کلیمنت جۆن، مەگ مەن ئەندامی پارلمانی بریتانیا،نەدیم زەهاوی ئەندامی پارلمانی بریتانیا بکرێ. لە پەراوێزی ئەم چاوپێکەوتنانە دا جگە لە دیدار تازەکردنەوە، بەگوێرەی کات لەسەر ڕووداوەکانی ناوچە باس و خواس کرا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**



# بۆ پشتگیری لە خوێندکارانی بەندکراو، کەبوودوەند و بیرەوەری شەهیدانی ویەن لە بریتانیا خۆپیشاندانێک بەڕیوە چوو



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: بۆپشتیوانی لە خوێندکاران، زیندانیانی سیاسی و مەحکوم و ڕسوا کردنی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی ڕژیمی ئیسلامی ئێران و بیرەوەری ٢٣ ساڵەی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی و هەروەها پشتیوانی لە کەمپێنی پشتگیری لە سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، محەممەد سدیق کەبودوەند، کۆمەڵێکی زۆر لە کوردستانی و ئێرانییەکانی دانیشتووی شاری لەندن، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٨ی جولای ٢٠١٢ کاتژمێری ٣ بۆ ٥ی پاشنیوەرۆ لە پارلمان سکوێر (بەردەم پارلمانی بریتانیا) خۆپیێشاندانێکیان ڕێکخست. خۆپیشاندەران کە لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی سەوزی لەندەن پێک هاتبوون، لە ژێر بارانی بە خوڕ دا بە بەرز کردنەوەی وێنەی شەهیدی سەرکردە دکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی و شەهیدانی سەرهەڵدانەکانی دوو ساڵ لەمەوبەری ئێران و ئێعدام کراوانی دەستی جەلادەکانی ڕژیم، بەندکراوانی سیاسی و وێنەی محەممەد سدیق کەبوودوەند، بە وتنەوەی سروود و دانی دروشم دژ بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕق و بێزاری خۆیان دژ بەو ڕژیمە تێرۆریست پەروەر و دژی گەلییە دەربڕی. لە خۆپیشاندانە دا ئەکبەر کەریمیان پەیامێکی پێشکەش کرد و لەو پەیامە دا ئاماژەی بە مانگرتنی سدیق کەبوودوەند و تەبەرزەدی کرد و داوای ئازادی سەرجەم بەنکراوانی سیاسی ئێرانی کرد. خۆپیشاندەران چەندین دروشمیان بۆ پشتگیری لە محەممەد سدیق کەبووندوەند کە ماوەی زیاتر لە ٤٠ ڕۆژە مانی لە خواردن گرتووە و هەروەها حشمەتوڵا تەبەرزەدی کە بۆ پشتگیری لە کەبوودوەند دەستی داوەتە مانگرتن، وتەوە و داوا لە کوڕ و کۆمەلە مرۆڤ دۆستە نێودەوڵەتییەکان کرا کە بۆ ڕزگار کردنی گیانی کەبوودوەند و تەبەرزەدی و هەموو بەندکراوانی سیاسی بەندیخانەکانی ئێران هەوڵی پێویست بدەن و بە پیر بانگەوازی نەیارانی ئەو ڕژیمە دژی گەلییەوە بێن.

PDF Compressor Free Version

هاوڕێیانی حیزبی پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان،یان بە شێوەیەکی بەربڵاو(با پەیامەکەی کەبوودوەند بکەین بە ڕێنوێنی نارەزایەتیدەربڕینەکانی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ) بەزمانی فارسی لەنێو بەشدار بووان بڵاوکردەوە.

پیویست بە ئاماژەیە کە ئەو خۆپیشاندانە بووە هۆی سەرنج ڕاکێشانی هاووڵاتیانی بریتانی و ئەو ڕێبوارانەی کە بەو گۆڕەپانە دا تێپەڕ دەبوون.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بریتانیا**













PDF Compressor Free Version






# خۆپێشاندانی کۆمیتەی هەماهەنگیی کوردەکانی بریتانیا بۆ پشتیوانی لە کەبودوەند

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵە بریتانیاییەکان بۆ لای دۆخی نالەباری محەممەد سەدیقی کەبودوەند بەرپرسی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ پشتیوانی لە داخوازە ڕەواکانی ناوبراو، ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی١٢ جولای ٢٠١٢ لە کاتژمێر ٣ تا ٥ ی دوانیوەڕۆ لە بەردەم پارلمانی بریتانیا خۆپێشاندانێک بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوی بریتانیا و هاوکاری بێ وێنەی بزوتنەوەی سەوزی لەندەن ڕێک خرا.

خۆپێشاندانەکە بەسرووی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد و پاشان لە لایەن خۆپێشاندەرانەوە بە وتنەوەی دروشمی جۆراو جۆر، پەیوەست بە ئازادی کەبودوەند و زیندانیانی سیاسی و هەروەها دەیان دروشمی دیکە دژی ڕژیمی ئاخوندی لە لایەن بەشداربووانەوە دەوترانەوە. جێگەی ئاماژەیە کە لە نێوئاخنی دروشم و شۆعارەکاندا، چەندین سروودی شۆڕشگێڕانە بە ئامێری بلیندگۆ بڵاو دەکرایەوە کە بووە هۆی گەرمتر کردنی خۆپیشاندانەکە.

خۆپێشاندران بە بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهیدان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو دوکتور سەعید شەرەفکندی و وێنەی زیندانیانی سیاسی و ئیعدامکراوان و پەتی سێدار، کەش و هەوایەکی



PDF Compressor Free Version










تایبەتیان بە جێگەی خۆپێشاندانەکە بەخشیبوو.

دوو راگەیندراو لە بارەی ژیانی کەبودوەند بەزمانی ئینگلیسی بە نێو هاوولاتیانی بریتانی و ئەو گەشتیارانەی کەبەو شوێنەدا لەحالی هات و چۆ دابوون بلاودەکرانەوە.

لەپیوەندی لەگەڵ دۆخی نالەباری کەبودوەند نامەیەک بە نوێنەرایەتی ئەو خۆپێشاندانە ئامادە کرابوو کە لەلایەن هەیئەتێک لە بەشداربووانەوە ئاراستەی دەفتەری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا کرا.

پاشان دەقی کۆپی ئەو نامەیە بۆ ئەو کاربەدەست و پارلمانتەرانەش کە لە خوارەوە ناویان هاتووە بەرێکرا:

بەرێز ویلیام هیگ وەزیری دەرەوەی بریتانیا

بەرێز رێچار ئۆتاوای سەرۆکی کۆمیتەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە پارلمانی بریتانیا.

بەرێز بێن والیس سەرۆکی گرووپی پارلمانتاران بۆ کاروباری ئێران.

بەرێز دوکتۆر هایوێک فرانسیس سەرۆکی کۆمیتەی هاوکاری مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا

بەرێز فابین هەملتۆن جێگری سەرۆکی سەرۆکی گرووپی پارلمانتاران بۆ کاروباری ئێران.

دەقی نامەکە بەم شێوەیە بوو:

بەرێز جەنابی سەرۆک وەزیرانی بریتانیا دیوید کامرۆن

سەبارەت بە مانگرتن لە خواردنی محەممەد

PDF Compressor Free Version





ئێمە بە دیتنی پشتگیری ئێوەی بەڕێز لە جووڵانەوەی دیمۆکراسی خوازی ئێرانی بە تایبەت لەو کات و ساتە مێژووییەدا کە داواکاری بۆ ئاڵوگۆری دیمۆکراتیک تەنات لە ناوخۆی ئێراندا لەو پەری خۆیدا، گەلێک دڵگەرم و دڵخۆشین.

ئەمن دڵنیام پێویست ناکا وەبیرتان بێنمەوە کە داواکانی زیاتر لە ١٠ میلیۆن کورد بۆ سەرەتایی ترین مافەکانی خۆیان وەک نەتەوەیەک لە ئێراندا لە لایەن دەوڵەتی ئێران حاشای لێ دەکرێ و بە رەسمی ناناسرێ.

مەبەست لە نوسینی ئەم نامەیە ئاگادار کردنەوەی ئێوەی بەرێزە سەبارەت بە وەزعی نالەبارەیە کە داکۆکیکاری مافی مرۆڤی کوردستان بەرێز محەممەد سەدیقی کەبودوەند، رۆژنامەنوس و سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان تێیدایە.

بەرێز کەبوودوەند هەتاساڵی ٢٠٠٤ سەرنوسەری هەفتەنامەی پەیامی خەلکی کوردستان بوو کە بۆ دانی زانیاری لە سەر مافە کۆمەڵایەتی، سیاسی، کلتورییەکانی کورد تەرخان کرابوو.

کەبوودوەند ئێستا بە هۆی خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانە و دەربرینی بیر و بۆچوونەکانی بە ١٠ساڵ و نیو حەبس مەحکوم کراوە ولە زیندان دایە. ئەو بە ئیقدام بە دژی ئەمنییەتی میللی لە رێگەی دامەزراندنی رێکخراوی مافی مررۆڤی کوردستان مەحکوم کراوە.

کەبوودوەند بە هۆی بیر و راکانییەوە سزا دەدرێ و لە بەندی تاکەکەسی زیندانی کراوە چونکە لە سەر ئازادی بیر و را دەربرین و ئازادی رێکخراوە و داکۆکاری لە مافی مرۆڤ لە بەشی ئێرانی کوردستان هەنگاوی هەڵگرتووە. ئەو لە رێکەوتی ١ی مانگی جولای ٢٠٠٧ وە لە زیندانی ئەوینی تاران دەست بە سەر کراوە.

کەبوودوەند نەخۆشی گورچیلە و پرۆستاتی هەیە کە بە هۆی وەزعی نالەباری زیندان و نەبوونی پێراگەیشتنی پزیشکی هێندەی دیکە خەراپتر بووە. لە دەستپێکی دێسامبری ٢٠٠٨ دوکتوری زیندان گوتوویەتی کە ئەو گرفتی سەرەگێژە و فشار خوێنی هەیە و تاقە گورچیلەکەشی چاک کار ناکا و وەزعی سەلامەتی خەراپتر بووە.

لە رێکەوتی ژوئەنی ٢٠١١ دوکتورێکی سەربەخو کە کەبوودوەندی موعاینە کردووە، گوتوویەتی ئەو پێویستی بە ٢ نیشتەرگەری هەیە یەکەم بۆ کردنەوەی رەگی قەڵبی و دووهەمی بۆ پرۆستاتەکەی. جێگای ئاماژەیە بە رێز کەبوودوەند لە ماوەی زینداندا ٢٠ کیلۆ کز بووە.

ئێستا محەممەد سەدیق کەبوودوەند مانی لە خواردن گرتووە چونکە کاربەدەستانی زیندان ئیزنی دیتنی کورە نەخۆشەکەی و بنەماڵەکەی پێ نادەن. ئەو رایگەیاندووە کە درێژە بەو مانگرتن لە خواردنە دەدا و هیچ ناخوا هەتا ئەو کاتە کە ئیزنی دیتنی کورە نەخۆشەکەی پێ دەدەن. ئەورۆ ٣٤ رۆژە کە کەبوودوەند مانی لە خواردن گرتووە.

ئێمە زۆر نیگەرانی سەلامەتی کەبوودوەندین و داواکارین کە بەرێزت لە دیدار لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی ئەو مەسەلەیە باس بکەی و بۆ دابین کردنی پێراگەیشتنی پزیشکی و پشتگیری کۆرو کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەو بارەوە پشتگیری و یارمەتیمان بکەی.

**لە لایەن کۆمەڵەی کوردی لە لەندەن**

**لەگەڵ رێزی تایبەت**

**مەولود سوارە**

PDF Compressor Free Version

# بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و مانگرتنی کەبوودوەند،

# ئێوارە کۆڕێک لە شاری لەندەن سازکرا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی شەممە ٢١ی جولای ٢٠١٢ کومیتەی بریتانیای ریکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ئێوارە کۆریک بۆ ریز گرتن لە خەبات و مانگرتنی بەرێز کەبودوەند لە چاڵە ڕەشەکانی ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران و باسکردن لە ڕەوشی ئیستای سەرۆکی رێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان کە زیاتر لە٥٠ ڕۆژ بە سەر مانگرتنەکەیدا تێدەپەرێ بۆ کوردانی دانیشتووی لەندەن پێکهێنا. ڕیوەرەسمەکە کاتژمیر ٢ پاشنیوەرۆ و بە ئامادەبوونی هەیئەتێک لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا دەستپێکرد.

سەرەتا لە لایەن بەرێز ئازاد مافکۆ بەرپرسی ڕاگەیاندنی نوینەرایەتی ریکخراوی ناوبراو باسێک لە سەر وەزعی ئێستای کەبودوەند و زەخت و گوشاری رێژیم بۆ سەر بنەماڵەکەی پێشکەش بە ئامادەبوان کرا هەروەها بەرێزیان کار و چالاکییەکانی کوردانی دەرەوە و هەروەها و تێکۆشانی کەمپەین بۆ ئازاد کردنی کاک سەدیق کەبودوەندی بەرز نرخاند و هەڵوێستەی لە سەر چالاکی زیاتر و هەوڵدان بۆ بە رۆژەڤ کردنی پرسی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە رۆژهەلاتی کوردستان، لە ئاستی میدیای ئازاد و کۆمەڵگای نێونەتەوەی کرد تا بەم شێوە دڕندانەیە ڕێژیم نەتوانێ هەلسوکەوت لە گەل چالاکوانانی کورد لە ناو خۆی،وڵات بکات . لە درێژەی باسەکاندا کاک سەعید شەمس مامۆستای زانکۆ تێروانینی خۆی لە سەر لایەنە پۆزەتیڤ و نەرینیەکانی ڕاگەیاندنی کوردی لە سەر کەیسی بەریز کودوەند هێنا گۆری و گرینگی دان و هەولدان بۆ رزگارکردنی گیانی کاک سەدیق کەبودوەند لەو کاتەدا ئاستەمەداوەک ئەرکی هەنووکەیی هەموو لایەنەکان ناو برد .

دواتر بانگەوازی بەپەلەی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پیوەندی لەگەل گیانی کەبوودوەند لە مەترسی دایە،

PDF Compressor Free Version









دەبێ بە پەلە فریای بکەوین لەلایەن کاک عەبدوللا ئەمینی بۆ بەشداران خویندرایەوە. دواتر بەرێز عەلی ئەشرەفی ئەندامی شورای همبستگی مبارزات خەلکی ئێران باسیکی لە سەر لایەنی ئەخلاقی و مەعنەویەکانی خەباتی کەبودوەند و هەروەها کردەوە دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە زیندانیانی سیاسی پێشکەش بە ئامادە بووان کرد . هەروەها ئاغای کوثرلە لایەن کانون مشتاق و حیزبی خەلق عەرەب اهواز باسی لە پێویستی هاوخەباتی نەتەوەکانی ئێران کرد بەرامبەر

بە سەرکوتی بێ بەزەییانەی ڕۆڵەکانی ئەم گەلانە لە لایەن کۆماری جەهل ومرۆڤ کوژی کۆماری ئیسلامی. بەشێکی تری بەرنامەکە تەرخان کرا بۆ ڕا و پێشنیاری ئامادەبووان و دوایین برگەی کۆرەکە بە موسیقای بە سۆزی هونەرمەندانی گرووپی « ژ » بۆ رێزگرتن لە زیندانیانی سیاسی ڕازایەوە و تا کاتژمێر ٥ ئێوارە درێژەی کێشا .

**حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بریتانیا**

PDF Compressor Free Version






PDF Compressor Free Version





# دیداری نوێنەرێنەرانی حدک و ئەنجومەنی نێشتمانی کوردستانی سوریە لەگەڵ سەرۆکی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕێکەوتی ٢٩ی جونی ٢٠١٢ سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێز کاک خالید عەزیزی لە دیدارێک لەگەڵ سکرتێری ئەنترناسیونالی سوسیالیست سەبارەت بە پێویستی و گرینگی بەشداری کوردەکانی سوریە لەو ڕێکخراوە دا بە درێژی قسە و باسی کرد. هەر لەو

پیوەندیەدا و لە ژێر ڕووناکایی پێشنیار و ڕاسپاردەکانی بەڕێز کاک خالید دا، بەڕێز مەولود سوارە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەری حیزب بۆ کاروباری سۆسیالیست ئەنترناسیونال، هاوڕێ لەگەڵ هەیئەتێکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردەکانی سوریە پێک هاتوو لەبەڕێزان:

کاک عەزیز عوسمان(تالانی) وتەبێژی دەرەوەی ئەم ئەنجومەنە و کاک سیفەدین خەلیل، ئەمرۆ پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی جولای ٢٠١٢، لە مەقەری سەرەکەی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست، دیدارێکیان لەگەڵ بەڕێز لویس ئەیالا سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە پێکهێنا.

ئەم دانیشتنە کاتژمێر چوارونیو بۆ ٦ی ئێوارەی خایاند و سەرەتا لەلایەن مەولود

PDF Compressor Free Version

سواره هەیئەتی بەشدار لەم کۆبوەنەوەیەدا بە بەرێز ئەیالا ناسێندران و پاشان باسێک لەلایەن بەرێز لویس ئەیالا لەسەر ئەنترناسیونال و گرینگی ئەم رێکخراوەیە و هەروەها بەشداری کوردەکان و نەخش و رۆلیان لەم رێکخراوەیەدا باس کرا.

پاشان بەرێز عەزیز عوسمان وتەبێژی ئەنجومەنی کوردەکانی سوریە، باسێکی لەسەر کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و دەور و کاریگەر ئەوان لە دیاری کردنی چارەنووس و داهاتووی سوریە پێشکەش کرد، ئەوە جگە لەوەی کە پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی سوریەی وەک هەنگاوێکی گرینگ بۆ دەستبەر کردنی ماف و داواکارییەکانی گەلەکەمان لە سوریە بە پێویست زانی.

بەرێز لویس ئەیالا زۆر بە گەرمی بە خێر هاتنی کردن و خۆشحاڵی خۆی لەم دیدارە دەربری و سوپاسی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد بۆ پێک هێنانی ئەم دەرفەتە و هەروەها بەهەیئەتی بەشداری ڕاگەیاند کە جێگای کوردەکانی سوریە لە ئەنترناسیونال بەتاڵ بوو کە خۆشبەختانە ئەم جێگایەش بە هاتنی نوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی سوریە پڕ کرایەوە و لەم و بەدوا ئێوە بۆ هەموو کۆبونەوەو چالاکیەکانی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بەشدار دەبن.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان- بریتانیا**



PDF Compressor Free Version



# دیداری هەیئەتێکی حدک لەگەڵ بەڕێز لۆرد ئیریک ئیفبیری

# جێگری کۆمیتەی پارلمانی مافی مرۆڤی بریتانیا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی جولای ٢٠١٢ی زایینی کاتژمێری ١٢ بۆ ١ی پاش نیوەڕۆ هەیئەتێکی حیزبی پێک هاتوو لەبەڕێزان کاک مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا و کاک فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە سەردانی بەڕێز لۆرد ئیریک ئیفبیری،یان کرد.

لەم دانیشتنەدا سەرەتا باسێک لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانی سوریە کراو و نەخشی و ڕۆلی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لە یەک نیزیک کردنەوەی هێزو لایەنە سیاسیە کوردیەکانی ئەو بەشەی کوردستان و بە تایبەت ڕۆلی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەنابی مسعود بارزانی لەو پیوەندیەدا بەرزنرخێندرا. هەلسوکەوتی رژیمی بەشار ئەسەد و کاریگەری و دەستێوەردانی ئێران و تورکیە هەروەها پیشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەو نێوەدا هاتە بەرباس و لێکدانەوە. هەر لە تەوەرەی باس لە سەر ڕووداوەکانی کوردستان، باس لە ناکۆکییەکانی حکومەتی فیدرالی عێراق لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت کەمتەرخەمی و پێشێلکارییەکانی نوری مالکی بەرامبەر بە یاسای بنەڕەتی عێراقی فیدرال کەوتە بەرباس و هەیئەتی حیزبی ئاماژەی بە دەستوەردانی ڕژیمی ئێران لە کاروباری ناوخۆیی عێراق و هاندنی دەسەڵات دارانی ئەو وڵاتە بۆ دژایەتی کردنی کورد کرد و پێی وابوو کە ئەو هەڵوێستەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوەندی عێراق، ئەو وڵاتە بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەبات و ڕەنگە لە داهاتوو دا پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە، بە تایبەت گەلی کورد بگەیەنەتە ئەو قەناعەتەی کە بڕیاری دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بدەن.

بەشێکی تری باسەکان تەرخان کرا بۆ باس لەسەر پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بە گشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی و هەروەها ناڕوونی چارەنوسی محەممەد سەدیق کەبودوەند بەرپرسی مافی مرۆفی کوردستان.

پێویست بە ئاماژەیە کە لەم دانیشتنەدا تازەترین دێکۆمێنتەکان لە پەوەندی لەگەڵ پیشێلکاریەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێران دژ بە مافی مرۆڤ لە کوردستان پێش کەشی بەڕێزیان کرا.

# کۆبوونەوەی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی سەبارەت به فەرمی ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد لە بریتانیا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا کۆبونەوەیەکی بۆ نوێنەرانی حیزب و لایەنەسیاسیەکانی کوردستان لە بنکەی سەرەکی خۆی لە لەندەن پێک هێنا.

ئەم کۆبونەوەیە کە بە بەشداری نوێنەری هەرچوارپارچەی کوردستان لەکاتژمێری ١٢ی نیوەڕۆ بۆ ٢ی پاش نیوەڕۆ ی ڕێکەوتی ١٤ی ئۆگوستی ٢٠١٢ دەستی پێ کرد، سەرەتا لە لایەن کاک خسرو ئاژگەیی سکرتێری یەکەمی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا لەسەر ئی پتیشنەکە « پێگەی واژوو کۆکردنەوە» و هەروەها ئەو کارانەی تا ئێستا لەو پەیوەندییە دا کراون بۆ بەشدارن دوا و پاشان هەرکام لە بەشداران لەسەر شێوەی کەمپینەکە پێشنیار و بۆچونی خۆیان لەو پەیوەندیەدا خستە ڕوو. هەروەها بڕیار درا کە بەڕێز کاک خسرو ڕاوبۆچون و پێشنیاری لایەنە بەشداربووەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بخاتە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەداهاتووی نزیک دا کۆمیتەیەک بۆ ئەم مەبەستە پێک بهێندرێت.

ئەم کەمپینە لەلایەن ئەندامێکی پارلمانی بریتانیاوە بەڕێز نەدیم زەهاوی وەڕێخراوە.
مەبەستی سەرەکی ئەم کەمپینە بۆ کۆکردنەوەی ١٠٠هەزار ئیمزایەو بۆ بە فەرمی ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد کە:

دەیان هەزار کەس لەلایەن ڕژیمی سەدام حوسین کوژران لە کاتێکدا کە جیهان پشتی لە گەلی کورد کرد، هەر لەوپیوەندیەدا گەلی کورد ماوەیەکی یەکجار زۆرە چاوەڕیی دادوەری دەکات و داوا لە حکومەتی بەریتانیا دەکات بەشێوەیەکی فەرمی جینۆسایدی گەلی کورد بناسێنێت بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو تاوانە دووبارە نەبێتەوە.

لەو پیوەندیەدا داوامان ئەوەیە ئەوکەسانەی کە لە بریتانیا دەژین پشتگیری لەم هەڵە بکەن و بە نوسین نێوی خۆیان لەو ناو و نیشانەی

PDF Compressor Free Version





خوارەوە ئەرکی مێژوویی خۆیان دەرحەق بە گەل و نەتەوەکەمان بە ئەنجام بگەیەن.

٣١٠١٤/http://epetitions.direct.gov.uk/petitions

پێویست بە ئاماژەیە کە بەرێز مەولود سوارە ئەندامی رێبەری حیزب و نوێنەری حیزب لەبریتانیا بەشداری ئەم کۆبوەنەوەیە بوو.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا



PDF Compressor Free Version

Kurdistan Democratic Party
Bureau Of Interbational Relations. UK
KDP- IRAN
حیزبی دیموکراتی کوردستان . نوێنەرایەتی بەریتانیا
حزب دمکرات کردستان . نمایندگی انگلستان

No: KRG 01

Data: 27/3/12

بۆ هەموو کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا

لەگەل سلاوێکی گەرم و برایانە!

بەڕێزان هەروەك ئاگادارن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا بە بۆنەی کارەساتی هەلبجەو ئەنفالەوە و بەهاوکاری بەشێکی بەرچاو لە پارلمانتاران و لۆردەکانی بریتانیا ئی پتیشنەکی بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ بە نەتەوەی کردنی ئەم رۆژە وەرێ خستوە.

ئەرك و وەزیفەی ئیمە چە وەك ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چە وەك کوردێکی دڵسۆز لەو پیوەندیەدا بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکە مێژوییەیەو پێویستە تواناکانمان سەریەك خەین بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر بتوانین ئیمزا کۆ بکەینەوە، تکایە داوا لە دۆستان و ئاشنایان و خەڵکانی بیانی بکەن کە ئەم ئی پتیشنە ئیمزا بکەن.

پیویستە ئاگادارتان بکەم کە یەك ساڵ مۆڵەتمان هەیە بۆ کۆکرنەوەی سەد هەزار ئیمزا بۆ بە نەتەوەی کردنی ئەم رۆژە، تەنیا ئەو کەسانەش دەتوانن ئیمزای بکەن کە لە ئینگلستان دەژین.

تکایە بۆ ئیمزا کردنی سەیری ئەم لینکە بکەن:

http://epetitions.direct.gov.uk/petitions/31014

سەرکەوتووبن چاوەرانی نێو ئیمزکانتانین لەم ئی پتیشنەدا

براتان مەولود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا

تێ بینی: پیویستە هەر کۆمیتەیەك لیستی ئەو ئەندام و دۆستانەی کە ئیمزیان کردوە بینوسێت و بیداتەوە بە تشکیلاتی حیزب لە بریتانیا.

Address: KDP
PO BOX. 1402
London W6 7ZT
websit:kdppress.org
E-mail: kdp_uk@yahoo.com
kdpeu@yahoo.com
Mobile: (+44) 79 47 64 5239

PDF Compressor Free Version

SOCIALIST INTERNATIONAL

June 2012

**Iran-Kurdistan Democratic Party, KDP**
Iran

**XXIV Congress of the Socialist International**

Dear friends,

The **XXIV Congress of the Socialist International** will be held in **Cape Town, South Africa,** on **Thursday 30, Friday 31 August** and **Saturday 1 September 2012**, hosted by the African National Congress (ANC). On behalf of our global movement of social democratic, labour and socialist parties, I would like to extend a warm, fraternal invitation to your party to be represented as guests at this Congress.

Our Congress, which takes place once every four years, is the supreme body of the Socialist International and the occasion for social democratic leaders from all continents and regions to gather in the largest progressive platform in global politics. The Congress will define our priorities and objectives on the world economy, democracy and rights, multilateralism, peace and conflict resolution.

Dear friends, I sincerely hope your party will be able to join us on this historic occasion of the first Congress of our movement to be held on the African continent. Please find attached further details including the full agenda of the Congress and other technical information.

We look forward to hearing from your party and to the participation of your representatives in the XXIV SI Congress.

Warm regards,

Luis Ayala
Secretary General

SOCIALIST INTERNATIONAL, MARITIME HOUSE, OLD TOWN, CLAPHAM, LONDON SW4 0JW UNITED KINGDOM
T: (44 20) 7627 4449 | F: (44 20) 7720 4448/7498 1293 | E: secretariat@socialistinternational.org
**www.socialistinternational.org**

PDF Compressor Free Version

# بەشداری هەیئەتییێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٤مین کۆنگرەی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست

کاتژمێری ١٠ی سەرلەبەیانی ئەمرۆ پێنجشەممە ٣٠ی ئۆگوستی ٢٠١٢ی زایینی لە کیپ تاون، یەکێک لە شارە بە نێوبانگەکانی ئەفریقای باشوور، ٢٤مین کۆنگرەی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست دەستی بەکارەکانی کرد. لەسەر بانگێشتی فەرمی ئەنترناسیونالی سوسیالیست لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبمان بە سەرپەرستی بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز کاک مستەفا شەلماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی یەکەمی حیزب لەدەرەوەی وڵات، خوشکە گوڵالە شەرەفکەندی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کاک مەولود سوارە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب بۆ کاروباری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بەشداری ئەم کۆنگریەن. لە ڕۆژانی داهاتوو لە چەند و چۆنی و ئاکامەکانی کۆنگرە ئاگادارتان دەکەینەوە.

**نوێنەرایەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بریتانیا**
**٣٠ی ئۆگوستی ٢٠١٢**

PDF Compressor Free Version



# ٢٤مین کۆنگرەی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست دەستی بەکارەکانی کرد



لە ژێر درووشمی بۆ کۆمەڵگایەکی نێودەوڵەتی نوێ و بۆ نوێکردنەوەی کلتوری یەکگرتویی کاتژمێری ١٠ی سەرلەبەیانی ٣٠ی ئۆگوستی ٢٠١٢ لە کەیپ تاون،ی ئەفریقای باشور ٢٤مین کۆنگرەی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بە بەشداری ئەحزابی سۆسیال دیموکرات لە سەراسەری دونیا دەستی بەکارەکانی کرد.

هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستی بەرێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ، بەرێز کاک مستەفا شەلماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی یەکەمی حیزب لەدەرەوەی ولات، خاتوو گولالە شەرەفکەندی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کاک مەولود سوارە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب بۆ کاروباری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بەشداری ئەم کۆنگرەیە بوون.

سەرلەبەیانی کاتژمێری ١٠و ٤٥ دەقیقە کۆنگرە بە وتەکانی سەرۆکی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بەرێز جۆرج پاپاندریۆ دەستی پێکرد و ناوبراو داوای دەقیقەیەک بێدەنگی کرد بۆ یادی نوێنەرێکی ولاتی غەنا کە قەرار بوو بەشداری کۆنگرە بێت بەڵام پێش هاتنی کۆچی دوایی کردووە.

پاشان پەیامی سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەی ئەفریقا جاکوب زوما، لە لایەن بەرێز گالما مۆتلانتێ جێگری سەرۆکی کۆماری ئەفریقای باشوور و جێگری سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەی ئەفریقا خوێندرایەوە کە تێیدا وێرای بەخێر هێنانی بەشداران، ئاواتی سەرکەوتنی بۆ کۆنگرە خواستبوو.

PDF Compressor Free Version



لوئیس ئەیالا سکرتێری گشتی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال بەڕێوەبەری کۆنگرەکەی کرد و سەرۆکی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال بەڕێز جۆرج پاپاندرۆ لە نوتقی کردنەوەی کۆنگرەدا، لە سەر گرفتەکانی سەردەم و پێویستی یەکگرتوویی بە شێوەی نوێ لە نێوان خەڵکی دونیا بۆ ڕاست کردنەوەی هەموو ئەو بڕیارە نادروستانە کە جیهانی تووشی ئەو هەموو کێشە و قەیران کردووە، دوا. ناوبرا گوتی بۆ گەشەکردنێکی تەندروست و بەردوام دەبێ شێوەی بیرکردنەوە و بڕیاردان بگۆرێ. بە یەکەوە بڕیار بدەین نەک تەنیا بە قازانجی ساحیب هێز و سەرمایە بڕیار بدەن.

یەکگرتوویيمان لە سەر بنەمای یەکسانی هەموومان بێ و بۆ ڕاوەستان لە دژی ئەو شەپۆلە تازەیەی خۆ بەزل زانی و خۆسەپاندنە، با بە یەکەوە خەبات بکەین.

تەوەری قەیرانی ئابووری و چۆنییەتی ڕووبەڕوو بونەوەی ئەو وەزعە لە لایەن چەند قسەکەر باسی لە سەر کرا. کە بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە ناوی سێغۆلەن ڕۆیال و کەمال قلیج دارئۆغلوو بکرێ.

لە پەراوێزی بەرنامەکانی کۆنگرە،

حیزبەکانی کوردی بەشدار لە کۆنگرەی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال کۆبوونەوەیەکیان بۆ باس لە سەر چۆنییەتی چالاک کردنی گروپی کاری کوردان لە سۆسیال ئەنتێرناسیۆل پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا لیژنەیەک دیاری کرا بۆ ئامادە کردنی گەڵاڵەیەکی پێشنیاری بە ناوی هەموو حیزبە کوردستانییەکانی بەشدار لە کۆنگرە سۆسیالیستی ئەنتێرناسیۆنال.

لە پاش نیوەڕۆی کاری کۆنگرە دا بەڕێز جۆرج پاپاندریۆ وەک تەنیا پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی ئەو ڕێکخراوەیە، دەنگی متمانەی پێ درایەوە. ئەوجار بۆ هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی ئێس ئای هەرکام لە بەڕێزان لوئیس ئەیالا و مونا سالین کە خۆیان بۆ ئەو پۆستە کاندید کردبوو لە سەر بەرنامەکانی خۆیان قسەیان کرد. دواتر ئەوانەی بۆ پۆستی





جێگری سەرۆکی ناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهان خۆیان پاڵاوتبوو، بۆ ناساندنی خۆیان چەند وتەیەکیان پێشکەش کرد.

لە پەراوێزی ئەو بەشە لە بەرنامەی کاری کۆنگرەدا، هەیئەتی حیزب چاوی بە بەشێکی بەرچاو لە سیاسەتوانان و هەیئەتی حیزبەکان کەوت کە دەکرێ لە ناویاندا ئاماژە بە بەڕێزان جۆرج پاپاندریۆ سەرۆکی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال و هەردوو کاندیدی پۆستی سکرتێری گشتی ئەو ڕێکخراوە خاتوو مۆنا سالین و لوئیس ئەیالا بکرێ. جێی ئاماژەیە لەو دیدارانەدا کتێبی ڕەحمانی کوردان کە لە سەر ژیان و خەبات و شێوەی شەهید کرانی دوکتور قاسملو ڕێبەری حیزب نوسراوە، وەک دیارێکی بە نرخ لە لایەن بەڕێز سکرتێری گشتی حیزبەوە پێشکەشی ئەو بەڕێزانە کرا.

پێویست بە وتنە کە لە کێبەرکێی نێوان مۆنا سالینی سوئێدی و لوئیس ئەیالای شیلایی، لوئیس ئەیالا بۆ جارێکی دیکەش وەک سکرتێری گشتی ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست هەڵبژێردرایەوە.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**لە ئەنترناسیونالی سۆسیالیست**
**٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١٢ ئەفریقای باشوور**

PDF Compressor Free Version










PDF Compressor Free Version









PDF Compressor Free Version

# ڕاپۆرتێک سەبارەت بە ڕۆژی دووهەمی ٢٤مین کۆنگرەی سۆسیالیست ئەنترناسونال



ناوەندی هەواڵ- کیپ تاون،ئافریقای باشوور: ڕۆژی هەینی ٣١ی ئاگۆستی ٢٠١٢ زایینی کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی بەڕێز جۆرج پاپاندرۆ ڕۆژی دووهەمی کارەکانی کۆبونەوەوکەی کردەوە و داوای لە بەڕێز جاکۆب زۆما سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەی ئەفریقا، کە هاوکات سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوور،یشە کرد وتارەکەی سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووبەڕوو بونەوە لەگەڵ قەیرانی ئابووری لە جیهاندا پێشکەش بکات.

بەرێز زۆما گووتی: سۆسیال ئەنترناسیونال بۆ من سیمبولی جوڵانەوەی دادپەوەری کۆمەڵایەتی، ئازادی خوازی و یەکگرتووییە. ئەو پێ وابوو بۆ چارەسەری قەیرانەکانی دونیای ئەورۆ پێویستە دەنگی بێبەشان و بێ دەوڵەتان بەشێک بێ لەو خەباتە.

ناوبراو لە بەشێکی دیکە قسەکانی دا گووتی: بەداخەوە تا ئێستا ئەو دەوڵەتانەی ساحەب قسە و بڕیار بوون، دەوڵەتانی دەوڵەمەند بوون، ئێستا بۆ گۆرینی ئەوە سیستەمە پێویستیمان بە یەکگرتوویەکی تازەی نێو نەتەوەیی هەیە. بەڕێز زۆما پێی وا بوو مادام هەژاری لە دونیا دیاردەیەکی ژنانەیە چوونکە ٢ لە سەر سێی هەژارانی جیهان لە ژنان پێک دێن، بۆیە پێویستە خەبات بۆ بن بڕ کردنی هەژاری لە جیهاندا بە ژنانە بکرێ. بە واتایەک پێداگری لە سەر بە هێز کردنی ژنان خاڵیکی سەرەکییە بۆ خەبات بە دژی هەژاری. خاڵیکی دیکەی گرینگ کە لە باسەکانی زوما ئاماژەی پێکرا، بە فەرمی ناسینی کاری بێ موچە و ناڕەسمیی بوو کە ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەو دیاردەیە بەرچا دەکەوێ.

زۆر حیزبی بەشدار لە کۆنگرە لە باسەکاندا چالاکانە بەشدارییان کرد و لە سەر ڕاوەستان لە دژی قەیرانی ئابووری دووهەم، بۆ وەدی هێنانی کۆمەڵگایەکی نێودەوڵەتی کە هەمووان خۆی تێدا ببیننەوە پێداگریان کردەوە.

یەکێکی دیکە لە وتەبێژانی پانێلی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال بەرێز کاک مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو کە تیشکی



خستە سەر گرووپی کاری کوردان و بەشداری کوردان لە سۆسیال ئەنتێرناسیۆناڵ.

جێگای ئاماژەیە هەیئەتی حیزبی چالاکانە بەردەوام بوو لە دیتن و گەیاندنی دەنگی چەوساوەیی خەڵکی کورد بە گشتی و کوردستانی رۆژهەڵات بە تایبەتی بە هەموو حیزب و رێکخراوەکانی بەشدار لە کۆنگرەدا.

ئەو حێزب و رێکخراوانەی کە لە رۆژی دووهەمی کۆنگرە دا هەیئەتی حیزبی دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ پێک هێنان بریتی بوون لە:

بەرێز جاکۆب زووما سەرۆکی ئافریقای باشور و سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقای باشور و پێشکەش کردنی کتێبی رەحمانی کوردان بەو بەرێزە و گەیاندنی پەیامی کوردان بۆ جەباتی گەلی ئافریقا.

مۆنا سالێن بەرپرسی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی سوئێد

خاتوو سێخولان روویال سەرۆکی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە

خاتوو زیتا گورمای سەرۆکی ژنانی سۆسیالیست لە پارلمانی ئوروپا

خاتوو ئێنکە ئێنکێجارگاڵ جێگری سەرۆکی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال ژنان بۆ ئاسیا

تانیس ئەیاکۆ لە سەر لیستی سۆسیال دیموکراتی وڵاتی ژاپۆن

تسۆگتباتار دامدین لە حیزبی گەلی مۆنگۆلیا

بەرێز سوک باتاریان باتبۆلد سەرۆکی حیزبی گەلی مەخولستان و سەرۆک وەزیرانی مەخولستان

بەرێز ساتافرای چاتور ڤیدیی سکرتێری کۆنگرەی نەتەوەی هیندووستان

قازی عیسا موسا سەرۆکی مافی مرۆڤی کورد لە ئافریقای باشور

باربارا بێرگێر نوێنەری ژنانی پارتی سۆسیال دێمۆکراتی سوئیس ئێس پێ

ئالیس وێر تامپسن رێکخەری نێونەتەوەیی کێنیا

PDF Compressor Free Version

له سه‌رجه‌م دیداره‌کاندا کتێبی ڕه‌حمانی کوردان و ڕاپۆرتی کۆمیته‌ی مافی مرۆڤی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هه‌روه‌ها نامیلکه‌یه‌ک له سه‌ر مێژووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێشکه‌ش به‌و دۆستانه کرا.

### نوێنه‌رایه‌تی حیزبی دێموکراتی کوردستان له سۆسیالیست ئه‌نترناسیونال












PDF Compressor Free Version
















PDF Compressor Free Version











PDF Compressor Free Version







PDF Compressor Free Version








PDF Compressor Free Version











PDF Compressor Free Version







PDF Compressor Free Version









PDF Compressor Free Version

# ئێوارە خوانێک لەلایەن
# کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقای باشوور



ئێوارەی ١ی سێپتامبەری٢٠١٢ و لە کۆتایی دوابین ڕۆژی کۆنگرە دا بەشدارانی ٢٤مین کۆنگرەی سۆسیالیست ئەنترناسیونال میوانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقای باشوور بوون لە هوتێل وێستین لە کەیپ تاون لە ئێوارەخوانێکی ڕازاوە دا بەشدارییان کرد.

گرینگی ئەو بەرنامەیە تیشک خستنە سەر هەمەرەنگی کلتوری بوو کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە جل و بەرگی ئەو میوانانەی لیباسی نەتەوەکانیان لە بەر کردبوو یان ڕەمزی کلتوری یان تێدا ڕەچاو کردبوو دەبیندرا.

ژەنینی موزیکی زیندوو و سەمای هونەرمەندانی ئەفریقایی، جۆش و خرۆشی خستە ناو میوانەکان، بە شێوەیەک کە سیاسەتوانان لە قالبێکی خۆمالییانە لەو سەما و شاییە دا بەشداریان کرد. بەرێز جاکۆب زووما سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقا و سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە وەک هەوەڵ کەس دەست پێشەخەری شایی و هەڵپەرکەی ئێوارەخوانەکە بوو.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ئێوارە خوانەدا لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانی بەردەوام بوو و جگە لە گۆرینەوەی بیر وڕا، توانی لەگەڵ زۆربەی بەشداران و میوانان ڕاوڕاوێژ بکات و نوێنەرایەتی مەسەلەی کورد بکا. ئەمڕۆ توانرا لەگەڵ ئەم بەڕێزانە دیدار بکرێت:

- بەڕێز جاکۆب زوما سەرۆکی کۆماری و سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەی ئەفریقا
- بەرێز جورج پاپاندرۆف سەرۆکی سۆسیالیست ئەنترناسیونال
- بەڕێز لویس ئەیالا سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست
- پرۆفێسۆر نەرمینا زایمۆویچ ئۆزنۆویج ئەندامی پارلمان بۆسنی هێرزێگۆیینا
- بەڕێز ئەفشالۆن ئەبوو فیلان سکرتێری گشتی فدراسیونی کشاورزان
- بەرێز ماکس مۆرفی بەرپرسی بەشی پەروەردە و فێرکردنی لیبەرپارتی کانەدا
- بەرێز لاپۆ پیس تێلی بەرپرسی بەشی پەیوندییە نێونەتەوەیەکان لە حیزبی دێموکراتی ئیتالیا
- خاتوو بیاتریس پارادێس جێگری سۆسیال

PDF Compressor Free Version









دێموکراتی میکزیک
- خاتوو باربارە بەرگیر سکرتێری گشتی ڕێکخراوی ژنانی سۆسیالیستی سویس
- خاتوو رووت مانگواتۆ بەرپرسی بەشی بەڕێوەبەری گەشت و گوزار لە کەیپ تاون
- فیفیانا پینێرۆ سەرۆکی یەکیەتی نێونەتەوەی لاوانی سۆسیالیست
- بەڕێز کەریم پاکزاد بەرپرسی پیوەندیە نێونەتەوەیەکانی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە

- خاتوو فیفیان پینیریۆ یەکیەتی نێونەتەوەی لاوانی سۆسیالیست ئەنترناسیونال
- خاتوو بیتریز تێلێگۆن یەکیەتی نێونەتەوەی لاوانی سۆسیالیست ئەنترناسیونال
- خاتوو سێسیلیا دالمان ئیک جێگری سەرۆکی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوئێد

- دکتۆر ئەلگیردۆ بوتکی فیسیوس حیزبی سۆسیال دێموکراتی لیتوانی
- بەڕێز کریستین جانسۆن ئەندامی ڕێبەری سۆسیال دێموکراتی دانمارک
- خاتوو شانتال کام بیوا سەرۆکی ڕێکخراوە مەدەنیەکان لە کامیرۆن
پێویست بە ئاماژەیە کە بە پێشکەش کردنی خواردن و خواردنەوە پێشوازی لە میوانان کرا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەنترناسیونالی سۆسیالیست**

PDF Compressor Free Version









PDF Compressor Free Version













PDF Compressor Free Version











PDF Compressor Free Version









PDF Compressor Free Version











PDF Compressor Free Version











PDF Compressor Free Version










PDF Compressor Free Version











PDF Compressor Free Version











PDF Compressor Free Version



# ڕاپۆرتی ڕۆژی سێهەمی کۆنگرەی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست و دەقی وتەکانی بەڕێز خالید عەزیزی لەو کۆنگرەیە دا



ئەمرۆ ١ی سپتامبر رۆژی سێهەم و کۆتایی ٢٤مین کۆنگرەی ئینترناسیونالی سۆسیالیست دەستی بەکارەکانی خۆی کردەوە. سەرەتای دەسپێکی کۆنگرە لە لایەن بەرێز لویس ئەیالا سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست لەگەڵ بەخێرهێنانەوەی بەشداربووان، داوای لەبەرێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد بۆ پێشکەش کردنی وتەکانی تشریف بێنە سەر سەکۆی کۆنگرە.

لە ڕیزی وتارەکانی ئەمرۆ دا چەندین وتار لە لایەن نوێنەرانی گەلی کورد لە رۆژهەلات، باشوور و باکووری کوردستانەوە پێشکەش کرا کە برتی بوون لە:

لە رۆژهەلات کوردستانی خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لە باشوور کوردستان کاک مەلا بەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێری یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان

لەباکوری کوردستان خاتوو گولتەن کەساناک هاوسەرۆکی بدپ.

ئێمە لە ژێر ئەم هەواڵەوە دەقی ووتەکانی بەرێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست لە کەیپ تاون ئەفریقای باشوور

PDF Compressor Free Version



دەخەینە بەر دیدەی ئێوە ئازیز.

----------------------------------------------------------------------------------------------

بەرێز ئاغای جاکوب زووما سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقا و سەرۆکۆماری ئافریقای باشوور

بەرێز جۆرج پاپاندرۆ سەرۆکی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال

بەرێز لوئیس ئەیالا سکرتێری گشتی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال

بەشدارانی کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال

به شانازی دەزانم کە ئەورۆ لە کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال لەگەڵ ئێوەم هەتا تیشک بخەمە سەر جووڵانەوەی کورد لە ئێران بۆ دەستەبەر کردنی ئەو ئامانجانەی کە باوەرەکانی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالیشن وەکوو دیمۆکراسی جەماوەری،مافی مرۆڤ، لایەنەجۆربەجۆرەکانی یەکسانی وەک دادپەروەری، پشتگیری و گەشە پێدانی ئاشتی و بەرگری لە نرخەکانی مرۆڤایەتی .

چاخی کلتوری نوێی پشتگیری و بە نێونەتەوەیی بوون پێویستی بە هاوکاری و پێوەندی گەرم و گوورتر لە نێوان ئێمە دا هەیە.

وەک ئاگادارن هەر ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای دامەزرانی هێندێک دیمۆکراسی تازە لەو ناوچە ستراتێژیکییەی دونیا دا، بە دەورانی ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتیدا تێپەر دەبێ.

ئێمە بروامان وایە کە سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال توانا و ئیمکانی ئەوەی هەیە و پێویستە کە دەورێکی بناغەییتر لەو ناوچەیە دا بگێرێ.

حیزبە سیاسییە سەرکییەکانی کورد، مێژوویەکی دور و درێژی خۆشەویستی و پێوەندیان لەگەڵ سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال دا هەیە و لە هەما ن کاتدا وەفادارن بە بەهاکانی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال و زەمینە و توانای ئەوەیان هەیە کە هاوپەیمان و هاوکارێکی ئەمین بن بۆ ئێس ئای لە ناوچەدا.

کورد وەک نەتەوەیەکی وشیار، تێکەڵ لەگەڵ سیاسەت، ئۆرگانیزە کراو و چالاک ،فاکتۆرێکی

PDF Compressor Free Version






بەهێزە بۆ گەشە پێدانی سەقامگیری، ئەمنییەت، ئاشتی، ئازادی و دیمۆکراسی نەک تەنیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، بەڵکوو لە ڕادەی نێونەتەوەیش دا.

نوێنەرانی تێکۆشانی کورد بۆ چارەگە سەدەیەک بەردەوام هەوڵیان داوە کە لە تریبونی سۆسیال ئەنتێر اسیۆناڵ کەڵک وەربگرن بۆ بردنە سەری ڕاددەی زانیاری سەبارەت بە نەتەوەی کورد و گواستنەوەی ویست و داخوازەکانیان بۆ کۆر و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان.

ئەمن دڵنیام کە خاڵە بناغەییەکانی ویستی گەلی کورد لە ئێوە وەک بنەماڵەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال شاراوە نین.

کوردەکان بێگومان گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی دونیان کە وڵاتەکەیان دوو جار بە بێ ئیزن و ناگاداری خۆیان دابەش کراوە، جارێک لە ١٥١٤ و جارێکیش لە میانەی کێشەکانی دوای شەری جیهانی هەوڵ دا.

کورد لە ئێران بە تایبەتی، سێ چارەگە سەدە مێژووی خەباتی ڕێکخراوەیی هەیە بەربەرەکانی کردن لە بەرانبەر پێشێل کرانی مافە بناغەییەکانی خۆی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە.

حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام یاسا و ڕێسای نێوخۆیی و نێونەتەوەیی وەژێر پێ دەنێ لە بە زیندانی کردن، لێپرسینەوە و سزا دانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد. لە ڕاستی دا بۆ چەندین دەهە پلان و بەرنامەکی تایبەتی سەرپەرەستی کردووە بۆ سەرکوت کردنی چالاکانی کورد و کپ کردنی دەنگی

PDF Compressor Free Version



کورد.

لەو هەموو نمونە بێ ئەژمارانەی ئازار و ئەشکەنجەی رۆژنامەنوسان و چالاکانی کورد و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، ڕێگام بدەن باسی نمونەی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بکەم، کە هەر ئێستا لە زیندانی کۆماری ئیسلامی ئێران دایە و بە ١٠ ساڵ زیندان حوکم دراوە، تەنیا بە خاتری کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و پێوەندی کردن بە کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە.

کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە شێوەی سەرەکی گرینگی دەدا بە مەسەلەی چەکی ناوەکی و حکومەتی ئێرانیش هەوڵ دەدا یاری بەو پێداگرییەوە بکا بۆ ئەوەی سەرپۆش بخاتە سەر پێشێل کاری بنەرەتی و بەردەوامی مافی مرۆڤ لە ئێراندا. کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی و بنەماڵەی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال پێویستە بە خەڵکی کوردستان و ئێران نیشان بدەن کە جەوهەری هاوکاری و دەورەی بە نیونەتەوەیی بوونی تازە لەوە دایە کە دەنگی خۆیان هەڵبڕن و لە سەر کورد وەجواب بێن.

لە حاڵێکدا لێرە ڕاوەستاوم، لە کۆنگرەی ٢٤ی سۆسیال ئەنتێر ناسیۆنال بەشدارم و ئاوڕ لە مێژوو دەدەمەوە، مێژوویەی تێکەڵاویمانم وەبیرم دێتەوە، کاتێک ٢٠ ساڵ لەمەوبەر سەرۆکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان نرخێکی یەکجار گەورەی دا بۆ بەشداری کردن لە نۆزدەهەمین کۆنگرەی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال لە سێپتامبری ١٩٩٢ لە بێرلین. ئەو ئامادە بوو وەک داکۆکیکارێکی وەفادار بە ئامانجەکانی سۆسیال دێمۆکراسی، گیانی خۆی لەو ڕێگایەدا بەخت بکا . تێرۆری کرانی ئەو سەرکردەیە لە ماوەی کۆنگرەی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالدا پێوەندییەکی قووڵی لە نێوان حیزبی ئێمە و سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ دا پێک هێنا.

ئەمن لە سەر ئەو بڕوایەم کە لە بیستەمین ساڵیادی تێرۆری جینایەتکارانەی دوکتور سادق شەرەفکەندی لە ماوەی کۆنگرەی سۆسیال ئینتەر ناسیۆنال لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ دا نەک تەنیا دژی ئازادی، دێمۆکراسی و مافە بناغەییەکانی مرۆڤ بووە، بەڵکو تەنانەت دژی پرینسیپەکانی ئێس ئای،ش بووە و جێگای خۆیەتی هەمیشە لە لایەن ئەنترناسیونالی سۆسیالیست وە یادی بکرێتەوە.

**زۆر سوپاس**

# مەولوود سوارە: ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست بەباشی لە کەم و کەیفی لەتبوونی دێموکڕات ئاگادارە

بەڕێز مەولود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب و نوێنەری حیزب لەبریتانیا هەروەها نوێنەری حیزب بۆ کاروباری حیزب لە ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بۆ ڕۆژنامەی شەقام دەدوێت.

ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست بەباشی لە کەم و کەیفی لەتبوونی دێموکڕات ئاگادارە بۆیە تا ڕادەی تەرخان کردنی دەرەتانی وتاری ڕەسمی بە ئێمە وەک لایەنێکی دێموکرات و لە واقیعدا بۆ قسەکردن بە ناوی کوردی ڕۆژهەلات گرینگیمان بۆ دادەنێ.




**پ: کرانەوەی کۆنگرەی ئەمجارەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست و ڕادەی بەشداربووان و دروشمەکەی و بەرنامەکانی چۆن باسی دەکەی؟**

و: ئەم کۆنگرەیە کە لە ڕۆژانی ٣٠ ی ئاگووست تا ١ ی سپتامبری ٢٠١٢ بەڕێوە چوو، بەبۆنەی سەدەمین سالّی دامەزرانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقای باشوور، بە میوانداریی ئەو حیزبە کە سەرۆکەکەی بەڕێز جاکۆب زووما سەرکۆماری ولاتیشە، لە کەیپ تاون پێتەختی ئەو ولاتە بەڕێوە چوو. لە سەرجەم زیاتر لە سەت و پەنجا پارتی ئەندام و چاوەدێر لەو ڕێکخراوەدا، نوێنەرانی زیاتر لە سەت حیزبی سۆسیالیست و سۆسیال دێموکڕاتی جیهان بە پلە جۆربەجۆرەکانی ئەندامەتییەوە لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون.

کرانەوەی کۆنگرە بەپێی نەریت بە وتاری سەرۆکی خانەخوێ و وتاری جۆرج پاپاندریۆ سەرۆکی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست و لویس ئەیالا سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوە بەڕێوە چوو. دروشمی ئەمجارەی کۆنگرە بریتی بوو لە «لەپێناوی نێونەتەوەییگەرییەکی نوێ و کەلتوورێکی نوێی هاوپێوەندی». تەوەرە سەرەکییەکانی کۆنگرەش بریتی بوون لە وڵامی سۆسیال ئەنترناسیۆنال بۆ قەیرانی دارایی و ئابووریی جیهان، ڕەوتی دێموکڕاتیزاسیۆن و پرسی ماف و ئازادییەکان، ڕێگاچارە هاوبەش و هەمەلایەنەکانی بەدیهێنانی ئاشتی، .. هتد.

**ڕۆڵ و ڕابردووی بەشداریی کورد و جارەکانی بەشداربوونی نوێنەرانی کورد و بەشداریی حیزبی ئێوە لە سەرەتاوە تا**

PDF Compressor Free Version

**دابڕان و دواتریش باس بکە.**

باسکردنی وردی ڕۆڵ و رابردووی کوردەکان لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا دەرفەتی زۆری پێویستە و زۆر هەڵدەگری. من لێرەدا تەنیا دەتوانم ئاماژە بە هێندێک وێستگەی گرینگی ئەو رابردوویە بکەم . بەردی بناغەی پێوەندیی کورد و ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست رێبەری شەهیدمان د. قاسملوو دایناوە، چونکە سەرەتا پاش ئەوەی ناوبراو لەگەڵ کۆمەڵێک لە حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دێموکڕاتەکانی ئەورووپایی بەتایبەت لە فەڕانسە و سوئێد دۆستایەتیی دامەزراندبوو دیارە پێوەندی حیزبی دێموکرات ئەنترناسیونالی سۆسیالیست دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵەکانی ١٩٨٠ زایینی، حیزبی دێموکرات ساڵی ١٩٨٦ وەک میوان لە کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوە لە لیما پێتەختی پێروو بەشدار بوو.

لە بەرە بەری رزگاربوونی باشووری کوردستان، پارتە سیاسییەکانی ئەوێش وردە وردە دەستیان بە هاموشۆی ئەو ڕێکخراوە کرد (وا بزانم لە یەکێک لە سەفەرەکاندا نەوشیروان مستەفا و شازاد سائیب لەگەڵ د. قاسملوو بەشدار بوون). ساڵی ١٩٩٢ سکرتێری حیزب د. سادق شەرەفکەندی لە کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەدا لە بێرلین بەشدار بوو و بەداخەوە هەر پاش ئەو کۆبوونەوەیەش بوو کە تێرۆر کرا. ساڵی ١٩٩٦ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەودەم بەڕێز ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی بوو، لە بیستەمین کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوە کە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک بەسترا وەک ئەندامی چاوەدێر وەرگیرا. لە کۆنگرەی دواتردا کە ساڵی ١٩٩٩ لە پاریس بەسترا هەم ماموستا و هەم بەڕێز مامجەلال وتاریان پێشکەش کرد و وەفدێکیش لەلایەن پارتی دێموکراتی کوردستانەوە بە سەرۆکایەتیی بەڕێز رۆژ نووری شاوەیس بەشدار بوون. پێویستە بگوترێ کە کوردەکانی باکووری کوردستانیش لە سەرەتای ساڵەکانی ٢٠٠٠ ەوە رووویان لەو ڕێکخراوە کردووە. جیا لە بەشداریی هەمیشەیی حیزبی دێموکرات لە هەموو کۆنگرە و دانیشتنەکانی شوورا و کۆمیتە فەرعییەکانی وەک کۆمیتەی مێدیتەرانە و ئاشتی و دێموکراسیی ئەو ڕێکخراوەدا، لە دوای لەتبوونی حیزبیشەوە هەردووک لایەنی دێموکرات بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەو ڕێکخراوە بوون، کە ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێمە وەک حدک بەرچاوترین بەشدارییەکانمان لە کۆنگرەی پێشوو لە ئاتێن کە هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب بەشدار بوو و هەروەها کۆنگرەی ئەمجارە لە ئەفریقای باشوور.

**لەم کۆنگرەیەدا چ کەسانێک لە کوردەکان قسەیان کرد و ناوەڕۆکی قسەکانیان و کاریگەرییان لەسەر کاروباری کۆنگرە چی بوو؟**

لە کوردەکان، لە رۆژهەڵاتی کوردستان کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە باشووری کوردستان کاک مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسیی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و لە باکووری کوردستانیش خاتوو گوڵتەن کشاناک هاوسەرۆکی بەدەپە لەو کۆنگرەیەدا بە رەسمی وتاریان پێشکەش کرد. پێویستە بڵێم کە جیا لەو لایەنانە حدکا وهەروەها کۆمەڵە (باڵی عەبدوڵا موهتەدیش وەک میوان) لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون. لەسەر یەک لەو وتارانەدا سەرنج درابووە سەر مەسەلەی بوونی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بە ناوی کورد و مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کاریگەری و کاردانەوەکانی نێوان ئەو پرسە لەگەڵ پرسە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان بەتایبەتی بارودۆخی ئەو وڵاتانە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە

PDF Compressor Free Version



و هەروەها پێویستیی سەرنج و پشتیوانیی زیاتری کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی لەو نەتەوەیە.

**جیاوازیی ئەوکۆنگرەیە لەگەڵ ئەوانی دیکە بە گشتی و بەتایبەتی بۆ کورد لە چیدا بوو؟**

بەشێوەیەکی گشتی ئەو کۆنگرەیە لە بارودۆخێکی تازەی نێونەتەوەییدا بەسترا کە هەروەک ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە دەستووری کاری خۆی و دروشمی خۆیدا گونجاندبووی پێویست بوو ئەو ڕێکخراوە چ لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە جیهاندا و چ سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان بیر لە هێندێک وڵامی سەردەمییانەتر و گونجاوتر لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆ بکاتەوە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کورد، وەک جیاوازی دەکرێ ئیشارە بە چەند خاڵ بکەین. لەو کۆنگرەیەدا نەخش و ڕۆڵی حیزب و لایەنە کوردییەکان زۆر دیار و ڕێکوپێک بوو، بەتایبەت کە هەر لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەدا لایەنەکانی بەشدار لە گرووپی کاری کوردانda بۆ ساغکردنەوەی ئەو گرووپە لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا کۆبوونەوەیەکمان بە بەشداریی هەموو لایەنەکان پێک هێنا و پاش راوێژ و بیروڕا گۆڕینەوە هەیئەتێکمان دیاری کرد بۆ بەدواداچوون و چالاککردنەوەی ئەو گرووپە و ئامادەکردنی گەڵاڵەیەک بۆ پێشکەش کردن بە کۆنگرە. ئەو هاودەنگی و هاوئاهەنگییە لە جارەکانی پێشوو بەرچاوتر بوو. پاشان هەر ئەوە کە بۆ یەکەم جار لەلایەن کوردەکانەوە سێ وتار لە سێ بەشی جیاوازی کوردستان ڕا پێشکەشی کۆنگرە کرا، خاڵێکی بەهێز بۆ کوردەکان بوو.

**بڕیار و بەرنامە و راسپاردەی نوێی**

**کۆنگرە لەسەر کورد چی بوو؟**

هەر ئەوە کە جەنابی مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکیەتی نیشتمانی و سەرکۆماری عیراقی فیدرال بە دەنگێکی زۆر بە یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە هەڵبژێردرایەوە بۆخۆی دەسکەوتێک بوو.

هەنگاوی دیکەی کۆنگرە کە بۆ ئێمە گرینگیی هەبوو گرینگی دانیان بە کێشەی کورد و چارەسەری ئەم کێشەیە لە ناوچەدا بوو، و ئەو گرینگیدانە لە تەرخان کردنی کاتی وتارەکان بۆ سێ وتاری کوردی و هەروەها بەهێزترکردنی گرووپی کاری کوردان دا رەنگی دایەوە. لەوەش زیاتر لەنێو بڕیارەکانی کۆنگرەشدا بە روونی پاراگرافێک هاتووە کە لەودا بەرەسمی هەڵوێستی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لەو بارەوە و لەمەڕ پشتیوانیی راشکاوی ئەو ڕێکخراوە لە مەسەلەی کورد دیاری کراوە و ڕاگەیاندراوە. دیارە ئەوە یەکەم جار نیە کە شتی لەو بابەتە پەسند دەکەن، بەڵام وای دەبینم کە خوێندنەوەی ئەمجارەی کوردەکان لەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە کە زۆر لە حیزبەکانی ئەندامی پارتی دەسەڵاتداری وڵاتی خۆیانن تایبەتی بوو.

**ئایا ئێوە و کۆمەڵە ئەندامی فەرمین یا بەرئەندام؟ چۆن بوو حدک هەڵبژێردرا تا لەو کۆنگرەیەدا وتاری هەبێت؟**

لە کوردستان تەنیا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەندامی ئەسڵییە. کۆمەڵە وەک میوان بانگ کرابوو. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێمەش، راستییەکەی ئەوەیە کە بەشداریی سیستماتیک و رەسمیی ئێمە لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی ئەو ڕێکخراوە زۆرتر پێوەندیی بەو ستاتووسەیەوە هەیە کە حیزبی دێموکرات پێش لەتبوون لەو ڕێکخراوەدا هەیبووە. بەو مانایە کە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست بەباشی




له کەم و کەیفی لەتبوونی دیموکرات ئاگاداره بۆیه تا ڕادەی تەرخان کردنی دەرەتانی وتاریی ڕەسمی بە ئێمە وەک لایەنێکی دیموکرات و له واقیعدا بۆ قسەکردن بە ناوی کوردی ڕۆژهەڵات گرینگیمان بۆ دادەنێ.

لەڕاستیدا ئاست و کوالیتی پێوەندیی ئێمه هەر له سەرەتاوه له باشترین دۆخی دڵخوازدا بووه و زۆر لایەن ڕەنگە ئێستا ئارەزووی پێوەندییەکی لەو چەشنه بکەن.

ئەگەرچی من ئارەزوو دەکەم کە ئەگەر ئەو دوو حیزبه یەکیش نەگرنەوه، باش دەبوو کە لانیکەم لەو جۆره شوێنانه بەتایبەتی له ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا کە پێوەندییەکی مێژوویی لەگەڵ حیزبی دیموکرات هەیه توانیبامان یەکدەنگ و یەکگرتوو بجولێینەوه و تەنانەت وتاری هاوبەشیش پێشکەش بکەین.

**له ڕۆژنامەی شەقام له هەولێر بلاو بۆتەوه**

**له ژماره ٥٩٣ی ڕۆژنامەی «کوردستان» دا بڵاو بۆتەوه**

**ئەم وتووێژه لەلایەن کاک ئەحمەد سەفا له لەندەن ساز دراوه.**



PDF Compressor Free Version

PDF Compressor Free Version





ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست جەماوەریترین ڕێکخراوی جیهانییە کە حزبە چەپ و دیموکراتەکانی زیاتر لە ١٠٠ وڵات تێیدا بەشدارن و لە سەردەمی ئێستا تەنیا ڕێکخراوێکە لە لایەن هێزە سۆسیال دیموکراتەکانەوە توانیویەتی لە سەر ڕووداوەکان کاریگەری هەبێت و بتوانێت ئاراستەیەک بەو هێزانە بە تایبەتی بەرەو ئاڵوگۆڕی ئەرێنی لە ناو وڵات و لە ناو ڕێکخراوەکانیاندا ، بەتایبەت کە لە وڵاتانی ئەورووپادا ئەم هێزە حزبانە خاوەن پێگەو دەسەڵاتی زیاترن و لە گۆڕانی سیاسییەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە.

**ئاڵەقام**

لەندەن: ئەحمەد سەقا



## باشووری ئەفریقا، هەردوو دیموکراتەکانی ئێران زیاتر نزیکدەکاتەوە

# کورد لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالیستی سۆسیالیستیدا

کورد لە ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی

[illegible]

PDF Compressor Free Version

# ڕێوڕەسمی ٦٧ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا پیرۆز کرا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕێکەوتی ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٢ کاتژمێری ٢ی پاشنیوەڕۆ تا ٩ی شەو بەشێک لە ئەندامان و بنەماڵەکانیان و چەند هاوڕێی و نیزیکان و دۆستان لە یەکێک لە پارکەکانی ئێسێکس ڕێ و ڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ سالرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بەرزنرخاند.

لەگەل بەخێرهاتن و لەدۆستان و میوانان پەیامی دەفتەری سیاسی لەلایەن کاک ڕزگار قادر زادەوە بە بۆنەی ئەم ڕۆژە پێشکەشی بەشدار بووان کرا. پاشان بە خواردن و خواردنەوە پەزیرای لە میوانان و دۆستان کراو و تا درەنگای شەو لەو شوینە مانەوەو لە کۆتای بەرنامەکە دا بە شایی و هەلپەرکێ ٦٧مین ساڵەوەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان،یان پیرۆز کرد.

**کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**





# وڵامی سەرۆکایەتی وەزیران و دامودەزگاکانی حکومەتی بریتانیا بۆ داواکاری کوردانی ئەو وڵاتە سەبارەت بە کەیسی کەبوودوەند

خوێنەرانی ئازیز! هەروەک ئاگادارن لە نێوان ڕۆژانی ١٢ بۆ ٣٠ جولای ئەم ساڵ، لە کاتێکدا کە سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان محەممەد سدیق کەبوودوەند لە بەندیخانە دا مانی لە خواردن گرتبوو، کوردانی دانیشتووی وڵاتی بریتانیا بە وەڕێخستنی زنجیرەیەک خۆپیشاندان و میتینگ و نووسینی نامە بۆ داودەزگاکانی حکومەتی بریتانیا، وێڕانی دەربڕینی پشتیوانی لە کەبوودوەند، داوایان لە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە کرد کە بۆ ڕزگار کردنی گیانی ئەو تێکۆشەرە کوردە گوشار بخەنە سەر حکومەتی ئیسلامی ئێران.
هەر لەو پەیوەندییە دا دەفتەری سەرۆکایەتی وەزیرانی بریتانیا، بەڕێز بێن والیس، سەرۆکی کۆمیتەی پارلمانتارانی پارلمانی بریتانیا بۆ کاروباری ئێران و بەشی ئێران لە دەفتەری وەزارەتی دەرەوە و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە سێ نامەی جیاواز دا وڵامی ئەو نامە و داخوازییانەیان داوەتەوە کە ئاڕاستەیان کرابوو.
ئێمە لە خوارەوە هەر سێ وڵامەکە دەخەینە بەر دیدەی ئێوەی بەڕێز.

نامەی یەکەم
لە دەفتەری سەرۆکایەتی وەزیرانی بریتانیاوە
١٦ی مانگی ئاگۆستی ٢٠١٢

بەڕێز مەولوود سوارە

بە هۆی ئەم نووسراوەیەوە سپاسی بەڕێز سەرۆک وەزیرانی بریتانیا،ت ئاڕاستە دەکەین سەبارەت بەو نامەیە کە بۆ دفتەری سەرۆکایەتی وەزیرانت ناردبوو. بەڕێز کامێرۆن سپاسی ئەو ماندوو بوون و هەوڵەی بەڕێزت دەکا کە بۆ نوسینی نامە و ئاگادارکردنەوەی لە باردۆخی محەممەد سدیق کەبووەند تەرخانت کردبوو.

بە هۆی ئەوەی کەداوای بەرێزت پێوەندی بە دەفتەری وەزارەتی دەرەوە و بەشی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانەوە هەیە ئاغای کامێرۆن داوای لە من کردووە نامەکەت بۆ ئەو دەفتەرە بنێرم و بە جۆرێک وڵامی ڕاستەوخۆ بۆ بەرێزت بێتەوە.

وێرای رێز و ئیحتیرام
بەرپرسی پێوەندییەکانی سەرۆکایەتی وەزیرانی بریتانیا

نامەی دووهەم
لە لایەن بەڕێز بێن والیس
سەرۆکی کۆمیتەی پارلمانتارانی پارلمانی بریتانیا بۆ کاروباری ئێران
١٣ی ئاگۆستی ٢٠١٢
بەرێز مەولوود سوارە
سپاسی بۆ نامەی بەرێزت سەبارەت بە محەممەد سەدیق کەبودوەند کە ئێستا لە ئێران لە زیندان دایە.
ئەمن زۆر بە قووڵی هەست بە نیگەرانی

PDF Compressor Free Version




بەڕێزت سەبارەت بە بارودۆخی کەبوودوەند دەکەم و حەوڵ دەدەم لە دیدار لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی مەسەلەی ئاغای کەبودوەند بێنمە گۆڕێ.

لە گەڵ ڕێزمدا

بێن والاس

سەرۆکی کۆمیتەی پارلمانتارانی پارلمانی بریتانیا بۆ کاروباری ئێران

نامەی سێهەم

دەفتەری وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان

گرووپی ئێران

٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢

بەڕێز مەولوود سوارە

سپاس بۆ نامەی ڕێکەوتی ١٢ی جولای کە سەبارەت بە مەسەلەی مانگرتنی محەممەد سەدیق کەبودوەند کە ئێستا لە ئێران زیندانییە بۆ وەزیرەی دەرەوەت ناردبوو.

ئەمن ئەندامی دەفتەری وەزارەتی دەرەوە و بەرپرسی بەشی پێوەندی لەگەڵ ئێرانم و داوام لێکراوە وڵامی نامەکەی بەڕێزت بدەمەوە.

ئەمن هەست بە نیگەرانی بەڕێزت و هەموو کوردانی دانیشتووی بریتانیا سەبارەت بە دۆخی کەبودوەند بە دوای مانگرتن لە خواردنەکەیدا دەکەم.

دەوڵەتی ئینگلیس لە ڕێکەوتی ٣ی مانگی مای دا لە سەر وەزعی کەبودوەند جەختی کردووە و لە حزوری میدیای بەشی فارسی و لە زنجیرە بەرنامەیەکدا کە تەرخان کرابوو بۆ باس لە سەر ڕۆژنامەنوسانی زیندانی لە ئێراندا سەرنجی داوەتە وەزعی ئەو بەڕێزە. لە داهاتوشدا ئێمە لە نزیکەوە بە دواداچوون بۆ وەزعی کەبودوەند دەکەین.

دەوڵەتی ئینگلیس چەندین جار ڕاستەوخۆ داوای لە ئێران کردووە کۆتایی بە دەستبەسەر کردنی چالاکانی مافی مرۆڤ بێنێ. ئەوە جگە لەوەی کە وەزیری وڵاتەکەمان لە بەیاننامەک دا بۆ مەحکوم کردنی پێشێلکاری بەربڵاوی مافی مرۆڤی شارۆمەندان لە ئێران بڵاوی کردەوە، ئەو پێشێلکارییانەی وەک کردەوەیەی قیزەون

PDF Compressor Free Version



و ناحەزی کار بەدەستانی ئێرانی لە قەڵەم دا.

هەروەها «ئالیستێر بارت» وەزیری بەرپرس بۆ پێوەندی لەگەڵ ئێران لە بەیاننامەی ١٩ی ژوئەنی ٢٠١٢ دا داوای لە دەوڵەتی ئێران کرد لە عەزیەت و ئازاری ئەو چالاکانەی کە لە سەر سەرەتایی ترین مافی مرۆڤ بۆ گەلی ئێران وەجواب دێن دەست هەڵگرێ.

دەوڵەتی ئینگلیس چالاکانە بەردەوام دەبێ لە هەول و دەست پێشخەری بۆ مەحکوم کردنی ئێران لە مەر پێشێلکاری و پشتگوێ خستنی تەعەهۆداتی خۆی سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە کۆروکۆمەڵی نێودەوڵەتیدا.

لە رێکەوتی ٢٣ی مانگی مارسی ٢٠١٢ دەوڵەتی ئینگلیس دەست پێشخەری پرۆژەیەک بوو بە هاوکاری ئەندامانی ئێتحادیەی ئوروپا بۆ تیشک خستنە سەر پەروەندەی مافی مرۆڤی ئێران بە مەبەستی رێگری لە سەفەری هێندێک کاربەدەستانی باڵای حکومی بۆ وڵاتانی ئوروپایی و دەست بە سەر حیساب و دارایی ئەو کەسانە دابگیرێ کە هاوکاری رێژیمیان کردووە لە سەرکوت و پێشێلکاری مافی مرۆڤدا. ١٦کەس لە کاربەدەستانی رێژیمی ئێران لەو لیستە دان کە ناتوانن بۆ وڵاتانی ئێتیحادیەی ئوروپا سەفەر بکەن و دەست بە سەر حیسابەکانیان دا گیراوە جگە لەو ٦١ کەسەی کە لە سالی رابردوو خرابوونە لیستی سزاکانی یەکێتی ئوروپاوە. لەو لیستەدا ناوی کەسانێک هەیە کە سەر بە داو دەزگا ئەمنییەتی و قەزاییەکان و یان دادستان بوون و لە رێگەی ئەشکەنجە کردن یان رێگری لە دادگایەکی عادلانە یان دانی حوکمی ئیعدام بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئێستانداردەکانی نێودەوڵەتی تەبایی نەبێ، دەستیان لە سەرکوت و کوشت و بردا بووە.

ئەو لیستە بەردەوام بە رۆژ دەکرێتەوە و ئێمە بەردەوام دەبین لە کۆکردنەوەی بەڵگەکان لە سەر ئەو کەسانەی هاوکارن لە پێشیلکاری بەرچاوی مافی مرۆڤ و سەرکوتی خەڵک. ئێمە دەمان هەوێ لە رێگەی گوشار خستن سەر ئەو کەسانە، مەجبوریان بکەین بەکردەوەی خۆیان دا بچنەوە و هەروەها کەسانی دیکەش دەرس وەربگرن و نەبنە داردەستی زاڵمان و پێشێلکەران.

دەوڵەتی ئینگلیس بە تەواوی پشتگیری کردووە لە دەست نیشان کردنی دوکتور ئەحمەد شەهید وەک گوزاریشگەری تایبەتی لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر رەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران و هەروەها پشتگیری قایمی بڕیارنامەی شورای مافی مرۆڤی کردووە بۆ درێژ کردنەوەی مامورییەتی ئەو گوزاریشگەرە لە مانگی مارسدا.

ئێمە داوا لە کاربەدەستانی ئێرانی دەکەین کە هاوکاری تەواوی ئەو بەرێزە بکەین و ئیمکانی دەستڕاگەشتنی بە هەموو ئەو بەڵگانەی بۆ ئەرکەکەی پێویستن بۆ برەخسێنن.

دەوڵەتی ئیگلیس بەردەوام دەبێ لە هاوکاری لەگەڵ ئەندامانی یەکێتی ئوروپا و لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مەسەلەی مافی مرۆڤ. ئەمن دەمەوێت دڵنیاتان بکەم کە دەوڵەتی ئینگلیس بەردەوام دەبێ لە گوشارخستنە سەر ئێران بۆ رچاو کردنی و ئیحتیرام دانان بۆ مافی وەک یەک بۆ هەموو خەڵکی ئێران بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بەڵێنەکانی ئێران لە بن کۆنوانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان دا.

**بە رێزەوە**
**جێنیس هاردی**
**گروپی ئێران لە**
**وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا.**

PDF Compressor Free Version

Foreign & Commonwealth Office

Iran Team
King Charles Street
London
SW1A 2AH

http//wwwtco.gov.uk

9 AUGUST 2012

our reference MOP34952-12

Mr moulod Swara

Dear Mr Swara,

Thank you for your letter of 12 July to the Foreign Secretary, about the hunger strike of Mohammad Sadiq Kaboudvan who is in prison in Iran. I am a member of the department responsible for our relations with Iran and have been asked to reply.

I share your deep concern about Mr Kaboudvand's health following his hunger strike. The British Government highlighted his case on 3 May through our Farsi social media presence as part of a series dedicated to imprisoned journalists in Iran. We will continue to follow his case closely.

The British Government frequently calls on Iran directly to cease the persecution of human rights defenders. The Foreign Secretary issued a statement on xx condemning Iran's widespread abuse of its citizens' human rights as a "disgrace" and a "shameful indictment of Iran's leaders". In his statement of 19 June 2012, Alistair Burt, Minister responsible for relations with Iran, also called on the Iranian Government to stop the harassment of individuals campaigning for basic human rights for Iranians.

The British Government continues to be actively involved in initiatives that hold Iran to account for violations of its international human rights obligations. On 23 March 2012 the British Government led action with our EU partners to address Iran's human rights record by imposing travel bans and asset freezes on individuals responsible for human rights violations in Iran. 16 individuals in the Iranian regime will be subject to EU-wide travel bans and asset freezes, on top of the 61 agreed last year. The list includes members of the security forces, judiciary and prosecutors who have perpetrated violations as serious as torture, denial of the right to a fair trial and applying the death penalty in a way that contravenes international standards. The list is under continuous review and we continue to compile evidence against

PDF Compressor Free Version



UNCLASSIFIED

those complicit in gross human rights violations. We want those on the list to change their approach, but also for others to take heed of these measures and not involve themselves in human rights abuses.

The British Government strongly supported the establishment of UN Special Rapporteur, Dr Shaheed, and also the resolution to renew his mandate at the Human Rights Council in March. We urge the Iranian authorities to cooperate with him, and grant him unrestricted access to fulfil the terms of his mandate.

The British Government will continue to work with EU partners and in the UN on human rights issues. I would like to assure you that the British Government will continue to urge Iran to respect the full and equal rights of its people in line with its international obligations.

Yours sincerely,

Janice Hardy

Janice Hardy - Iran Team

PDF Compressor Free Version

BEN WALLACE MP

HOUSE OF COMMONS
LONDON SW1A 0AA

Mr Mouloud Swara

13 August 2012

Dear Mr Swara

Thank you for letter about Mohamad Sadiq Kabudvand who is currently imprisoned in Iran

I have noted your concerns and will certainly seek to raise Mr Kabudvandd's case with the Iranian authorities

.Yours sincerely

BEN WALLACE

PDF Compressor Free Version



10 DOWNING STREET
LONDON SW1A 2AA
www.number10.gov.uk

From the Direct Communications Unit

16 August 2012

Mr Mouland Swara

Dear Mr Swara

I am writing on behalf of the Prime Minister to thank you for your recent letter.

Mr Cameron is grateful for the time and trouble you have taken to get in touch.

Because the Foreign and Commonwealth Office is best placed to respond to the matters you raise, he has asked me to forward your letter to the Department so that they may reply to your concerns directly.

Yours sincerely

Correspondence Officer

PDF Compressor Free Version



Foreign & Commonwealth Office

Iran Team
King Charles Street
London
SW1A 2AH

http//wwwtco.gov.uk

17september 2012

our reference MOP/36878/12

Mr moulod Swara

*Dear Mr Swara*

Thank you for your letter of 12 July to the Prime minister, about the plight the Iranian Kurdisf journalist and activist tounder of the Kurdish Human Rights Organisation Mohammad Sedgh Kaboudvand in Iran. Iam replying as a member of the department risponsible for our relations with Iran

We share your cenern about Mr Kaboudvand, whose health is reported to have seriously deteriorated following his hunger strike,although we understand his hunger strike ended on 24July. We featured his case on 3 May on Facebook as part of a week-long ampaign about Iranian journa;ists incarcerated and mistreated by the regime. The Foreign Secrtary issued a statement on 24 August drawing attention once again to Mr Kaboudvand's case and condemning Iran's widespread abuse of its citizens human right as "disgrace" and a "shameful indictment of Iran's leaders"

The British Government is actively involed in initatives that hold Iran to accoubt for vioations of its international human right obigation. in March the Brirish Government led action with our EU partner to address Iran's human right record by imposing travel bans and asset freezes on individuals responsible for human right violations in Iran. The list includs members of the securrty forces,cjudiciary and prosecutors who have perpetrated vioations as serious as torture and denial of the right to fair trial. The list is under continuous review and we continue to compile evidence against those complicit in gross human right violations. We want those on the list to change their approach, but also for others to take heed of these measures and not involve themselves in human right abuses

The recent FCO Annual Human Right and Democracy report madeclear UK Government's ongoing concers aboutIran's record With EU and internationalpartners, the UK continues to raise cases of particular concern with the Iranian authorities and we work closely with NGOs and human right defenders to gather information on individual cases

PDF Compressor Free Version



We will continue to press Iran fulfil its obligations to the Iranian people under international and Iranian law

.

Yours sincerely

*Kunle*

Kunle Ogunbanjo

PDF Compressor Free Version

# دیداری نوێنەری حدک لە بریتانیا لەگەڵ بەڕێز ئین لوکۆس وەزیری کابینەی سێبەر بۆ کاروباری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوین





ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ئەمرۆ چوارشەممە ٥ی سپتامبری٢٠١٢ زایینی کاتژمێری ١٠ و ٤٥ خولەکی سەرلەبەیانی، بەڕێز مەولود سوارە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە بریتانیا، چاوی بە بەڕێز» ئین لۆکۆس» وەزیر، لە کابینەی سێبەر بۆ کاروباری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوین کەوت.

ئەو دانیشتنە کە زیاتر لە کاتژمێکی خایاند، لە سەر ئێران و کوردستان و هەروەها رۆژهەڵاتی نێوەراست ئالووگۆڕی بیروڕا کرا. هەروەها بەڕێز سوارە سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی ڕژیمی ئیسلامی دژ بە خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی بە وردی دووا و ئاماژەی بە گرتنی جیا بیران، ئەشکەنجە و ئازاری کەمەنەتەوەیی و ئایینییەکان و ڕۆژنامە نووسان، ئەدیبان و نووسەرانی وڵات کرد. بەڕێز مەولوود سوارە بە ئاماژە بەو پێشێلکاریانە، داوای لە بەڕێز لۆکۆس کرد کە بۆ کۆتایی هێنان بە پێشێلکاری دژ بە مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا، گووشاری زیاتر بخرێتە سەر کاربەدەستانی ئەو وڵاتە و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و تاکەکانی کۆمەڵگا بکرێتە خاڵی سەرەکی لە دانیشتن و دانووستانەکان لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی ئێراندا.

پێویست بە ئاماژەیە کە بۆ هەرچی زیاتر ناساندنی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کاربەدەستانی بریتانیا، نوێنەری حیزب چەندین دۆکۆمێنت و فایلی لە پیوەندی لەگەڵ کوردستان و حیزبی دێموکرات و هەروەها ڕاپۆرتی کۆمیتەی مافی مرۆڤی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە شەش مانگی ٢٠١٢ی پێشکەشی بەڕیزیان کرد.

ئاڵووگۆڕەکانی سوریە بە گشتی و ڕەوشی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەتی، بەشێکی دیکە لە باسەکانی ئەو چاوپێکەوتنەی پێک هێنا، کە لەو بەشەش دا بەڕێز مەولوود سوارە ڕوونکردنەوەی پێویستی سەبارەت بە دۆخی گەلی کورد و ئاڵوو گۆڕەکانی ئەو دواییانەی ڕۆژئاوای کوردستان، دا بە وەفدی خانەخوێ.

لەم دانیشتنەدا خاتوو بالهان تووینگ سکرتێری بەڕێزیان ئامادەی چاوپێکەوتنەکە بوون.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی**
**کوردستان- بریتانیا**

PDF Compressor Free Version



# بەشداری هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حدک لە بریتانیا لە دوو سمیناری ناوەندی تورکی- کوردی لە شاری لەندەن




ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕێکەوتی ٥ی سپتامبری ٢٠١٢ کاتژمێر ٦و نیوی ئێوارە لە پارلمانی بریتانیا سمینارێک لەلایەن ناوەندی خوێندنی تورک لە پارلمانی بریتانیا بەرێوە چوو.

ئەو سەنتەرە بەهاوکاری کورد و تورکەکانی دانیشتووی بریتانیا، لە ئاپریلی ٢٠١١ی زایینی لەندەن دامەزراوە، و سمینارەی ئەم وەرزەیان بۆ خاتوو نورەی مێرت نوسەرو رۆژنامەوان رێکخستبوو. تەوەری سەرەکی باسەکان لەسەر دەسەڵات و بەرێوەبەری بوو، کە لەگەڵ پێشوازی ئامادە بووان بەرەوڕوو بووەوە. جێگەی باسە لە تەوەری سمینارەکە باس و خواسێکی تێروتەسەلیش لە لایەن بەشدابووانەوە هاتە ئاراوە کە بووە هۆی دەوڵەمەندتر کردنی سمینارەکە.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەو سمینارە بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە کورد و تورک و میوانانی بیانی لە یەکێک لەتالارەکانی پارلمانی بریتانیا بەرێوە چوو.

ڕێکەوتی ١٢ی سپتامبرکاتژمێری ٧ بۆ ٩ی شەو بۆ زیاتر ناساندنی ئەرک و کارەکانی ئەو ناوەندە لە داهاتوو دا و تێشک خستنە سەر کاوچالاکییەکانیان لە ماوەی ڕابردوو دا، بەریوەبەرانی ناوەند، ئێوارە خوانێکیان بۆ کۆمەڵێکی زۆر لە چالاکانی سیاسی، ئەدەبی و ڕۆشنبیرانی دانیشتوویی لەندەن، لە پارلمانی بریتانیا بەرێوە برد. لەو ئێوارە خوانە دا پاش ئەوەی کورتە ڕاپۆرتێک لەسەر چالاکیەکانی ئەو ناوەندە پێشکەش کرا، داوا لە بەرێز ئەناس سارووەر ئەندامی پارلمانی بریتانیا کرا کە وتەیەک سەبارەت بەو ناوەندی ڕۆشنبیری و

PDF Compressor Free Version



فێرکارییە و هەروەها چالاکیەکانی و زەحمەت و ماندووی کاک ئیبراهیم دۆگوس وەک بەڕێوەبەر و بەرپرسی یەکەمی ئەو ناوەندە پێشکەش بکات.

پێویست بە ئاماژەیە کە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەی ئەم ئێوارە خوانە بوون و هەریەک لە بەڕێزان مەولود سوارە نوێنەری حیزب لەبریتانیا و کاک عبداللە ئەمینی و کاک یونس موکری بەشداریان کرد و چاویان بە بەشێکی بەرچاو لە میوانان و بەتایبەت بەڕێز ئەناس سارووەر ئەندامی پارلمانی بریتانیا کەوت.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**







PDF Compressor Free Version












PDF Compressor Free Version

# له ڕێوڕەسمێک دا له بریتانیا، ڕێز له دوو پارلەمانتاری دۆستی گەلی کورد گیرا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: کاتژمێر ٦ی ئێوارە ڕۆژی هەینی ١٢/٠٩/١٤ له هۆڵی شارەوانی ئیسلینگتۆن مەراسمییک بۆ ریزلینان له دوو دۆستی گەلی کورد و ئەندام شارەوانی پێشوو و هەروەها ئەندامانی پارتی کرێکارانی بریتانیا بەرێزان کەیت و خاتوو ڤالەری ریکخرا که به ئامادەبوونی بەریز جیرمی کۆربین ئەندامی پارلمانی بریتانیا و هەرەوها بەرپرسانی شارەوانی ئیزلینگتۆن باس له خەبات و کار و چالاکی چەندین دەیەی ئەو بەرێزانه کرا له پێناو خزمەت به هاولاتیان دانیشتوانی ناوچەکە. لەو ڕێوڕەسمە دا سەرەتا له لایەن بەرێز ئیحسان قادر له هەڵسووڕاوانی کوردی باکووری کوردستان، که دانیشتووی ئەو ناوچەیە، باسێکی له سەر رۆل و پێگەی ئەو دوو دۆستە گەلی کورد کرا له پێناو ناساندنی دوزی کورد به کۆروکۆمەڵی بریتانیا پێشکەش کرد دواتر بەریز ئێحسان باسیکی له ڕەوشی ئیستای پارچەکانی کوردستان کرد که ئامادەبووان به بایەخەوە گوێیان باسانه ڕاگرت.

له لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هاوری یونس موکری بەشداری مەراسیمەکەی کرد و چەپکه گۆڵێکی وەک ڕێزلێنان پیشکەش به بەڕێزان کەیت و ڤالەری کرد. هاوڕێ یونس موکری پاش پێشکەش کردنی چەپکه گوڵەکە، ئامادەبووانی بانگهێشت کرد که له سیمینارێک دا که به بۆنەی بیست ساڵەی تیرۆری ڕێبەری شەهید دکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی له لایەن کومیتەی بریتانیاوە ڕۆژی دووشەممه

PDF Compressor Free Version







ڕێکدەخرێت بەشداری بکەن کە بەشێکی زۆریان ئامادەبوونی خۆیان ڕاگەیاند بۆ بەشدار بوون لەو سیمینارەدا.

جێگەی ئاماژەیە کە مەراسیمەکە تا کاتژمێر ٩ی شەو درێژەی کێشا، کە بەشی کۆتایی تەرخان کرابوو بۆ یەکتر ناسینی بەشداران.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**

PDF Compressor Free Version

# ڕاپۆرتی ڕێوڕەسمی یادی بیست ساڵەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە پێرلاشێز، فەڕانسە



ناوەندی هەواڵ- فەڕانسە: ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٢ی زایینی، یادی ٢٠ ساڵەی تیرۆری ڕێبەری حیزبی دێمۆکرات کوردستان، دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی فەتاح عەبدۆلی، هۆمایون ئەردەلان و نوری دێهکوردی، لە گۆرستانی پێرلاشێز لە پاریس بە بەشداری سێ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری حیزب، ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامان، دۆستان و یارانی حیزب کە لە وڵاتانی فەڕانسە، سویس، بریتانیا و بلژیکەوە هاتبوون و چەندین کەسایەتی سیاسی کوردستانی و ئێرانی کرایەوە.

بەشداران لە بەر دەرگای گۆرستانی پێر لاشێز کۆبوونەوە و بەرەو گڵکۆی ئەو ئازیزانە وەرێ کەوتن. تاجەگوڵی ڕێز لە سەر گڵکۆکان دانراو و ئەو جار بەرنامەکە بە سرودی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئەو شەهیدە سەربەرزانەی کوردستان دەستی پێکرد.

لە سەرەتای ڕێورەسمەکە دا خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد. خاتوو گووڵاڵە لە وتەکانی دا ئاماژەی بە گرینگی ئەو پەیمان و بەڵێنە کرد کە دوکتور شەرەفکەندی بە حیزبەکەی، بە دوکتور قاسملو و بە گەلەکەی دابوو و لە ڕێی وەفاداری بە ئامانجەکانی حیزب و دروست کردنی یەکدەنگی لە نێوان ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا گیانی خۆی بەخت کرد. ناوبراو گوتی خاڵی گرینگی ڕووداوی میکۆنۆس حوکمی دادگای بەرزی بەرلێن و لە قاو دانی تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕادەی هەرە سەرەوە بوو و ئەوەش دەستەبەر نەدەکرا ئەگەر یەکدەنگی و هاوکاری هەموو ئۆپۆزسیۆن کورد و ئێرانی نەبایە. لە درێژی باسەکەیدا ئەو بەرێزە گوتی پەیامی دادگای مێکۆنوس و دەرسەکانی ئەو ڕووداوە دەکرێ و دەبێ ببێتە چرای ڕێگای هاوکاری، لێک حاڵی بوون و خەبات دژی ڕێژیمی ئێران. ناکرێ هەمووما لە سەر گرینگی

2011 - 2012
Kurdistan Democratic party's activity in the United Kingdom

PDF Compressor Free Version









مافی مرۆڤ هاوڕا بین بەڵام لە کردەوەدا مافی مرۆڤمان بۆ هێندێکان پێ ڕەوا بێ و بۆ ئەوانی دیکە کەم ڕەوا یان ناڕەوا!

پاشان بەڕێز دوکتور هێدایەت مەتین دەفتەری یەکێکی دیکە لە بەشدارانی ئەو کۆڕیادە بوو. بەڕێز مەتین دەفتەری وتی: لە یادی هاوڕێ و دۆستی خۆشەویستمدا لە گەڵتانم و دەبێ بڵێم هەموو ئەو شتانەی ئاماژەیان پێکرا سەبارەت بە سادق ڕاستن. سادق لەگەڵ خۆی و لەگەڵ هەمووماندا سادق بوو. لە سەر دەور و ڕۆڵی هەم دوکتور قاسملو و هەم دوکتور شەرەفکەندی بۆ دروست کردنی یەکدەنگی لە نێوان ئۆپۆزسیۆن دەکرێ بڵێم کەس وەک ئەوان نەبوو و نەیدەتوانی ئەو ئەرکە بەڕێوەبەرێ. بۆ مافی مرۆڤیش بڕوام وایە هەموو دەبێ وەک یەک بین.

دوکتور حەسەن شەتەوی یادی شەهیدانی مێکۆنۆسی بە ئەرکێکی گرینگی هەموو کورد ناوزەد کرد و گوتی: بە داخم کە دوو لایەنی حیزبی دێمۆکرات بە جیا یادی شەهیدەکانیان دەکەنەوە. لە حالێکدا حازرن لە گەڵ ئێران و لایەنی دیکە دابنیشن و دانوستان بکەن و پەیمان ئیمزا بکەن، حازر نین لە سەر گڵکۆی شەهیدەکانیان بە یەکەوە بن. شەتەوی گوتی لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی چاوەڕوانی نەدەکرا کە ئاوا بە پەلە هێرش بکەنە سەر ڕێکەوتننامەی هاوپەیمانی ٢ لایەنی کورد و گلەیی وتێبینییەکانی خۆی لەو بارەوە خستە ڕوو.

ئەوجار دوکتور حوسێن لاجەوەردی لە

PDF Compressor Free Version



سەر ئەو ڕاستییە دوا کە بۆیە ئەو ٢ ڕێبەرەی حیزبی دیمۆکرات واتە شەرەفکەندی و قاسملوو بە دەست کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر کران، چونکە ڕژیم دەیزانی کە ئەوان چەندە بە توانان، چەندە لە سەر خەباتی ڕەوای گەلەکەیان سورن و چ مەترسییەکی گەورەن بۆ کۆماری ئیسلامی و هەروەها حیزبی دیمۆکرات دەتوانێ چ دەور و ڕۆڵێک بگێری لە نێوان ئۆپۆزسیۆن ئێرانیدا. ئەو بەرێزە گوتی: ئێوە دەزانن ئەمن سبەی دیسان دێمەوە ئێرە و دیسان بۆ یادی ئەو ئازیزانە بانگ کراوم بەڵام بۆ دەبێ ئێمە ئەو یادە بە ٢ جار بە جیا لە یەک بکەینەوە؟ بەڕێز لاوجوەردی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەبێ خۆی ساغ بکاتەوە و شەفاف بێ و هەروەها دەبێ ئەوانەی بڕوایان بە خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە، ڕیزی خۆیان لە ڕیزەکانی ئەوانەی ئێستاش بڕوایان بە ئاڵوگۆر لە چوارچێوەی ڕژیم دا هەیە جیا بکەنەوە و ناکرێ ئێمە درۆ لەگەڵ خۆمان و لەگەڵ خەڵک بکەین.

یەکێکی دیکە لە بەشدارانی ئەو کۆڕایادە دوکتور مێهران مۆستەفەوی بوو کە لە وتەکانی دا ئاماژەی بە گرینگی و پێویستی دیالۆگ و گفتگۆ لە نێوان لایەنە جۆراجۆرەکانی ئۆپۆزسیۆن کرد و گوتی گرینگ ئەوەیە ئێمە بە بێ پێشداوەری گوێ بۆ یەکتر بگرین و لە بیر نەکەین لە دادگای میکۆنۆس چۆن بەیەکەوە هاوکاریمان کرد.

خاتوو ڕۆئیا حەکاکیان نوسەری کتێبی قاتڵانی کۆشکی فیرۆزە لە قسەکانیدا گوتی ئەوەی ئێمە وەک ئێرانی لە یەک گرێ دەدا، تراژێدییەکانمانە. ئێمە هەمووومان لە لایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لێمان تیرۆر دەکرێ، دەکوژرێ، زیندانی دەکرێ و ئەشکەنجە دەدرێین، بەڵام میکۆنۆس دەبێتە هاواری هەمووومان و خۆراگری کوردەکان و ئەو ناحەقییە کە دەرحەق بەوان دەکرێ زۆر زۆر قوڵترە. لە بیر نەکەین کە پێویست نییە لە مێژوو دا بگەرێین و خۆمان بە کوروش و داریوش پێناسە بکەین، ئەوەی دەکرێ وەک سیمبۆڵی شانازی و پێناسەی ئێمە دەست نیشان بکرێ، خەباتی هەمووومان لە ماوەی ٣٣ ساڵی ڕابردوو لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و خۆراگری و ڕەمزی نەسرەوتن و کۆتا نەهاتنمانە. ئەمن لە ڕێگای میکۆنۆسەوە لهەگەڵ خەباتی ڕەوای گەلی کورد ئاشنا بووم و بۆ گێرانەوەی ئەم ڕووداوە هەوڵم دا کورد بناسم و بیناسێنم.

ئەوجار بێهزاد کەریمی لە سەر دۆستایەتی خۆی لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی دوا و ئاماژەی بە خەبات و تێکۆشانی دوکتور قاسملو و دوکتور شەرفکەندی کرد و دەور و ڕۆڵی حیزبی دیمۆکراتی لە خەباتی بە دژی










کۆماری ئیسلامی بەرز نرخاند و گوتی: بەشێکی گەورە و سەرەکی ئەم خەباتە لە سەر شانی کوردەکان بووە. کەریمی گوتی بەرپرسایەتی چالاکانی سیاسی وشیار لە پرۆسەی دیالۆگ و لێک حاڵی بوون و لێک نێزیک بوونەوەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێراند زۆر گەورەیە و ڕەوتی لێک حاڵی بوونمان هەوراز و نشێوی زۆرە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو مەراسینە دا سیاسەتمەداری ناوداری کورد بەرێز عەزیز ماملێ بە سێ زمانی فەرانسە و کوردی و فارسی لە سەر مەسەلەی خەباتی گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی مافەکانی خۆی، کارنامەی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک ڕێژیمی تێرۆر لە پەروەندەی میکۆنۆسدا و پێویستی هاودەنگی کورد دوا. ناوبراو گوتی ئێمە بانگەوازێکمان ڕووبەرووی هاورێیانی دوکتور شەرەفکەندی کردەوە کە بە یەکەوە یادی ئەو شەهیدانە بکەنەوە بەڵام ئەوە کە لایەنێک حازر نابێ و خۆی لەو باسە دەشارێتەوە زۆر دڵتەزێنە و جێگای داخە. پاشان هەردووک بەرێزان بەهمەن ئەمینی و بێهزاد مەعسومی لە سەر گرینگی خەباتی ڕەوای کوردەکان و تێرۆری میکۆنوس و پێویستی هاودەنگ ئۆپۆزسیۆن قسەیان کرد.

بەرێز کاوە ئاهەنگەری ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، سپاسی هەموو بەشدارنی کرد و وتی: هەڵبەت ئێوە هەمووتان دۆست و هاورێی

PDF Compressor Free Version

دوکتور شەرەفکەندی و حیزبی دێمۆکراتن، بۆیە لە سەر گڵکۆی هاورێیان خۆتان خانەخوێن. ناکرێ لە بەرنامەی دابەشکردنی ئێراندا، پشکی شێر وەبەر بزووتنەوەی کوردستان بکەوێ بەڵام لە سەرکەوتنی خەباتەکە و داهاتووی ئێران و بەڕێوەبردنی وڵات، کلکی شێرەکەشی وەبەرنەکەوێ.

ئاهەنگەری گوتی بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دێمۆکراسی وەک یەک ستراتێژی سیاسی زۆر گرینگە و دیتنەوەی خاڵە هاوبەشەکان لە سەر بنەمای ئازادی و بەرابەری مەبەستە.

ناوبراو گوتی ئێمە وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەمیشە گوتوومانە و دیسانیش دووپاتی دەکەینەوە لە داهاتووی ئێراندا کوردستان دەبێ کورد ئیدارەی بکا و لە ئیدارەی ئێرانیشدا لە پایتەخت، کورد بە پێی پشکی خۆی لەگەڵ باقی نەتەوەکانی دیکە نیشتەجێ لەو وڵاتە، ئێران بەرێوە دەبات، بۆیە پێویستە بە بێ لە بەر چاو گرتنی جیاوازیی بیر و ڕا لەگەڵ یەکتر بەردەوام لە دیالۆگ و تەعامۆلدا بین.

لە دوا برگە ئەو ڕێورەسمە دا پەیامی هاوبەشی یەکیتی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکێتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو نەشمیل بەروەندی خوێندرایەوە کە نیشاندەری ڕێز بۆ ئەو شەهیدانە و بەڵێنی درێژەدانی ڕێگای ئەوان بوو هەتا وەدی هێنانی ئامانجەکانیان بوو.

جێگە ئاماژەیە کە یەکێک لە هاوڕێیانی حیزبی بەناوی کاک زاهیر شاعیری کە لە وڵاتی










PDF Compressor Free Version






سویسەوە بۆ بەشداری لەو سمینارە دا هاتبووە فەڕانسە، وێڕای دانانی چەپکە گوڵێکی جوان، شیعرێکی ڕازاوە و پڕ نێوەرۆکیشی بە بۆنەی ئەو ڕۆژە دڵتەزێنەوە پێشکەش کرد.

خاتوو شەیدا ویجدانی بەڕێوەبەری بەرنامە،لە ناوئاخنی باسەکاندا بە هێندێک پەخشان و شێعری جوان بڕگەکانی بەرنامەکەی زیاتر ڕازاندەوە.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدانی میکۆنوس سپاس و پێزانینی خۆی ئاڕاستەی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتانی سوئیس، فەرانسە، بریتانیا بێلژیک دەکا کە بەشداری چالاکانەیان کرد لە بەڕێوەبردنی هەرچی باشتری ئەو یادە دا.

**کۆمیتەی ئامادەکاری یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدانی میکۆنووس**





PDF Compressor Free Version













PDF Compressor Free Version












PDF Compressor Free Version









PDF Compressor Free Version














PDF Compressor Free Version













PDF Compressor Free Version












PDF Compressor Free Version






PDF Compressor Free Version



# لە پارلەمانی بریتانیا ڕێز لە شەهیدانی میکۆنووس گیرا




ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ئەمساڵ و بۆ جارێکی تر پارلمانی بریتانیا بە هەوڵی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بو بە مەکۆی یاد و ناوی ڕێبەرێکی دیکەی هەلکەوتوی دیمۆکرات، شەهید دکتۆر سادق شەرەفکەندی و بۆ ڕێز گرتن لە یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرەی گەلی ماف خوراوی کورد، قوتابیە تێکۆشەرەکانی، هاوڕێیانی هاوخەباتی و دۆستانی داخداری ئەو ڕێبەرە مەزنەی لە باوەش گرت و بە شێوەیەکی شیاو، گەورە پیاوانی بریتانی، کورد، ئێرانی و ئەندام و دۆست و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە وتار و باس کردن لە کەسایەتی و تێکۆشانی ئەو زاتە مەزنە، یادیان بەرز ڕاگرت و ڕێژیمی تێرۆریست و تێرۆریست پەروەی کۆماری ئیسلامیان ڕیسوا و شەرمەزارتر کرد.

ڕۆژی دووشەممە ١٧ سێپتامبری٢٠١٢ی زایینی کاتژمێر ٦ی ئێوارە، لە ساڵرۆژی کارەساتی میکۆنۆس لە پارلمانی بریتانیا سێمینارێک بە مەبەستی یادکردنەوە دوکتور شەرەفکەندی، فەتاح عەبدۆلی، هۆمایون ئەردەلان و نوری دێهکۆردی و لێکۆلینەوە لە سەر کارتێکەری حوکمی دادگای میکۆنۆس بەرێوە چوو.

پێشوازی چاوەڕوان نەکراوی بەشداران کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە چالاکانی کورد، ئێرانی و بیانی لە ژوری سالۆنەکە و دەستەیەکی زیاتر لە ٧٠ کەس کە بە هۆی نەبوونی جێگا لە دەرەوە ئێزنیان پێ نەدرا کە بێنە ژورەوە، نیشاندەری گرینگی ئەم کۆڕیادە بوو.

پانێلگێرانی ئەم سێمینارە بریتی بوون لە بەرێزان: عەبدوڵلا حەسەنزادە، لۆرد ئێریک ئێفبیری، ڕوئیا حەکاکیان، جێرمی کوربین، پەرویز دەستماڵچی، گولالە شەرەفکەندی و دوکتور عەلیرەزا نوریزادە کە هەر کام لە ڕوانگەیەکی تایبەت باسی ئەم ڕووداوەیان کرد.

لۆرد ئێفبیری جێگری سەرۆکی کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا دوای بەخێرهێنانی بەشداران، ئاماژەی بە گرینگی

PDF Compressor Free Version




باس لە مەسەلەی کورد و یادی دوکتور شەرەفکەندی و دوکتور قاسملو کرد و گوتی لەو چوار کتێبەی کە لە سەر کوردەکان نوسیویێتی باسی لەو غەدرانە کردووە کە لە کورد دەکرێ و گوتیشی سەروەری کورد مافێکی ڕەوایە.

بەڕێز عەبدوڵلا حەسەنزادە، سیاسەتوانی گەورەی کورد لە باسەکەیدا کارەساتی مێکۆنۆسی وەک تێرۆرێک بە دژی حیزبی دێمۆکرات و خەباتی ڕەوای خەڵکی کورد و جووڵانەوەی دێمۆکراسی خوازی لە ئێراندا لە قەڵەم دا و گوتی بڕیاردەرانی ئەم تێرۆرە وایان دەزانی بەم جینایەتە کورد و حیزبی دێمۆکرات بە چۆک دادێنن بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەرچی ئەوە بۆ حیزب خەسارێکی گەورە بوو، بەڵام وەک دەبینن ئەو حیزبە ٢٠ ساڵ دوای شەرەفکەندی و ٢٣ ساڵ دوای قاسملو بەردەوامە و درێژەدەری ئەم خەباتە ڕەوایەیە.

بەڕێز حەسەنزادە گوتی ئەگەرچی کوردکەمتر لە سەدی ١٥حەشیمەتی ئێرانە، بەڵام لە سەرکوت کردن دا بەشی شێری پێ براوەو هێندێ جار ٨٠ لە سەدی ئەوانەی ئیعدام کراون یان چاوەڕێی ئێعدامن کوردن. هەرئێستا سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان واتە کەبوودوەند تەنانەت ئیزنی دیتنی کورە نەخۆشەکەی پێ نادرێ. ئەم بەڕێزە لە درێژەی باسەکەیدا گوتی ئابلۆقەی ئابووری کارتێکەرێکی ئەوتۆی لە سەر ڕێژیمی ئێران نەبووە و پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بیر لە تەحریمی سیاسی هەمەلایەن و یەکگرتووانە بکاتەوە. ئەو هەروەها گوتی ٢ ساڵی دیکە ٥٠٠ ساڵ بە سەر یەکەم دابەشکرانی کوردستان لە ١٥١٤ دا تێدەپەڕێ، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە نەتەوەی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت خاوەنی چارەنوسی خۆی بێت؟

خاتوو ڕوئیا حەکاکیان نووسەری کتێبی پیاوکوژانی کۆشکی فیرۆزە لە باسەکەیدا گوتی حوکمی دادگای میکۆنوس نوقتە وەرچەرخانێکی گرینگی مێژووییە کە باشترین کارتێکەری لە سەر حکومەتی ئێران دانا، بەو مانایەی کە مادام توانی ئەوان مەجبور بە پاشەکشە بکا و ئێستاش ئەوە دەتوانی باشترین شێوە بێ بۆ ڕاوەستان لە دژی ئێران. ڕۆئیا حەکاکیان گوتی: میکۆنۆس گیانی سەدان کەس لە ئۆپۆزسیۆنی لە مەرگ نەجات دا و دەرسەکانی ئێستا دەتوانی بەکەڵکی زۆر مەسەلەی دیکە بێت.

ئەوجار پەرویز دەستماڵچی کە بۆخۆی لە کاتی تێرۆری میکۆنۆسدا لە ڕستۆرانەکە بووە گوتی ئەگەرچی باسێکی سیاسیم ئامادە کردبوو،

PDF Compressor Free Version








بەڵام لە سەر داوای مامۆستا حەسەنزادە لە جیاتی وتارە سیاسییەکەم، چۆنیەتی ڕوودانی ئەو جەنایەتە دەگێڕمەوە،کە ئەو گیرانەوە کارتێکەری قورسی لە سەر بەشداران هەبوو و دواتریش بە کورتی ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد کە ئیمکانی بەدیهێنانی ئاڵوگۆری بنەڕەتی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نییە چونکە لە سەر بنەمای هەڵاواردن و جیاوازی دانان دارێژراوە ئەگەر ئەو جیاوازییانەی نێوان موسڵمان و غەیری موسڵمان، ژن و پیاو، شیعە و غەیری شیعە، خودی و غەیرە خودی نەمێنێ ئیدی کۆماری ئیسلامییش وجوودی نامێنێ.

جێرمی کۆربێن ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری مافی مرۆڤ گوتی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئێراندا دەبێ بیر لە هەڵسوکەوتی ئوسولی بکەینەوە. ئێستا ئێران لەگەڵ پرۆسەی گفتگۆ لە سەر چەکی ناوەکی وردە وردە ملکەچی بڕیارەکان دەبێت و تەنانەت قەرارە لە وتووێژەکەی مانگی دێسامبر لە هێلسینکی بەشدار بێت و ئێمە چاوەڕوانی گەیشتن بە سەر ئەنجامێک لەگەڵ ئێران دەکەین. سەبارەت بە دوکتور شەرەفکەندی و دوکتور قاسملو و تێکۆشانی کوردەکان گوتی ئێمە پێویستە سەبارەت بە لە بەر چاو گرتنی مافی مرۆڤ گوشار بخەینە سەر ڕێژیمی ئێران و ئەوە حەتمەن کارتێکەری خۆی دەبێ بۆ وێنە لە نمونەی تورکیا دوا کە ئێستا وەزعی کوردەکان لەوێ باشتر بووە.

PDF Compressor Free Version








ئەوجار دوکتور عەلیرەزا نوریزادە لە سەر جینایەتی موقەدەس دوا و گوتی ئەو قەتلانە بۆ کاربەدەستانی ڕێژیم جینایەتی موقەدەسە و بکوژانی ئەو تیرۆرە پێیان وایە بەو کارە لە خوا و لە بەهەشت نێزیک دەبنەوە و لە درێژەی باسەکەی دا بکوژانی بە ٢ دەستە دابەش کرد. یەکەم ئەوانەی لە بەر ئیمانداری و بە قسەی ئیمامەکەیان دەکەن کە ئەو کەسە دژی خودایە و پێوستە بکوژرێ وەک بکوژانی میکۆنوس و ویەن. بەڵام دەستەی دووهەمی بکوژان ئەوانەن کە لە بنەڕەتدا جینایەتکارن، چێژ لە کوشتن وەردەگرن و بۆ پاداش ئەو کارە دەکەن بۆ وێنە بکوژانی فەرۆخزاد یان فروهەر لەو دەستە بکوژانە بوون.

یەکێکی دیکە لە بەشدارانی ئەو سمینارە گوڵاڵە شەرەفکەندی ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حدک بوو. ناوبرا گوتی گرینگە لەو ڕۆژەدا چەند مەسەلە باس بکرێ. یەکەم هۆکاری تێرۆری شەرەفکەندییە، دووهەم پرۆسەی دادگای میکۆنۆس و دەسکەوتەکانی بۆ کورد و ئێرانی و سێهەم ئەو داوایانەی کە دەکرێ لە ڕووی ئەم دەرسانە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکرێتەوە بۆ بە چۆکدا هێنانی ڕژیمی ئێران. ناوبراو گوتی لە بیرمان بێت لەو سەردەمەدا ئیدی گرفتی منی کورد یان ئێرانی تەنیا گرفتی من نییە، بەڵکو گرفتی هەموو دونیایە چونکە توندئاژۆیی، تێرۆر، سەرەڕۆیی سبەی بەرۆکی ئێوە لە وڵاتانی ئوروپاپیش دەگرێتەوە بۆیە چارەنوسی منی کورد و چارەنوسی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئێوە لە ئورووپا لێک گرێ دراوە، بۆیە دەبێ لە کردەوە دا یەکگرتوو بین و پشتگیری لە داواکانی کورد بکرێ.

لە دوا بەشی بەرنامەی سمینار دا بەڕێز لۆرد ئێڤبیری داوای لە بەشداران کرد کە باس و پرسیارەکانی خۆیان بکەن کە چەند کەس لە بەشداران پرسیاریان لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و پێشێلکاری یەکانی مافی مرۆڤ و

PDF Compressor Free Version





بەرنامەی هەستەیی کۆماری ئیسلامی ئێران هێنایە گۆڕ، کە لەلایەن بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە وڵامی پێویستیان درایەوە.

لە کۆتایی بەرنامە دا لۆرد ئێڤبری داوای لێبوردنی لە بەشداران کرد سەبارەت بە بەشدار نەبوونی ئێریک جۆیس ئەندامی پارلمانی بریتانیا کە لە سکاتلەندەوە نەیتوانی بوو بگەڕێتەوە و بەشداری سمینار بێت.

جێگای ئاماژەیە کە بەشێکی بەرچاو لە میوانانی خارجی و ئێرانی و نوێنەری چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی بەشدار بوون و ئەو سمینارە بوون کە زیاتر لە ٢ سەعات درێژەی کێشا.

لێرەوە داوای لێبووردن لە هەموو ئەو خۆشەویستانە دەکەین کە لە ڕێگای دوور و نیزیکەوە تەشریفیان هێنابوو و لەبەر نەبوونی جێگا نەیانتوانی بەشداری لەو سمینارە دا بکەن.

**کۆمیتەی ئامادەکاری یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدانی میکۆنووس**



PDF Compressor Free Version







PDF Compressor Free Version







PDF Compressor Free Version










PDF Compressor Free Version








PDF Compressor Free Version





PDF Compressor Free Version





حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیتەی ئامادەکاری یادی ٢٠ ساڵەی

شەهیدانی میکۆنووس

ڕێزلێنان

Remembering the Asassination of Dr. Sharafkandi

1992 - 2012

بەڕێز : کۆمیتـەی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتان لە وڵاتی بریتانیا

وێڕای سـڵاوی گـەرم ، بەو هیوایە کە لە ڕێـگای خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی حیزب و ئازادیی گەلەکەماندا سەرکەوتووبن.

ویسـتمان لە ڕێگای ئەم نامەیەوە ، سـەبارەت بەو هەموو زەحمـەت و ماندووبوونەی بـۆ بەشـداری و یارمەتیدان بە بەڕێوەچوونی یادی ٢٠ سـاڵەی ڕێبەری شـەهید د. سادق شـەرەفکەندی و هاوڕێیانی کێشـاتان ، ئەوپەڕی سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەش بە ئێوە و لە ڕێگای ئێوەشەوە بە هەموو ئەندامان و دڵسـۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان کە لەو پیوەندیەدا زەحمەتیان کێشاوە بگەینین.

بەشدار یی چالاکانە و بەرچاوی ئێوەی بەرێز لەو ڕێورەسمەدا هەر لەو کاتەدا کە بووە مایەی سـەربەرزیی حیزبەکەمان ، دەرفەتێکیـش بـوو بۆ نوێ کردنـەوەی پەیمانـی وەفاداری لەگەڵ شەهیدانی حیزب و گەل کە تا گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی درێژەدەری ڕێگایان بین ، هەر ئەوەشە بێگومان کە ڕووحیان شاد دەکا.

هەر شاد و سەرکەوتوو بن.

کۆمیتەی ئامادەکاریی یادی ٢٠ ساڵەی

شەهیدانی میکۆنووس

مەولوود سوارە

٢٢ی سیپتامبری ٢٠١٢

Tel: + 44794 764 5239

Email: Mykorosmartyrs@gmail.com

www.kdppress.org

PDF Compressor Free Version

**لەلایەن کۆمیتەی ئامادەکردنی یادی ٢٠ساڵەی شەهیدانی میکونوس نامەی تایبەت و ڕێزلێنان بۆ ئەو شوێنانەش نارداون:**

١- کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بلژیک
٢-کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئالمان
٣-کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سویس
٤- کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە فینلەند
٥- کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئالمان
٦- کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سوئید
٧- کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نورویژ
٨- کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دانمارک
٩- کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە فەرانسە
١٠- یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سویس
١١- یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە فینلەند

بۆ کاری دیزاین و ڕاگەیاندن:

١- کاک جعفر شەریعتی
٢- کاک مستەفا مامە قالە ناسراو بە ئازاد بانەیی
٣- ئاگری بالەکی
بۆبەشی پێش کەش کردنی بەرنامەکە لە پرلاشێز خاتوو شەیدا ویجدانی

House of Lords

**Lord Avebury, Vice-Chair of the Parliamentary Human Rights Group**

**Requests the honour of your presence at a seminar to commemorate the 20th anniversary of the assassination of**

## Dr Sadegh Sarafkandi

**Secretary-General of the Kurdistan Democratic Party (KDP), and his colleagues, at the Mykonos restaurant, Berlin, by agents of the Islamic Republic of Iran**

**Committee Room G, House of Lords, London SW1A 0PW**
**(entrance via Black Rod's Garden)Monday September 17, 2012, at 18.00**

**RSVP kdp_uk@yahoo.com**

# Kurdistan Democratic Party 1 9 4 5

The Kurdistan Democratic Party (PDK) is the leading Kurdish political party in Iran and one of the most significant political groups opposing the Islamic Republic. Founded on August 16, 1945 in Mahabad, Iran, the Party's declared objective is to win Kurdish autonomy in administrative, legal and educational matters without jeopardizing Iran's territorial integrity. Its motto is "Democracy for Iran, Autonomy for Kurdistan."

Following the overthrow of Prime Minister Mohammad Mossadeq in a 1953 military coup, Shah Mohammad Reza Pahlavi disbanded the majority of opposition groups. The PDK was one of the political parties banned by the Shah and the Kurdish movement was driven underground. The downfall of the Pahlavi regime in January 1979 presented the Kurds with an opportunity to once more press for autonomy and many Kurds enthusiastically joined the revolution. The PDK publicly announced its return to the public stage in March 1979 and immediately set about publicizing the Party proposal for Kurdish autonomy.

The new revolutionary government strongly opposed granting greater autonomy to the Kurdish region. The concept of an autonomous minority was particularly anathema to the clerical establishment which was committed to the goal of creating a unified Islamic community. Distrust was further heightened by sectarian tensions between the mostly Sunni Kurds and the Shiite leadership in Tehran. Armed clashes in Kurdish cities like Sanandaj and Paveh between Revolutionary Guards (Pasdaran Enghelab Islami) and PDK peshmerga militia fueled accusations that the Kurdish aspirations went beyond autonomy and that the PDK's true goal was Kurdish independence.

Following several failed attempts at reconciliation between the government in Tehran and Kurdish leaders, on August 18, 1979, acting as Commander-in-Chief of the armed forces, Ayatollah Khomeini ordered units of the Army and the Revolutionary Guards to intervene in the Province of Kurdistan to restore order and re-establish the authority of the central government. Khomeini dubbed the PDK the "party of Satan" and the regime made membership of the party a crime against the IRI and therefore punishable according to both Islamic and Iranian law. The PDK was once more forced underground, and armed confrontations continued between the peshmerga and government forces.

Attempts to broker a ceasefire foundered over IRI demands that the PDK lay down its arms before meaningful negotiations could take place. The outbreak of the Iran-Iraq war in September 1980 forced the IRI to pay urgent attention to subduing the security threat on its northern border where the government controlled the major Kurdish cities but many rural areas essentially remained under PDK control. A major IRI offensive in July 1984 succeeded in driving PDK forces across the border into Iraq.

With the leaders of the PDK now based outside its borders, the Islamic Republic repeatedly resorted to assassination as a tool to disrupt their activities, an approach it adopted towards all the major centers of political opposition to clerical rule. The IRI pursued PDK activists in Iraq, Germany, Austria, Turkey, Sweden and Denmark mounting a number of fatal attacks. Prior to the Mykonos murders, the most prominent of these occurred in July 1989 when Dr. Abdol-Rahman Ghassemlou, who had been Secretary- General of the PDK since 1973, was murdered in Vienna, Austria, in a meeting that had been ostensibly arranged by Iranian officials to discuss a peace settlement.



Fatah Abdoli Homayoun Ardalan Nouri Dehkordi

## Remembrance of the Anniversary of the Assassination of Iranian Kurdish Leader, Dr. Sadegh Sharafkandi and his comrades

Kurdistan Democratic Party (PDK)
www.kdppress.org
www.kurdistanukurd.com
www.kdpmedia.info
www.facebook.com/kdp1945
www.twitter.com/kdp1324

PDF Compressor Free Version



Dr. Mohammad Sadegh Sharafkandi

Dr. Mohammad Sharafkandi was born in Bokan, Iran on January 11, 1938. He received his degree in chemistry at the Institute of Higher Education in Tehran and went on to study at the University of Sorbonne, Paris, where he received his PhD in analytical chemistry in 1976. While studying in Paris in 1973, he joined the PDK. After returning to Iran in 1976, while teaching at the Teachers' Higher Training College in Tehran, he became the representative of the PDKI's Secretary-General, Dr. Abdol-Rahman Ghassemlou. In 1980, he became a member of the PDK Central Committee 140 and was put in charge of the party's operations in Tehran.

In the summer of 1980 he moved to the Kurdistan Province in Iran and the Central Committee elected him to be a member of the PDKI's Political Bureau, the highest echelon of the PDK leadership. He was in charge of the party's publicity efforts. In 1986, he became the PDK's Deputy Secretary-General and assumed the title of interim Secretary-General after Dr. Ghassemlou's assassination on July 13, 1989. In December 1991, he was unanimously elected Secretary-General of the PDK.



Fatah Abdoli

Fatah Abdoli was born in Naghade, Iran on April 15, 1961. He joined the PDK as a student and by 1980 he was one of its active members. After the Sixth Congress, he served as an alternate member of the Central Committee and as head of the PDK Committee in Sanandaj, the capital of Kurdistan Province in Iran. At the Seventh Congress, he was elected as a member of the Central Committee and was assigned to head the Committee of Sardasht in western Azarbayejan, Iran. He succeeded Abdollah Ghaderi,142 after the latter's murder in 1989, as the PDK's principal representative in Europe.143



Homayoun Ardalan

Homayoun Ardalan was born in Saghez, Iran on February 2, 1950. During the 1979 revolution, he left his studies at the University of Sanandaj to join the PDKI. He was elected as a member of the Central Committee in 1984 and then became the head of the PDKI Committee in Saghez. After the Eighth Congress, in 1988, he moved to Germany as the PDKI's local representative.




Murder at Mykonos

On September 17, 1992 agents of the Islamic Republic of Iran (IRI) murdered three leading members of the Democratic Party of Iranian Kurdistan (PDK) and one of their supporters in a private dining room at the Mykonos Restaurant in the Wilmersdorf district of Berlin, Germany. The attack was one of a series of assassinations sponsored by the Iranian government after the revolution of 1979 designed to intimidate and disrupt the activities of political opponents of the regime.

The primary targets of the Mykonos operation were Dr. Mohammad Sadegh Sharafkandi, the Secretary-General of the PDK, Fatah Abdoli, the PDK's European representative, and Homayoun Ardalan, the PDK's representative in Germany. Nourollah Dehkordi, a friend of Dr. Sharafkandi, was also killed in the attack, and Aziz Ghaffari, the owner of the Mykonos restaurant, was wounded.

www.kdppress.org
www.kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv

PDF Compressor Free Version





**Dr. Sadegh Sharafkandi**

*Secretary General of the Kurdistan Democratic Party*

**1938 - 1992**

PDF Compressor Free Version





PDF Compressor Free Version





# وتوویژەیێک لەگەڵ کورد کانال
# سەبارەت بە کارو بەرنامەکانی




کۆمیتەی ئامادەکردنی یادی ٢٠ساڵەی شەهیدانی میکونوس

لەکۆبونەوەیەکی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات دا بریار دارا کە کۆمیتەیەک بۆ کاروباری شەهیدانی میکونوس دابمەزرێنین بۆ ئەو مەبەستە لە لایەن کۆمیتەی دەرەوەی وڵات چوار کەس بەڕێزان کاک رەحیم محمەدزادە کاک خالید حەسەن پور کاک حەمەرەسول کەریمی و کاک مەولود سوارە دیاری کران.

لەئەوەڵێن کۆبونەوەی ئەو کۆمیتەیەدا مەولود سوارە وەک بەرپرسی کۆمیتەکە دیاری کرا نێوی کۆمیتەکەشمان نا : کۆمیتەی ئامادەکاری یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدانی میکۆنووس

ئەو کۆمیتەیە لەو ماوەیەدا توانی ئیمیل ئادرسێک بەو نێوەو هەروەها چەندین پۆستر و باج بە وێنەی شەهید دوکتور سەعیدەوە هەروەها کراس ئەوانە دروست بکات و هەروەها بۆ تقسیمی کارو ئەو شوێنانەی کە پێویستن بریارمان دا کە لەکوێ چۆن بەبەشداری چە کەسانێکەوە سمینار و مەراسمەکانمان بەرێوە بەرین:

ئەوەش کارو چالاکیەکانی کۆمیتەی ئامادەکاری یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدانی میکۆنووس
لەو ماوەیەدا دەبن:

سوئید –ستوکهولم
لە رۆژی ١٥ ـ ٠٩ ـ ٢٠١٢ لە کاتژمێر ١٣:٣٠ خولەک تا ١٧:٠٠ ی ئێوارە
لە هەموو وڵاتانی سکاندیناوی را ئەندامان و لایەنگران بۆ ئەم یادە بانگێشتن کراون و بە پێی توانای خۆیان کۆمیتەکانی دانمارک و فینلاند و نۆرویژ لەگەڵ وڵاتی سوئێد بەشداری دەکەن
بۆ ئەم یادە کەسایەتی سیاسی و تێکۆشەری کورد مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، بەرێز فردریک مالم ئەندام پارلەمانی سوئێد لە سەر لیستی پارتی گەل و کاک سمایل بازیار کادری دێرین و تێکۆشەری ریزەکانی حدک وتاریان لە سەر ئەم یادە دەبێ.

شایانی باسە کە یەکێتی لاوانی وڵاتی فینلاند چەند سروودێک بۆ ئەم یادە پێشکەش





PDF Compressor Free Version

PDF Compressor Free Version



دەکەن و هاوکات لە کەسایەتی سیاسی سەربەخۆکان و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە خاریجی و کوردی‌یەکان و فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانی‌یەکان بانگهێشت کراوە و لە وڵاتی سوئێد کۆمیتە بۆ ئەم یادە پێکهاتوو

بەرنامەی پێرلاشێز و کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فەرانسە

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٥ی سپتامبر

سەعات ١ بۆ ٥ی ئێوارە

لە پێرلاشێز لە بەشێکی بەرچاو لە دۆستان و ئێرانی و بیانیەکان بانگێشتنمان کردوەو بۆ ووتار پێشکەش کردن کە دەکرێ بە بەڕیز دوکتور فردریک تیسو،کاک عەزیز مامڵی،رۆئیا حەکاکیان نوسەری کتێبی پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە بەشێکی تری لە ئێرانیەکان، ئیشارە بکەین.ئەندامانی ڕێبەری حیزب هەریەک لەبەرێزان گوڵالە شەرەفکندی،کاک کاوە ئاهەنگەری و کاک مەولود سوارە بەشداری لەو ڕێورەسمەدا دەکەن.

بەرپرس و ئەندامان و دۆستانی حیزب بە گوێرەی توانا لە وڵاتەکانی ئوتریش،سویس،بلژیک و بریتانیا لەم ڕێورەسمەدا بەشداری دەکەن هاوکارو یاریدەدەری کۆمیتەی فەرانسە دەبن.

بەرنامەی ئالمان شاری کۆڵن

بەرێز کاک مستەفا شەلماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی دەرەوەی وڵات.

- ڕیپۆرتاژێک لە وتوێژی خانمی مۆنیکا تیمن شارەداری پێشوی شارلوتن لە بێرلین
- باسێک لە لایەن ئاغای پەرویزی دەستماڵچی وەک یەکێک لە شاهیدانی ئەو ڕووداوە
- وتوێژی بنەماڵەی دێهکوردی
- وتاری ئاغای مێهدی ئیبراهێمزادە وەک یەکێک لە شاهیدانی ئەوڕوداوە
- باسێک لە لایەن دوکتور کەماڵ سیدۆە سەبارەت کەمایەتیە نەتەوایەتیەکان

کۆمیتەی ئامادەکاری ڕێوڕەسمی ٢٠ ساڵەی شەهیدانی میکۆنوس

کاتی ڕێوڕەسمەکە: شەممە، ١٥ ی سێپتامبری ٢٠١٢ کاتژمێر ٢ ی دوانیوەڕۆ

بریتانیا

لە بریتانیا سیمینارێک بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئەو شەهیدانە و ریسواکردنی سیاسەتی تێرۆر و سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ژووری لۆردەکانی لە پارلمانی بریتانیا بەڕێوە دەبا.

لەم سیمینارەدا کە کاتژمێر ٦ ی دوانیوەڕۆی دووشەممە ١٧ ی سێپتامبری ٢٠١٢ بە بەشداریی کۆمەڵێک کەسایەتیی کورد و ئێرانی و بیانی بەڕێوە دەچێ، ئەم بەڕێزانە وتار پێشکەش دەکەن:

- لۆرد ئێریک ئەیڤبری، ئەندامی ژووری لۆردەکان
- جێریمی کۆربین، ئەندامی پارلمانی بریتانیا
- ئێریک جۆیس، ئەندامی پارلمانی بریتانیا
بەڕێز مامۆستا عبدالله حەسەن زادە سکرتێری پێشوی ح.د.ک
- ڕۆئیا حەکاکیان، نووسەری کتێبی «پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە»
- د. عەلیرەزا نوری زادە، ڕۆژنامەوان و کەسایەتیی سیاسیی ئێرانی
- پەرویز دەستماڵچی، یەکێک لە رزگاربووانی تیرۆری میکۆنۆس
گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دیارە لە بەرنامەکانی فەرانسە مەتین دەفتەری و دوکتور حوسین لاجوردی و پەرویز نەویدی دوکتور حەسەن شەتەوی دوکتور فەرهنگی قاسمی،بهزاد کەریمی،سیروس ئاموزگار و دکتور هدایەت مەتین دەفتەری و خەڵکانی تر بەلام
بەشدار دەبن.

**کۆمیتەی ئامادەکاری ڕێوڕەسمی**
**٢٠ ساڵەی شەهیدانی میکۆنوس**
**سەرکەوتووبن**
**مەولود سوارە**
**١٠ی سپتامبری ٢٠١٢**

PDF Compressor Free Version

Kurdistan Democratic Party
KDP - IRAN

حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی

Kurdistan Democratic Party
Political Bureau

هاو ڕێیانی بەڕێزی کومیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە گەڵ سڵاو و ڕێزی زۆر

بە پێویستی دەزانین بە بۆنەی یادکردنەوەی بە شکۆی بیستەمین ساڵڕۆژی شەهیدانی میکۆنۆسەوە دەستخۆشیتان پێ بڵێین و داوای سەرکەوتنی هەرچی زیاتر تان بۆ بکەین لە ئەرکە نەتەوەیی و حیزبییەکان دا. لە ڕێگای ئێوەشەوە دەستخۆشی دەکەین لە کومیتەی ئامادەکاری ئەو ڕێ و ڕەسمانە و هەروەها لە هەمو ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە هەمو کومیتەکان بە گشتی و لە کومیتەکانی سوید،ئینگلستان،فینلاند، نۆرویژ، دانمارک ،ئاڵمان، فەڕانسە و سویس بەتایبەتی کە لەو ڕێ و ڕەسمانەدا ئەرکی سەرەکیان لە سەر شان بوو توانیان هێز و توانای حیزبەکەیان بە جوانی نیشان بدەن.

هاورێیان:

ئێوە جارێکی دیکە نیشانتان دا کە حیزبەکەمان خاوەنی تەشکیلاتێکی بەهێز، کادر و بەرپرسی بەتوانا و ئەندام و لایەنگری چالاک و دڵسۆزە. بێشک بە بوونی ڕێکخراوێکی لەو چەشنە، هیوا بە وەدیهاتنی ئامانجەکانی نەتەوە و حیزبەکەمان زیاتر دەبێ و ئاسۆی سەرکەتن ڕوونتر.

دیسان داوای سەرکەتنتان بۆ دەکەین لە ئەرکە پیرۆزەکانتان دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

٢١ ی سیپتامبری ٢٠١٢

www.kurdistanukurd.com
kdpsecretariat@googlemail.com
Tel. 009647710232544

PDF Compressor Free Version



# وڵامی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بە نامەی پارلەمانتارێکی ئەو وڵاتە سەبارەت بە بارودۆخی کەبوودوەند



هەروەک ئاگادارن، هاوکات لەگەڵ مانگرتنی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، محەممەد سدیق کەبوودوەند، بەڕێز مەلوود سوارە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کورردستان، نامەیەکی سەرئاوەڵای بەڕێز خالید عەزیزیی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە باسی لە دۆخی نالەباری ناوبراو لە کاتی مانگرتنەکەیدا کردبوو و ئاڕاستەی پارلەمانتار و کاربەدەستانی بەرزی حکومەتی بریتانیا کرد.

لە بەشێک لەو نامانە دا داوا لە پارلەمانتارەکانی بریتانیا کرابوو گووشار بخەنە سەر کاربەدەستانی ڕژیمی تاران کە زەخت و زۆری سەر بەندکراوانی سیاسی هەڵگرن و کەبوودوەندیش ئازاد بکەن.

ئەوەی لە خوارەوە دەیبینن نامەیەکی بەڕێز « فابیان هامیلتۆن،ە» کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ناردبوو و هەرروەها وەزارەتی دەرەوەش

PDF Compressor Free Version

وڵامی نامەی ناوبراوی داوەتەوە.

**فابیان هامیلتۆن ئەندامی پارلمان**
**ئەنجومەنی نوێنەران**
**لەندەن**

**زۆر بەڕێز ویلیام هێیگ**
**وەزیری کارو باری دەرەوە**
**نوسینگەی وەزارەتی دەرەوە و کامنوێلس**

**١٨ی جولای ٢٠١٢**

هاوپێچی ئەو نووسراوەیە، نامەی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەنێرمە خزمەتتان. ئەم نامەیە لە لایەن بەڕێز مەولود سوارە، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بۆ من نێردراوە. نامەکە باسی هەل و مەرجی ترسناکی زیندانی کوردی-ئێرانی محەممەد سەدیق کەبودوەند، ڕۆژنامەوان و چالاکوانی دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەکا.

ئاغای کەبودوەند لە جولای ٢٠٠٧ بە هۆی چالاکیی لە بواری مافی مرۆڤ دەستبەسەر کرا و پێش تاوانبار کران بە کۆمەڵێک تاوانی وەک «هەڵس وکەوت لە دژی بەرژەوەندی نەتەوەیی لە ڕێگای دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان»، «دژبەریی یاسا و ڕێساکانی ئیسلامی و پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی» بۆ ماوەی ٥ مانگ لە ژووری تاکە کەسی دا ڕاگیرابوو.

دوای ٧ ساڵ زیندانی بوون نیگەرانییەکی زۆر لە مەڕ وەزعی ئاغای کەبودوەند لە ئارا دایە، بە تایبەتی کە ناوبراو ٥٠ ڕۆژ لەوەپێش دەستی کردووە بە مانگرتن لە خواردن. سەرەڕای گیرو گرفتەکانی پەیوەندیی نێوان بریتانیا و ئێران، داواتان لێدەکەم، گشت کاناڵێکی کە پێتان شیاوە بۆ گوشار خستنە سەر کاربە دەستانی ئێران، بۆ ئازادی دەستبەجێی ئاغای کەبودوەند بە کار بێنن. تکایە لە هەوڵەکانتان بۆ چارەسەریی ئەم وەزعە ئاگادارم بکەنەوە.

**لە گەڵ ڕێزمدا،**

**فابیان هامیلتۆن**
**ئەندامی پارلمان لە سەر لیستەی حزبی کرێکار لە باکووری ڕۆژهەڵاتی لیدز**

**وڵامی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بۆ نامەی فابیان هامیلتۆن**

**وەزارەتی دەرەوە و کامۆنوێلس**
**١٠ی سێپتامبری ٢٠١٢**

**فابیان هامیلتۆن نوێنەری پارلمان**
**ئەنجومەنی نوێنەران**
**لەندەن**

**بەڕێز فابیان:**

سوپاس بۆ نامەی ١٧ی سێپتامبر کە بە ناوی ئاغای مەولود سوارە، ئەندامی

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا، بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەتان ناردبوو، کە تێیدا دا نیگەرانیی خۆتان لە مەڕ وەزعی ڕۆژنامەوانی کوردی-ئێرانی و چالاکوان و دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی

PDF Compressor Free Version



کوردستان، موحەممەد سەدیق کەبودوەند دەربڕیبوو.

ئێمەش نیگەرانی ئاغای کەبودوەندین کە بە پێی ڕاپۆرت سلامەتی ناوبراو بە دوای مانگرتن لە خواردن خراپتر بووە، هەرچەند ئێمە ئاگادارین کە مانگرتنی ناوبراو ڕۆژی ٢٤ی جولای کۆتایی پێهاتووە. ئێمە ٣ی مانگی مای دۆسیەی ناوبراومان لە چوارچێوەی کەمپەینێکی یەک حەوتوویی لە بارەی زیندانی کردن و بەد ڕەفتاریی ڕێژیم بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان لە لاپەڕەی فەیسبوکی وەزارەتی دەرەوە و کامۆنوێلس نیشان دا. هەروەها لە ٢٤ی ئاگوست وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ تیشک خستنە سەر وەزعی ئاغای کەبودوەند جارێکی تر لێدوانێکی بڵاو کردەوە و لە ویدا پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ئێرانەوەی وەک «شەرمەزاریی» و «تاوانی ئابڕووبەرانەی ڕێبەرانی ئێران» مەحکوم کرد.

دەوڵەتی بریتانیا چالاکانە سەرقاڵی ئەو دەستپێشخەرییانەیە کە لەوێدا ئێران وەک بەرپرسیاری پێشێلکاریی پەیمانە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ دەستنیشان دەکرێ. لە مانگی مارس دەوڵەتی بریتانیا لە گەڵ هاوبەشەکانی لە یەکیەتیی ئوروپا لە کردەوەیەکدا بۆ بەرپەرچدانەوەی کارنامەی مافی مرۆڤی ئێران بڕیاری دا کە سەفەری بەرپرسانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ (بۆ ئوروپا) قەدەغە بکا و دەست بە سەر داراییەکانیان (لە بانکەکانی ئوروپا) دا بگرێ. لیستەکە ناوی ئەندامانی دامودەزگا ئەمنییەتیەکان، بەشی دادوەریی و دادوەر و دادستانەکان کە ئەنجامدەری تاوانی قورسی وەک ئەشکەنجە و پێشگیری لە دادگاییەکی ڕەوا بوون دەگرێتە خۆ. لیستەکە لە ژێر پێداچوونەوەی بێ پسانەوە دایە و ئێمە خەریکی کۆ کردنەوەی بەڵگە لە دژی ئەو کەسانەین کە بەشداریی لە پێشێلکاریی چڕ و پڕی مافەکانی مرۆڤ دا دەکەن. ئێمە دەمانهەوێ ئەوانەی ناویان لە لیستەکە دایە ڕێبازی خۆیان بگۆڕن و هەروەها خەڵکی تر وریا ببنەوە و تێکەڵاوی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ نەبن.

ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوە و کامۆنوێلس لەبارەی مافی مرۆڤ و دیموکراسی کە لەم دواییانەدا بڵاو بووەوە بە ئاشکرا باس لە نیگەرانیی دەوڵەتی بریتانیا لە بارەی کارنامەی ئێران دەکا. لەگەڵ هاوبەشانی یەکیەتی ئوروپا و نێونەتەوەیی، بریتانیا درێژە بە باس کردنی دۆسیەی تایبەتیی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی دەدا و ئێمە بە چڕ و پڕی کار لەگەڵ ڕێکخراوە نا حوکومییەکان و داکۆکیکەرانی مافەکانی مرۆڤ بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لە سەر دۆسیە جیاجیاکان پێشێلکاری مافەکای مرۆڤ لە ئێراندا دەکەین.

من دڵنیاتان دەکەمەوە کە دەوڵەتی بریتانیا درێژە بە داخوازیی لە ئێران بۆ ڕێز گرتن لە مافی تەواو و یەکسانی هاووڵاتیانی کە هاوتەریبی بەرپرسیارییە نێونەتەوەییەکانیەتی دەدا.

**ئالیستەیر بورت**
**ئەندامی پارلمان لە**
**وەزارەتی دەرەوە**
**ئەنجومەنی نوێنەران**
**لەندەن**

PDF Compressor Free Version

*Fabian Hamilton MP*
*House of Commons*
*London*
*SW1A 0AA*

*Telephone:* 020 7219 3493
*Constituency Fax:* 0113 235 9866
*Constituency:* 0113 249 6600
*E-mail:* fabian.hamilton.mp@parliament.uk

Rt Hon William Hague
Foreign Secretary
Foreign and Commonwealth Office
King Charles Street
London
SW1A 2AH

18th July 2012

Attached please find a letter from Khalid Azizi, Secretary General of the Kurdistan Democratic Party. It was given to me by Mr Mouloud Swara, a Member of the Kurdistan Democratic Party in the UK. The letter highlights the appalling circumstances in Iran of the imprisoned Iranian-Kurdish journalist and activist founder of the Kurdish Human Right Organisation, (HROK) Mohammad Sedgh Kaboudvand.

Mr Kaboudvand was arrested in July 2007 for human rights activities and kept in solitary confinement for 5 months before being charged with a range of "offenses" ranging from "acting against national security by founding the KROK", "opposing Islamic penal laws and advocating on behalf of political prisoners.

After 7 years of imprisonment there are grave concerns about the state of Mr Kaboudvand's health, especially since he started a hunger strike more than 50 days ago. Despite the difficult relations between Iran and Great Britain, I urge you, using whatever channels you deem appropriate, to press for Mr Kaboudvand's immediate release. Could you let me know what you will be able to do to remedy this situation?

Yours sincerely,

Fabian Hamilton
*Labour Member of Parliament for Leeds North East*

www.leedsne.co.uk

PDF Compressor Free Version



RECEIVED
13 SEP 2012

Foreign & Commonwealth Office

King Charles Street
London SW1A 2AH

10 September 2012

Our reference: MIN/36982/2012

Fabian Hamilton MP
House of Commons
London
SW1A 0AA

Dear Fabian,

Thank you for your letter of 17 August to the Foreign Secretary on behalf of Mr Mouloud Swara, a member of the Kurdistan Democratic Party in the UK, who has expressed concerns about the plight of the Iranian-Kurdish journalist and activist founder of the Kurdish Human Rights Organisation, Mohammad Sedgh Kaboudvand. I am replying as Minister responsible for our relations with Iran.

We share your concern about Mr Kaboudvand, whose health is reported to have seriously deteriorated following his hunger strike, although we understand his hunger strike ended on 24 July. We featured his case on 3 May on the FCO's Facebook page as part of a week-long campaign about Iranian journalists incarcerated and mistreated by the regime. The Foreign Secretary also issued a statement on 24 August drawing attention once again to Mr Kaboudvand's case and condemning Iran's widespread abuse of its citizens' human rights as a "disgrace" and a "shameful indictment of Iran's leaders".

The British Government is actively involved in initiatives that hold Iran to account for violations of its international human rights obligations. In March the British Government led action with our EU partners to address Iran's human rights record by imposing travel bans and asset freezes on individuals responsible for human rights violations in Iran. The list includes members of the security forces, judiciary and prosecutors who have perpetrated violations as serious as torture and denial of the right to a fair trial. The list is under continuous review and we continue to compile evidence against those complicit in gross human rights violations. We want those on the list to change their approach, but also for others to take heed of these measures and not involve themselves in human rights abuses.

The recent Foreign and Commonwealth Office Annual Human Rights and Democracy report made clear the British Government's ongoing concerns about Iran's record. With EU and international partners, the UK continues to raise cases of particular concern with the Iranian authorities and we work closely with Non-Governmental Organisations and human rights defenders to gather information on individual cases.

PDF Compressor Free Version

I would like to assure you that the British Government will continue to urge Iran to respect the full and equal rights of its people in line with its international obligations.

ALISTAIR BURT

PDF Compressor Free Version



# وڵامی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بە نامەی نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بریتانیا




**ناوەندی هەواڵ– بریتانیا: وەزارەتی کاروباری دەرەوە و کۆمۆن وێلسی بریتانیا، یەکەی تایبەت بە ئێران، ١٧ ی سێپتامبری ٢٠١٢.**

**بەڕێز سوارەی خۆشەویست!**

سپاس بۆ ئەو نامەیەت کە بە ڕێکەوتی ١٢ی ژوئیە سەبارەت بە بارودۆخی خراپی رۆژنامەوانی کوردی ئێرانی و دامەزرێنەری رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران محەممەد سەدیق کەبودوەند بۆ سەرۆک وەزیرت ناردبوو. من وەک ئەندامێکی بەشی بەرپرسیار لە پێوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران لە وەزارەتی دەرەوە وڵامت دەدەمەوە.

نیگەرانیی ئێوە سەبارەت بە بەڕێز کەبودوەند کە وەک دەگوترێ باری تەندروستیی پاش مانگرتنەکەی لە خواردن زۆر خراپ بووە، نیگەرانیی ئێمەشە، هەرچەند کە مانگرتنەکەی رۆژی ٢٤ ی ژوئیە کۆتایی هاتووە. ئێمە ڕۆژی ٣ی مەی لە کەمپەینێکی یەک حەوتووییدا لەسەر فەیسبووک سەبارەت بەو رۆژنامەوانە ئێرانییانەی گیراون و ڕێژیم ڕەفتاری خراپیان لەگەڵ دەکا، ناوبراومان لە ڕیزی پێشەوەی

PDF Compressor Free Version

ناوەکان دانا. ڕۆژی ٢٤ ی ئووت وەزیری دەرەوە ڕاگەیاندراوێکی دەرکرد بۆ ئەوەی سەر لەنوێ سەرنج بۆ لای کەیسی بەڕێز کەبودوەند ڕاکێشێ و لەو ڕاگەیاندراوەدا پێشێلکردنی بەربڵاوی مافی مرۆڤی و هاووڵاتییان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە وەک «شووڕەیی» و «تاوانێکی مایەی شەرم بۆ ڕێبەرانی ئێران» لە قەڵەم درابوو.

حکومەتی بریتانیا چالاکانە بەشداری لە هەموو ئیبتکارێکدا دەکا بۆ ناچارکردنی ڕێژیمی ئێران بە وڵامدانەوە سەبارەت بە هەموو ئەو پێشێلکارییانە کە ئەو ڕێژیمە لەبواری مافە نێونەتەوەیی‌یەکانی مرۆڤدا ئەنجامیان دەدا. لە مانگی مارسدا حکومەتی بریتانیا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە یەکێتیی ئورووپا ڕێبەریی کۆمەڵێک هەنگاوی بەکردەوەی لەپێوەندی لەگەڵ کارنامەی ئێران لەبواری مافی مرۆڤدا کرد، بەتایبەتی لە ڕێگای قەدەغەکردنی سەفەر و بەستنی دارایی ئەو کەسانەی لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بەرپرسیارن. لیستەکە ناوی کەسانێک لە بەرپرسانی هێزە ئەمنییەتییەکان و دەزگای قەزایی و دادستانەکان لە خۆی دەگرێ کە پێشێلکاریی قورسی وەک شکەنجە و زەوتکردنی مافی دادگایی کردنی عادڵانەیان ئەنجام داوە. لیستەکە بەردەوام لەژێر پێداچوونەوەدایە و ئێمە درێژە بە کۆکردنەوەی بەڵگەکان سەبارەت بەو کەسانە دەدەین کە لە پێشێلکاریی گەورەی مافی مرۆڤدا هاودەست بوون. ئێمە دەمانەوێ ئەو کەسانەی ناویان لە لیستەکەدایە کۆتایی بەو ڕەفتارەیان بێنن و کەسانی تریش دەرس لەو هەنگاوانە وەربگرن بۆ ئەوەی خۆیان تێکەڵی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ نەکەن.

تازەترین ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا سەبارەت بە مافی مرۆڤ و دیموکراسی نیگەرانیی بەردەوامی حکومەتی بریتانیا سەبارەت بە کارنامەی ئێران بە ڕوونی نیشان دەدا. بریتانیا، هاوشان لەگەڵ یەکێتیی ئورووپا و هاوپەیمانە نێونەتەوەییەکانی، لەسەر خستنە بەرباسی کەیسەکانی جێگەی نیگەرانی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی بەردەوام دەبێ. ئێمە هەروەها لە نزیکەوە لەگەڵ ئێن جی ئۆکان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ کار دەکەین بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر کەیسە تایبەتییەکان کۆ بکەینەوە.

ئێمە لە فشارهێنان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی ئەرک و ئیلزاماتی خۆی لە بەرامبەر خەڵکی ئێران لەسەر بنەمای یاسای ئێرانی و یاسای نێونەتەوەیی جێبەجێ بکا.

**لەگەڵ ڕێز و سڵاو.**

**کۆنیل ئۆگون بەنجۆ- لێپرسراو لە**
**یەکەی تایبەت بە ئێران**
**لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا**

# پاسخ وزارت امور خارجه‌ی بریتانیا به نامه‌ی نماینده‌ی حزب دمکرات کردستان در این کشور

اخبار روز: www.akhbar-rooz.com
شنبه ٥□ مهر □□٣□ - ١٦اکتبر □□□□

وزارت امور خارجه بریتانیا در پاسخ به درخواست کتبی مولود سواره عضو رهبری حزب دمکرات کردستان و نماینده این حزب در بریتانیا، نامه ای را برای وی ارسال کرد.

مولود سواره عضو رهبری حزب دمکرات کردستان چندی پیش در خصوص وضعیت نامناسب محمدصدیق کبودوند، -موسس سازمان دفاع از حقوق بشر کردستان - نامه ای را خطاب به نخست وزیر بریتانیا نوشت و خواستار تلاش وی برای آزادی محمد صدیق کبودوند شد.

محمدصدیق کبودوند در تیرماه سال ٨٦ بازداشت گردید. وی یک سال پس از بازداشتش به اتهام اقدام علیه امنیت ملی از طریق «تشکیل و اداره سازمان دفاع از حقوق بشر کردستان» و تبلیغ علیه نظام از طریق ارتباط با سازمان های بین المللی مدافع حقوق بشر و گفتگو با رسانه ها به بیش از ده سال زندان محکوم شد.

محمد صدیق کبودوند که به گفته ی خانواده اش تا پیش از بازداشت هیچگونه سابقه بیماری نداشته، در جریان نگهداری □ ماهه وی در شرایط سخت سلول انفرادی، به بیماریهای ریوی، کلیوی و پوستی مبتلا شده و حتی سکته خفیف مغزی نیز داشته است.

محمدصدیق کبودوند که نیمی از دوران زندانش را گذرانده به دلیل مخالفت نهادهای امنیتی و مسئولان قضایی تا کنون موفق نشده از حق مرخصی استفاده کند.

متن کامل نامه وزارت امورخارجه بریتانیا و کمون ولس بریتانیا به مولود سواره، عضو رهبری حزب دمکرات کردستان در ذیل می آید:

وزارت امور خارجه و کمون‌ولس بریتانیا

بخش ویژه‌ی ایران

□□ سپتامبر □□□□

آقای سواره‌ی گرامی،

از نامه‌ای که در تاریخ □□ ژوئیه در مورد وضعیت نامناسب روزنامه‌نویس کرد ایرانی و موسس سازمان حقوق بشر کردستان ایران، محمد صدیق کبودوند خطاب به نخست وزیر ارسال داشته بودید، متشکرم. من بعنوان یکی از اعضای بخش مسئول در مناسباتمان با ایران

PDF Compressor Free Version

در وزارت امور خارجه به شما پاسخ می‌دهم.

نگرانی شما در خصوص آقای کبودوند که همچنانکه گفته می‌شود وضعیت جسمی وی از پس از اعتصاب غذایش بسیار وخیم گشته است، مایه‌ی نگرانی ما نیز هست، هر چند که اعتصاب غذای وی روز ٤ ژوئیه پایان یافته است. ما روز ۳ ماه مه در یک کمپین یک هفته‌ای در فیس‌بوک در خصوص روزنامه‌نگاران ایرانی‌ای که بازداشت شده و با رفتار نامناسب رژیم مواجه هستند، نامبرده را در ردیف نخست اسامی آنها ذکر کرده‌ایم. روز ٤ اوت وزیر امور خارجه اطلاعیه‌ای صادر کرد تا مجددا توجه همگان را بسوی کیس کبودوند جلب نماید. در این اطلاعیه نقض گسترده‌ی حقوق بشر شهروندان از سوی رژیم ایران «شرم‌آور» و « جرمی خجالت‌آور برای رهبران ایران» توصیف شده‌بود.

حکومت بریتانیا در هرگونه ابتکاری که رژیم ایران را ناچار از پاسخگویی در قبال تخلفاتی که این رژیم در خصوص حقوق بین‌المللی بشر انجام می‌دهد، می‌سازد، فعالانه شرکت می‌کند. ماه مارس حکومت بریتانیا به اتفاق همپیمانانش در اتحادیه‌ی اروپا مجموعه گامهای عملی‌ای را در رابطه با کارنامه‌ی ایران در زمینه‌ی حقوق بشر رهبری کرد، بویژه از طریق ممنوعیت سفر مسئولان نیروهای امنیتی و دستگاه قضایی و دادستانها که تخلفات سنگینی چون شکنجه و نقض حق محاکمه‌ی عادلانه را مرتکب شده‌اند. لیست مزبور بطور دائم در حال بازنگری است و ما به گردآوری اسناد در مورد کسانی که در نقض فاحش حقوق بشر دست داشته‌اند، ادامه می‌دهیم. ما می‌خواهیم اشخاصی که اسامی‌شان در لیست یاد شده قید شده است، به رفتار خویش پایان داده و افراد دیگر نیز از این اقدامات درس‌عبرت بگیرند تا خود را درگیر نقض حقوق بشر ننمایند.

تازه‌ترین گزارش سالانه‌ی وزارت امور خارجه‌ی بریتانیا در خصوص حقوق بشر و دمکراسی، نگرانی دائمی حکومت بریتانیا در مورد کارنامه‌ی ایران را بروشنی نشان می‌دهد. بریتانیا همگام با اتحادیه‌ی اروپا و همپیمانان بین‌المللی خویش، به درمیان گذاردن موضوع کیسهای نگران کننده با مقامات ایرانی ادامه می‌دهد. ما همچنین از نزدیک با ان جی اوکان و مدافعان حقوق بشر فعالیت می‌کنیم تا در مورد کیسهای ویژه اطلاعات گردآوری نماییم.

ما به وارد آوردن فشار به رژیم ایران ادامه خواهیم داد تا به وظائف و التزامات خویش در قبال مردم ایران، بر اساس قوانین ایرانی و بین‌المللی عمل نماید.

**با درود و احترام**
**کونل اگون بنجو – مسئول**
**در بخش ویژه‌ی ایران**
**در وزارت امور خارجه**

PDF Compressor Free Version



# بەشداری حیزبی دێموکراتی کوردستان

# لە کۆنفرانسی حیزبی کارگەری بریتانیا

ناوەندی هەواڵ– بریتانیا: لەسەر بانگێشتی فەرمی حیزبی لیبەرپارتی بریتانیا، هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات و بەڕێز مەولود سوارە ئەندامانی رێبەری حیزب و هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی بریتانیا، لە کۆنفڕانسی ساڵانەی ئەو حیزبە دا بەشدارییان کرد.

ئەمرۆ ١ی ئۆکتبر ٢٠١٢ هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەنچستەری بەشداری ئەو کۆنفرانسن. ئێمە لە هەواڵەکانی داهاتوودا زیاتر لەسەر بەشداری ئەم هەیئەتە و هەروەها دیدار و چاوپێکەوتنەکان ئاگادارتان دەکەینەوە.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان– بریتانیا

PDF Compressor Free Version

# بەشداری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کنفرانسی حیزبی کارگەری بریتانیا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: لەسەر بانگێشتی ڕەسمی حیزبی لیبەرپارتی بریتانیا هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەڕێز مەولود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب و هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی بریتانیا ڕۆژی دووشەممە ١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ی زایینی، بەشدارییان لە کۆنفڕانسی حیزبی لیبەر پارتی بریتانیا دا کرد.

ئەو کۆنفڕانسە کە بە دروشمی « بنیات نانەوەی بریتانیا» لە شاری مەنچستەر بەڕێوە دەچێت، کۆنفڕانسێکی ساڵانەی لیبەر پارتییە کە ئەمساڵ بە بەشداری زیاتر لە ١٣٠ باڵوێز و نوێنەرایەتی وڵاتان و هەروەها حیزب و لایەنە سۆسیال دێموکراتەکان ڕێکخراوە.

کاتژمێری ١٢و نیوی ١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ میواندارییەک لە لایەن بەشی نێونەتەوەی حیزبی خانەخوێ،وە ساز کرا کە لەو میوانیەدا بەشێکی بەرچاو لە وەزیرانی دەسەڵاتی سێبەر بەشداریان تێدا کرد و لەلایەن بەڕێز داگلاس ئەلێکساندر ئەندامی پارلمانی بریتانیا و وەزیری دەرەوەی (سێبەر) بەخێرهاتنی میوانانی کرا. بەڕێز داگلاس لەسەر حیزبی لیبەرپارتی و هەلبژاردنەکانی ئەو حیزبە وتی: پێویستە حیزبەکەمان پێداچوونەوەیەک بە سیاسەت و بۆچوونەکانی خۆیدا و هەروەها شێوەی هەلبژاردن سیاسەت و ڕوانگەکانمان بکەینەوە. ناوبراو لە پەیوەندی لەگەڵ وتەکانی سەرۆکی ئەو حیزبەدا کە بڕیارە پاشنیوەرۆی ڕۆژی ٢ی ئۆکتۆبر لە سالۆنی کنفرانسەکەدا بیکات وتی: زیاتری وتەکانی پیوەندی بە بریتانیا و بۆچون و ڕوانگە و هەروەها باشتر بوونی سیاسەتی لیبەر پارتی لە بەڕێوەبردنی داهاتوودا دەبێت. بەڕێز داگلاس لە بەشێکی تری قسەکانی دا سەبارەت بە بەشداری باڵوێز و نوێنەرایەتی حکومەت و حیزب و ڕێکخراوەکان وتی: بەشداری ئێوەی بەرێز دەرفەتێکە بۆ لێک نیزیک بوونەوە، بۆ

PDF Compressor Free Version





ئالوگۆری دیدو بۆچونەکانمان سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان لە داهاتوو و هاوئاهەنگی و هاوکاری نێوان ئەحزابی سۆسیال دێموکرات لە چونیەتی ڕووبەڕوو بونەوە لەگەڵ قەیرانە نێودەوڵەتییەکاندا.

خاتوو هاریەت هارمن ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری سەرۆک وەزیرانی لە حکومەتی سێبەر، یەکێکی دیکە لە قسەکەرانی ڕۆژی یەکەمی ئەو میواندارییە بوو، کە ئەویش تیشکی خستە سەر وتەکانی بەڕێز داگلاس ئەلیکساندر و خۆشحاڵی خۆی لە بەشداری میوانان دەربڕی.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی یەکەمی ئەم کنفرانسەدا چاویان بە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی پارلمان و کاربەدەستانی ئەو وڵاتە کەوت. سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە میانەی بەشداری لەو میواندایەدا چاوی بەهەریەک لەبەڕێزان داگلاس ئەلیکساندر وەزیری دەرەوەی حکومەتی سێبەر کەوت و سەبارەت بە ئاڵوگۆرەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئێران و هەروەها ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوان، هاوکات لە پەڕاوێزی چاوپێکەوتنەکە دا کتێبی پیاوکوژانی کۆشکی فیروزەی پێشکەشی بەڕێزیان کرد.

بەرێز کاک خالید عەزیزی چاوی بە هەریەک لە بەڕێزان ئیفان لویس ئەندامی پارلمانی بریتانیا و وەزیری گەشە پێدان بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و هەروەها بەڕێز ئین لوکۆس ئەندامی پارلەمانی بریتانیا و وەزیر لە کابینەی سێبەر بۆ کاروباری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوین کەوت و لەسەر ئیران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیرورا کرا و بۆچونەکانی حیزبی دیموکراتی لەگەڵ هێنانە بەرباس.

بەرێز کاک خالیدی عەزیزی و هەیئەتی بەشداری حیزبی لە پەڕاوێزی دانیشتنەکاندا دا لەگەڵ هەیئەتی حیزبی کارگەر لە ئیرلەند –دوبلین بەرێزان:

برایان مەکدۆوێل، جێمز کەنەدی، دەیفید لیچ، جۆن لۆنس، خاتوو مەکس مەکفی، کلیر پاوەر و جاک وال دیدارو چاوپێکەوتنیان کرد. پێویست بە ئاماژەیە کە بەشێک لەو بەڕێزانە لە

PDF Compressor Free Version









PDF Compressor Free Version





کۆنگرەی ٢٤ی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست دا بەشدار بوون و ئەو چاوپێکەوتنە دیدار نوێ کردنەوە بوو لەگەڵیان دا.

هەر لە درێژە ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانە دا سکرتێری گشتی حدک لەگەڵ بەڕێز جۆ بیلینگهام بەرپرسی نێونەتەوەی حیزبی کارگەری بریتانیا دیداری کرد و چەندین تەوەری گرینگ کەوتە بەرباس و راوێژ.

پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ و کاتژمێری ٤ بۆ ٥ی ئێوارە لە یەکێک لە سالۆنەکانی کنفرانس، حیزبی کرێکارانی بریتانیا کۆبونەوەیەکی لەسەر چۆنیەتی شێوازەکانی هەڵبژاردن و هەروەها پەرەپێدان و راهێنان و پەروەردەکردنی ئەندامەکانیان لە زمینە جۆراوجۆرەکاندا پێشکەش کرد، ئەوە جگە لە راپۆرتێکی تێروتەسەل کە بە ئامێری سینەما سلاید لەسەر هەڵبژاردنەکانی رابردوو و بەرنامە و پلانی داهاتوو و بەرنامە و پرۆگرامی حیزب بۆ سالی ٢٠١٥ بەشێکی تری باسەکانی ئەم سمینارە بوو.

پاشان لەلایەن بەشدار بووانەوە هێندێک پرسیار لەپەیوەندی لەگەڵ هەڵبژاردن و شێوازی کاری داهاتووی ئەو حیزبە لە داهاتوو دا ئاراستەی کۆرگێر و بەرپرسانی ئەو حیزبە کرا کە لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەو سمینارەوە وڵام درایەوە.

لە کۆتایی ئەو سمینارە هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ بەڕێز گاری کێنت راوێژکاری سیاسی کۆمیتەی پارلمانتارانی بریتانیا بۆ کاروباری کوردستان پێک هێنا و سەبارەت بە چەندین تەوەری جیاواز قسە و باسیان کرد.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی**
**کوردستان بریتانیا**
**ای ئۆکتۆبری ٢٠١٢**

PDF Compressor Free Version







PDF Compressor Free Version



# سمینارێک لە ژێر ناوی ئەزمونەکانی کورد بۆ چارەسەری کێشەی کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢ی ئۆکتۆبری٢٠١٢ی زایینی کاتژمێر ١٢ بۆ ١و نیوی دوای نیوەڕۆ، لە میدلەند هوتێل لە شاری مەنچستەر بە بەشداری چەندین ئەندام پارلەمانی بریتانیا و سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵێکی بەرچاو لە نوێنەرانی وڵاتان و ئەحزابی نێونەتەوەیی بەشدار لە کۆنفرانسی ساڵانەی لیبەر پارتی، سمینارێک بۆ تاوتوێ کردنی کێشەی کورد و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێکخرا.

پێشەکی، گەری کێنت ڕاوێژکاری سیاسی لە پارلمانی بریتانیا، وەک بەڕێوەبەری سمینارەکە کورتە باسێکی سەبارەت بە بابەتی کۆبونەوەکە پێشکەش کرد. دواتر ڕۆبێرت لووی سەبارەت پروسەی ڕزگاری عێراق و دەوری کورد لە پرۆسەیەدا و ئەزموونی ئێستای حکومەت داری کوردستان، بە وردی دووا.

پاشان مایک گەیپس ئەندامی پارلمانی بریتانیا و بەرپرسی پیوەندیە نێونەتەوەیەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە پارلمان، سەبارەت بە دەوری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەو بڕیاری بوێرانەی ئەوکاتی وڵاتانی جیهان ئاخافتنی کرد. ئینجا جان سلینگەر لەسەر کێشەو قەیرانی سوریە لە ئێستا دا و کارتێکەری ئەو قەیرانە لە سەر سیاسەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە داهاتوو قسەی کرد.

پاشان سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێز خالید عەزیزی، لە کورتە باسێکدا تیشکی خستە سەر گرفتی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بە سەردا دابەش کراوە، وتی: وڵاتانی داگیرکەری

PDF Compressor Free Version



کوردستان دەبێ قەزیەی کورد وەک دەرفەت بۆ پەرە پێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی سەیر بکەن، نەک وەک هەڕەشە لە سەر خۆیان. هەر لەو پەیوەندییەدا بەڕێز عەزیزی گوتی کە کوردستانی عیراق دەتوانێ وێنەیەکی باش بێت بۆ ئەوەی لە وڵاتی فرە نەتەوەی ئێراندا کێشەی کورد چارەسەر بکرێ و بەو جۆرە کوردستانی ئێران دەورێکی باش ببینێت لە جێ خستنی بنەماکانی فیدرالیزم لە ئێرانی داهاتودا. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، سکرتێری حیزب، شەڕی سوریەی بە شەری نێوان خەڵکی ئەو وڵاتە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری ئەو وڵاتە و ڕژیمی کۆنەپەرست و تێرۆریست پەروەری ئێران ناوبرد. بەڕێزیان لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی کە لەو شەرەدا نابێت سوریە و ئێران براوە بن، ئەوەش ئەرکی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتێ کە دەبێ زۆر بە ڕاشکاوی پشتیوانی خەڵکی سوریە بن.

لەکۆتایی ئەو سمینارە دا کە نزیکەی ٢ کاتژمێری خایاند، هەیئەتی حیزبی چاویان بە بەڕێز مایک گەیپس ئەندامی پارلمانی بریتانیا و بەرپرسی پەیوەندییە نێونەتەوەیەکانی وەزارەتی دەرەوی ئەو وڵاتە لە پارلمان کەوت و لێستی زیندانیانی سیاسی لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢ دا کە لەلایەن کۆمیتەی مافی مرۆڤی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە



PDF Compressor Free Version







ئامادە کرابوو پێش کەشی بەڕیزیان کرد.

پاشان دیدارو چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز سێرکان کارمان ئۆغلو، سکرتێری دووهەمی باڵوێزخانەی تورکیە پێک هات.

جێگەی ئاماژەیە کە بەڕێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا و هەیئەتێکی کومیتەی حیزب لەو وڵاتە هاوڕێیەتی سکرتێری گشتی حیزبیان دەکرد.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی**
**کوردستان- بریتانیا**
**٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢**







PDF Compressor Free Version

# ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل سەبارەت بە بەشداری هەیئەتێکی حدک لە کۆنفرانسی ساڵانەی لیبەرپارتی لە شاری مەنچستەر



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: کنفرانس ساڵانەی پارتی کرێکارانی بریتانیا» لیبەر پارتی: کە لە ڕێکەوتی ٣٠ی سێپتامبری ٢٠١٢ی زایینی دەستی بە کارەکانی کرد، هەتا ڕۆژی پێنجشەممە ٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ بەردەوام دەبێت.

لە سەر بانگهێشتی فەرمی پارتی کرێکاران، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری ئەو حیزبە لە ٢ ڕۆژی ئەو کۆنفڕانسە کە بە ڕۆژی نێونەتەوەیی کۆنفڕانس ناودێر کراوە، واتە ڕۆژەکانی ١و ٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ بەشداریان کرد.

پاش نیوەڕۆی ڕێکەوتی ٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢،کاتژمێر ٢، بەڕێز ئید میلیباند سەرۆکی لیبەرپارتی لە لایەن ئاپۆرای ئەندامان و میوانانی بەشداربوو لەو کۆنفڕانسە دا پێشوازییەکی گەرمی لێکرا.

بەڕێز ئید لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەو کەم وکوریەکانی وڵات و حیزبی حاکم دا، تیشکی خستە سەر ساختاری کاری دەوڵەتیی حیزبی محافزەکار و ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی بە لاواز بوونی ئەو حیزبەی لەبەرێوەبەری وڵات کرد. بەڕێزیان لەکۆتایی قسەکانی دا وتی کە پێویستە ئێمە هەموو پێکەوە بریتانیا سەرلە نوێ بنیاد بنێینەوە.

سمیناری سەبارەت بە پرسە نێونەتەوەییەکان

کاتژمێری ٤ بۆ ٥ و نیوی هەمان ڕۆژ لە سالۆنی ژمارە نۆی کۆنفرانسی لیبەر پارتی

PDF Compressor Free Version





سیمنارێک سەبارەت بە پرسە نێودەوڵەتییەکان دەستی پێکرد.

ئەم سمینارە کە لە لایەن مایکل کاشمن ئەندامی پارلمانی ئەوروپا و بەرپرسی یەکەم بەرێوە چوو، هەر یەکە لە بەڕێزان: داگلاس ئلێکساندر وەزیری دەرەوەی بریتانیا (لە دەسەڵاتی سێبەر)

جیم مۆرفی وەزیری بەرگری (لەحکومەتی سێبەر)

خاتو ئیما مەنهۆلس وەزیری کاروباری ئەوروپا (لە حکومەتی سێبەر)

ئیفان لویس ئەندامی پارلمانی بریتانیا و وەزیری گەشە پێدان بۆ کاروباری نێودەوڵەتی (لەحکومەتی سێبەر) وەک پانیل گێر بەشدارییان تێدا کرد.

لەوکۆبونەوەیە دا نوێنەر و باڵوێزی وڵاتانی جیهان و هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبە داوات کراوەکان بەشدار بوون و بە هێنانە گۆڕی باسی ئێران، سەرنجی کاربەدەستانی حیزبی کاری بۆ مەسەلەی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێران ڕاکێشاو و جەخت لەوە کرایەوە کە نابێ کێشەی ناوەکی ئێران ببێتە هۆی ئەوە کە ئەو بابەتانەی کە پێوەندەیان بە مافەکانی مرۆڤ و ڕاستەوخۆیان بە خەڵکەوە هەیە لە پەراوێز بخرێ.

لە بەشی کۆتایی سمینارەکە دا چەندین پرسیار لەلایەن بالوێز و دیپلۆماتەکار و بەشدارانەوە ئاڕاستەی کۆڕگێڕان کرد کە بەتێروتەسەلی جواب درانەوە.

پێویست بە ووتە کە هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزب لە بریتانیا چاوی بەهەریەک لە بەڕێزان: ئیفان لویس ئەندامی پارلمانی بریتانیا و وەزیری گەشە پێدان بۆ کاروباری نێودەوڵەتی (لە سێبەر) و خاتو ئیما مەنهۆلس وەزیری کاروباری ئەوروپا (لە سێبەر) کەوت و چەندین تەوەری جیاوز کەوتنە بەر باس و وتووێژ و هاوکات لیستی شەش مانگی ٢٠١٢ی کۆمیتەی مافی مرۆڤی حیزبی دێموکراتی لەمەر

PDF Compressor Free Version







پێشیلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەکوردستان ئامادە کراوە پێشکەش بەو بەڕێزانە کرا.

جێگای ئاماژەیە کە هەریەکە لە بەڕێزان کاک مەولود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب، کاک ڕزگار قادر زادە و کاک فەریدونی معروفی هاوڕێیەتی سکرتێری گشتی حیزبیان لەکنفرانسی سالآنەی لیبەرپارتی دەکرد.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان- بریتانیا ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢**

PDF Compressor Free Version



# ئێوارە خوانێکی نێونەتەوەیی لەلایەن لیبەرپارتیەوە






ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢، کاتژمێری ٥و ٤٥ خولەک، لەیەکێک لەسالۆنەکانی کۆنفراسی لیبەرپارتی بۆ بەشداران و میوانانی کۆنفڕاسی ساڵانەی ئەو پارتە، ئێوارەخوانێکی نێونەتەوەی ساز کرا.

پاش بەخێرهاتنی میوانان لەلایەن بەڕێز خاتوو هاریەت هارمن ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری سەرۆک وەزیران، وتەیەکی پێشکەش کردو داوای لەبەڕێز ئێد میلیباند سەرۆکی لیبەرپارتی کرد کە وتەکانی پێشکەش بکات.

پاشان بەرێز میلیباند لە وتەیەکی زۆر کورت دا لەگەڵ بەخێرهاتنی دووبارەی میوانان، سوپاس و پێزانینی لیبەرپارتی پێشکەشی میوانانی نێونەتەوەی کرد بۆ بەشداریان لەو کنفرانسە دا. بەڕێزیان لە بەشیکی دیکەی وتەکانی دا ڕێزی لە پەیوەندی حیزبەکەی و پارت و ڕێکخراوە دەستە خۆشکەکانی پارتەکەی گرت و بە گرینگ وەسفی کرد و ڕایگەیاند کە بە بێ هاریکاری نێوانمان، چ وەک وڵات و چ وەک پارت و ڕێکخراوە سوسیال دیموکراتەکان، دژایەتی لەگەڵ تیرۆر و ڕووبەرووبوونەوە لەگەڵ هەژاری و پیس بوونی ژینگە کارێکی ئەستەمە. بۆ دەسەڵاتێکی سەرکەوتوو، بوونی ئەو پەیوەندی و دۆستایەتییانە زۆر گرینگ و کاریگەرە و دەکرێ بنیاتی داهاتوویەکی گەشتری لە سەر بنرێ. سپاس بۆ گوێگرتنتان لە وتە دوور درێژەکەم لە کۆنفڕانسەکە دا کە ٦٤ خولەکی خایاند.

PDF Compressor Free Version






هیوا دارم لە مانگ و ساڵەکانی داهاتوو دا بتوانین پەیوەندییەکانی نێوانمان پتەوتر بکەین و لەو پەیوەندییانە بۆ خزمەت بە گەل و وڵاتەکانمان کەڵکی پێویست وەرگرین. کات و ساتێکی خۆشتان بۆ بە ئاوا دەخوازم لە ڕۆژانی کۆنفرانسەکەماندا.

دوای تەواو بوونی وتەکانی بەرێز ئید، بەرێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب و بەرێز مەولود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب، لە نزیکەوە چاویان بە چاویان پێی کەوت و لەگەڵ دەسخۆشی و پیرۆزبایی بۆ وتە بە نرخەکانی لە کۆنفرانسە دا، کتێبی پیاوکووژانی کۆشکی فیرووزە،یان نوسینی ڕوئیا حەکاکیان کە لە سەر میکونوس نووسراوە پێشکەشی بەرێزیان کرد.

هەیئەتی حیزبمان لە میانەی ئێوارە خوانەکەدا چەندین دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ میوانانی بەشدار بوو ئەنجام دا کە بەشێکیان بریتی بوون لە:

هەیئەتی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەیئەتی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان

PDF Compressor Free Version






هه‌یئه‌تی کۆنگره‌ی نیشتمانی کوردستان
به‌ڕێزان:
هۆراکۆ فێرناندێس پالاچیۆ بالۆیزی ئارژانتین له‌ له‌نده‌ن
خاتوو ڕێبۆن نه‌یۆمی مۆشۆلی به‌رپرسی په‌یوه‌ندییه‌ نێونه‌ته‌وه‌یی کۆنگره‌ی نه‌ته‌وه‌یی ئه‌فریقای باشوور.

خاتوو دوکتۆر هێله‌ مایه‌ت تایوای ئه‌ندامی پارلمان له‌ وڵاتی میانمار.
له‌ سه‌رجه‌م ئه‌و چاوپێکه‌وتنانه‌ دا، وێڕای دیدار تازه‌ کردنه‌وه‌، بارودۆخی گه‌لی کورد به‌ گشتی و کورد له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان به‌ تایبه‌تی، ته‌وه‌ری سه‌ره‌کی باس و خواسه‌کان بوو.

پێویست به‌ گووتنه‌ که‌ ئه‌و ئێواره‌ خوانه‌ له‌لایه‌ن کۆمپانی بلومبه‌رگه‌وه‌ پشتوانی لێده‌کرا.

**نوێنه‌رایه‌تی حیزبی دێموکراتی**
**کوردستان- بریتانیا**

PDF Compressor Free Version







PDF Compressor Free Version



# بۆ پشتیوانی له زیندانیانی سیاسی، له سەر داوای حدک خۆپیشاندانێک له پایتەختی بریتانیا بەڕێوەچوو



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: رۆژی شه ممه ٣ی نوامبری ٢٠١٢ کاتژمێر ٣ بۆ ٥ی پاشنیوەرۆ له پارلمان سکوێر ( مه یدانی پارلمان ) ی بریتانیا له شاری له نده ن، به بۆنه ی ١٣ ی ئابان وداکۆکی له زیندانیانی سیاسی، به هاوکاری بزووتنه وه ی سه وز، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان له لەندەن خۆپێشاندانێکیان بۆ ماوه ی دوو کات ژمێر به رێوه برد.

خۆپیشاندەران به دانی بەردروشمی دژ به ڕژیمی کۆنەپەرست و دژی ئازادی ئیسلامی ئێران و داکۆکی له زیندانیانی سیاسی، و خوازیاری پشتگیری و پشتیوانی هەرچی زیاتری کۆمەلگای نێونەتەوەی له خەلکی ئیران و زیندانیانی سیاسی و محکوم کردنی کۆماری ئیسلامی ئیران بەهۆی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ له ئێران بوون. خۆپیشاندەران به بەرزکردنەوەی وێنەی زیندایانی سیاسی و چەندین دروشمی جۆراوجۆر، بۆ جارێکی دیکه ڕووی دزێوی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانیان هیندەی دیکه به کۆمەڵگەی بریتانی نیشاندا.

جێگەی ئاماژەیه که بەشێک له ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان له لەندەن، به ئالا و وێنەی زیندانیانی سیاسیەوه چالاکان بەشداریان کرد.

**کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان**





PDF Compressor Free Version

# « کوردەکان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە حاڵی ئاڵوگۆڕ»



سمینارێکی دوو ڕۆژە بە تاوتوێ کردنی ڕەوشی کوردان لە زانکۆی سۆواس لەژێر ناوی «کورەکان و رۆهەڵاتی نێوەراستی لە حالی ئالوگۆردا».

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕێکەوتی ١٧ی نوامبری ٢٠١٢ کاتژمێر ١٠ی بەیانی، سمینارێکی دوو رۆژە بە تاوتوێ کردنی ڕەوشی کوردان لە زانکۆی سۆواس لەژێر ناوی «کورەکان و ڕۆژهەڵاتی نێوەراستی لە حالی ئالوگۆردا» پێک هات. لە سەرەتا دا لە لایەن یەکێک لە خوێندکارانی زانکۆوە لەگەڵ بەخێرهێنانی میوانەکان و پێشکەش کردنی ریزی بەرنامەکە، سمینارەکە بە ئامادەبوونی بەرێز ساڵح موسلیم سەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد» پ.ی.د» لە سوریە کرایەوە.

بەرێزیان لەگەڵ پێشکەش کردنی کورتەیەک لە مێژووی کورد و کوردستان و هەروەها ئەو ناحەقییانەی بەرامبەر بە کورد و جولانەوەکانی کورد کراوە، ئاماژەی بە ساتو سەودای داگیرکەران دژ بەو گەلە مافخوازە و پەیماننامەی سیفەر و هەرەس پێهێنانی کۆمار کوردستان دوای ١١مانگە دەسەڵاتدارییەتی و تا سەرهەلدانی بەهاری عەرەبی لە تونس و گەیشتنی بە سوریە کرد.

بەڕێز موسلیم باسی لە ڕۆل و نەخشی دەوڵەتی ترکیە لە دەست تێوەردان لە کاروباری کوردان کرد و هەروەها هەوڵ دان بۆ نیشان دانی ڕووی ناحەزی کوردان لەو بەشە کوردستان و بەتایبەت پارتی یەکێتی دێموکراتی کورد و

PDF Compressor Free Version



نیشان دانی ئەو پارتە وەک بەشێک لە پارتی کرێکارانی کوردستانی وەک ئاوات ئارەزوو و نەخشەی ئۆردوغانە دایە قەڵەم.

بەڕێز ساڵح موسلیم سەبارەت بە ویست و داواکاری کوردانی ڕۆژئاوای کوردستا وتی: ئێمە حەقی خۆمانە کە داوای مافی خۆمان بکەین و مافی سەرەکی خۆمانە کە لە دەولەت و بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتەدا بەشمان هەبێت، هەر وەک چۆن پێویست و گرینگە کە هەموو نەتەوەکانی تری ئەو وڵاتە لەگەل یەک و پێکەوە لەبنیادنانەوەی ئەو وڵاتە و دەسەڵاتی حوکم دا بەشدار بن.

پاشان لەلایەن بەشدار بووانەوە چەندین پرسیار ئاراستەی بەرێزیان کران کە وڵامی دانەوە.

پێویست بە ئاماژەیە کە بەشێکی بەرچاو لە پرۆفسۆر، دکتور، مامۆستایانی ئاکادیمی و بەڕێوەبەرانی ئەو زانکۆیە و کۆمەڵێکیش لە کوردانی دانیشتووی بریتانیا بەشدارانی ئەم سمینارە بوون. هەرچەندە لە پێشدا وا بڕیار بوو کە بەڕێز « گوڵتەن کیشناک،ی» جێگری پارتی و ئاشتی و دیمۆکراسی « ب.د.پ»ش بەشداری ئەو سمینارە بێت، بەڵام لە بەر مانگرتووانی باکووری کوردستان و ترکیە نەی توانی بەشداری سمینارەکە بکات. چەندین کەسایەتی سیاسی کورد و بێگانە لە تەوەرەکانی دیکەی ئەو سمینارە دا قسە و باسیان کرد و راوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە باسەکانی سمینارەکە هێنایە زمان.

جێگەی باسە بەشێکی بەرچاو لە کورد و میوانانی بیانی لە بریتانیا و هەروەها هەیئەتێکی ئیرلەندی باکوور ئامادەی سمینارەکە بوون.

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی بەرێز مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا،کاک فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەبریتانیا،کاک عبدالله ئەمینی



PDF Compressor Free Version





بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە لەندەن و کاک فەریدون معروفی ئامادەی سمینارەکە بوون.

لە پەراوێزی کنفرانسەکەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیان لەگەڵ بەشێک لەدۆستان و میوانانی بەشدار دیدار تازە بکەنەوە کە لەنێویان دا چاویان بە بەڕێز ساڵح موسلیم سەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریە کەوت و سەبارەت بە ڕەوشی کوردستان و دوایین گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە قسە و باسیان کرد.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان- بریتانیا**

PDF Compressor Free Version



# کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بریتانیا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی نوامبری ٢٠١٢ی زایینی کاتژمێر ٦ی ئێوارە، لە بنکەی کۆمەڵەی کارگەری کوردستان(کۆمکار)، کۆبونەوەیەک بەشداری بەشێکی بەرچاو لەلایەن سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان پێک هات.

لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێزان مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا و کاک فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەبریتانیا بەشداری ئەم کۆبونەوەیە بوون.

مەبەست لەگرتنی ئەم کۆبونەوەیە نۆژەن و تازەکردنەوەی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان بوو کە ماوەیەک بوو چالاک نەمابوو. لەو کۆبونەوەیە دا پاش باس و خواسێکی تێروتەسەل سەبارەت بە کاروچالاکییەکانی ڕابردوو و هەروەها تاوتوێ کردنی ڕەخنەو پێشنیاری بەشداران، هەموو لایەنەکان بەتێکڕای دەنگ لە سەر هێندێک خاڵ ساخ بوونەوە و ئەو بڕیارانەی خوارەوەیان پەسند کرد.

- لەداهاتووی نزیک دا کۆبونەوەیەکی بەرینتر بە بەشداری هەموو لایەنەکان بگیردرێت و دەستەی بەڕێوەبەری و هەیئەتی ئیجرایی نوێ دیاری بکرێ.

- نامەیەک ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی بریتانیا و هەروەها وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە پیوەندی لەگەڵ دۆزی کورد لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و ئەو هەڕەشانەی کە بەرەوڕووی کورد دەبنەوە و پشتیوانیان بۆ ئەم مەبەستە.

- نامەیەکی سەرئاوەلا سەبارەت بە هەڕەشە و گورەشەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق بۆ سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پارلمانی ئەو وڵاتە بنوسرێت و تێیدا نیگەرانی و نارەزایەتی کۆنفرانسی هێزە کوردستانییەکانی بریتانیا و کۆمەڵگەی کوردی لەو وڵاتە بێتە بەرباس و هەوڵ بدەرێ کە لە ڕێگای باڵوێزی عێراق لە

PDF Compressor Free Version

لەندەن بگەیەندرێتە دەستیان.

– هەموو پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بە کۆی دەنگ پشتگیری خۆیان بۆ ڕاپەڕینی گەلەکەمان لە ڕۆژئاوای کوردستان دووپات کردەوە و بڕیاریان دا کە لە ڕێگەی پەیوەندیی کردن بە کاربەدەستانی حکومەتی بریتانیا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە پشتگیری هەرچی زیاتر بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لەو بەشەی کوردستان دەستەبەر بکەن.

پێویست بە ئاماژەیە بە تێکڕای دەنگی لایەنە بەشدارەکان، بۆ جارێی دیکە بەڕێز کاک ئێحسان قادر وەک وتەبێژی کۆمیتەکە هەڵبژێردرایەوە.

کنفرانسی پارتە کوردستانیەکان





PDF Compressor Free Version



# سمیناریک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە لەندەن




ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی نوامبری ٢٠١٢ی زایینی، ڕێکخراوی مافی ژنی کورد لە بریتانیا سمینارێکی بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە یەکێک لە هۆڵەکانی باکووری ڕۆژئاوای شاری لەندەن بەڕێوە برد.

ئەو سمینارە کاتژمێر ٦ی پاشنیوەڕۆ بە کاتی لەندەن دەستی پێکرد و بە بەشداری بەڕێزان خاتوو سارا محەمەدی پارێزەر و چالاک لەبواری مافی ژنان، دیانان نامی بەرێوەبەری ڕێکخراوی مافی ژنانی ئیرانی و کوردی و گۆنا سەعید بەرپرسی زانیاری و گەشەپێدان لە ڕێکخراوی ژنانی کورد و خۆرهەلاتی ناوەراست لە بریتانیا، تا کاتژمێر ٩ی شەو بەردەوام بوو.

لەو سمینارە دا هەر یەکە لەو بەڕێزانەی سەرەوە، وەک پانێلگێر، چەندین بابەتی گرینگیان تایبەت بە ڕەوشی ژنان لە کوردستان و هۆکار و جۆری ئەو توند وتیژیانەی کە لە هەمبەر ئەو توێژە گرینگەی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێ پێشکەش کرد. لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارە دا چەندین بابەتی دیکە هاتنە بەرباس کە بریتین بوون لە:

ئامارێکی تێروتەسەل سەبارەت بە توندوتیژی دژ بە ژنان لە جیهاندا دژی، هێنانەوەی چەند نمونەیەک لەسەر توندو تیژی لەسەر ژنان لە کوردستان، شیکردنەوەی یاسای مەدنیەتی ئیرانی و کۆماری ئیسلامی و چۆنیەتی مامەڵەی دواودەزگاکانی ئەو ڕژیمە دژی ئازادییە لەگەڵ ژنان و کچانی ئەو وڵاتە دا.

PDF Compressor Free Version

بەشێکی تری سمینارەکە تەرخان کرا بۆ ڕاوبۆچوون و پرسیار و وڵامی بەشداران، کە لەلایەن پانێلگیرانەوە وڵامیان درایەوە.

جێگای ئاماژەیە کە ئەو سمینارە ڕاستەخۆ لە ڕێگەی هێڵی ئینتێرنیتەوە بڵاوکرایەوە.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا**






PDF Compressor Free Version



# دیداری هەیئەتێکی کنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا




ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی نوامبری ٢٠١٣ی زایینی هەیئەتێک بەنوێنەرایەتی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا،یان کرد و لەلایەن بەڕێز گریک شاپلەند سەرۆک و بەرپرسی لێکۆلەرەوەکان لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا،وە و هەیئەتێکی ئەو وەزارەتخانەیە بە گەرمی پێشوازیان لێ کرا.

سەرەتا لە لایەن ووتەبێژی کۆمیتە بەڕێز کاک ئیحسان قادر،ەوە هاوڕێیانی بەشدار لەو هەیئەتە دا ناسێندران و پاشان بەڕێزیان کورتە ڕاپۆرتێکی لە سەر باردۆخی هەرچوار پارچەی کوردستان پێشکەش کرد. ئینجا هاوکات لەگەڵ تاوتوێ کردنی کیشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەر دا دابەش کراوە داوای پشیوانی و گەرانتی لە بریتانیا و ئەوروپا و ئەمریکا بۆ دۆزی ڕەوای کوردی کردە تەوەرێکی دیکە قسەکانی.

ئالۆزی نانەوە و هەرەشەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق لە هەرێمی کوردستان و ڕەت

PDF Compressor Free Version

# United Kingdom
# Foreign & Commonwealth Office

کردنەوەی هەر جموجۆڵێکی سەربازی بۆ سەر باشووری کوردستان و پابەندبوون بەدەستوری عێراقی فیدرال و هەروەها بارودۆخی سوریە بەگشتی و ڕۆژئاوای کوردستان بەتایبەتی بابەتێکی تری دانیشتنەکە بوو، کە هەیئەتی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان، لە ڕێگەی بەڕێز شاپلەندەوە داوای پشتگیریان کرد بۆ بنیات نانی وڵاتێکی دیموکراتیکی لە سوریە کە تێیدا گەلی کورد بتوانێ هەرێمێکی فیدرالی هەبێت و خۆی کارەکانی بەڕیوەبەرێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنە دا نوێنەرانی بەشدار داوایان لە کاربەدەستانی بریتانیا کرد کە هەوڵی گرتنی کنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان بدەن.

جێگەی ئاماژەیە کە لە لایەن هەیئەتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاوە چەندین پرسیار ئاراستەی نوێنەری پارتە کوردستانیەکان کرا کە بە تێروتەسەلی وڵامیان درایەوە.

پێویست بە وتنە کە بەڕێز مەولود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا بەشداری ئەم کۆبونەوەیە بوون.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**

PDF Compressor Free Version



# شاندێکی نوێنەرایەتی کۆمیتەی حیزبە کوردستانیەکان لە بریتانیا سەردانی باڵوێژخانەی عێراقی فیدارالی لە لەندن کرد



شاندێکی نوێنەرایەتی کۆمیتەی حیزبە کوردستانیەکان لە بریتانیا سەردانی باڵوێژخانەی عێراقی فیدارالی لە لەندن کرد

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٩ی نوامبری ٢٠١٢ی زاییني شاندێکی نوێنەرایەتی حیزبە کوردستانییەکان لە بریتانیا، سەردانی باڵوێزخانەی حکومەتی عێراقی فیدڕاڵیان لە شاری لەندەن کرد و لەلایەن بەڕێز دوکتور محیدین حوسین عەبدوولا هەڵسوڕێنەری کاروباری باڵوێزخانە و خاتوو تانیا سکرتێری یەکەم لەو بالوێزخانە پێشوازیان لێکرا.

شاندی حیزبە کوردستانیەکان لەگەل باسێک لەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

PDF Compressor Free Version

و بەتایبەت دۆزی کورد، لێکدانە و باسێکی گرینگ کرا لەسەر برایەتی و پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی جێگیر لە عێراق. لەو دانیشتنە دا ئاماژە بەوە کرا کە مەرجی سەرەکی بۆ پێکەوە بنیات نانەوەی عێراق دابەش کردنی دەسەڵات و ڕێز گرتن لە ویست و داخوازی گەلی کورد و کەمەنەتەوەییەکانی دیکە لە لایەن دەسەڵات دارانی حکومەتی ناوەندییەوە. ئێستا کە گەلی کورد و لایەنە خێرخوازەکانی لە سەر ئەسڵی فیدراڵی و پێکەوە ژیان سوورن، پێویستە ڕێگە بەهیچ لایەنێک نەدرێت کە ئەو دەرفەت و موقعیەتە تێک بدات و عیراقی فیدرال پیویستە پابەند بێت بە مادەی دەستوی ١٤٠ و هەروەها هەڕەشە و هێنانی سوپا بۆ سنوورەکانی کوردستان و دامەزراندی هێزی چالاکییەکانی دیجلە بۆ هێرش کردنە سەر ناوچە دابڕێندراوەکان بەتوندی ئیدانە کرا و هەر لەو پیوەندیە دا نامەیەکی نارەزایەتی ئاڕاستەی بەرێزیان کرا ک بیگەیەنەتە بەڕێز نوری المالکی سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدارال .

پێویست بە ئاماژەیە کە بەڕێز مەولود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا ئامادەی چاوپێکەوتنەکە بوو.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**



30 Nov 2012

## شاندێکی لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان داوایان لە بەریتانیا کرد هەڵوێستی جیدی لەهەمبەر مەترسییەکانی حکومەتی عێراق وەرگرێت



KTV ...

شاندێکی کۆنفرانسی پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە بەریتانیا سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەیان کرد و لە لایەن کاربەدەستانی ئەو وەزارەتە بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.

لە دانیشتنێکدا باس لە دوایین پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی هەر چوار پارچەی کوردستان کرا و گفتوگۆی تێر و تەسەلیان لەبارەوە کرا.

شاندی ناوبراو ئاماژەیان بە دوایین ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق کرد و تیشکیان خستە سەر دروستکردنی ئۆپەراسیۆنی دیجلە و لەشکرکێشی سوپای عێراق بۆ ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان.

نوێنەرانی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئەوەیان بۆ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ڕوون کردەوە کە پێکهاتوون لە بەرپرسانی دەسگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و عێراق و سوریا و تورکیا کە مەبەستی دروستکردنی ئەو ئۆپەراسیۆنە تێکدانی ئەو سەقامگیرییە کە کوردستان بە خۆیەوەی دەبینێ و خۆ دزینەوەیە لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ی دەستووری هەمیشەیی عێراق.

داوایشیان لە حکومەتی بەریتانیا کرد کە هەڵوێستی جیدی لەسەر ئەو هەنگاوە مەترسیدارانەی حکومەتی عێراق وەرگرن و ڕێگە نەدەن بە گەڕانەوەی ئەو وڵاتە بۆ سەردەمی تاکڕەوی زوڵم و زۆرداری.

هەروەها داوایان لە حکومەتی بەریتانیا کرد کە پاڵەپەستۆ بخاتە سەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی دەستووری وڵات جێبەجێ بکات و پرس و کێشە سیاسییەکان بە هەڕەشەی سەربازی یەکلا نەکاتەوە.

هەر لەو کۆبوونەوە باسی بارودۆخی سوریا کرا و دواتر شاندی کوردستانی جەختی لەسەر ڕۆڵی گەورەی لایەنەکانی سیاسی و گەلی کورد لە سوریا کردەوە و ئاماژەیان بەوەدا کە پێویستە بەریتانیا پشتگیری لە داواکانی گەلی کورد لە سوریا بکات لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد.

هەر لەو کۆبوونەوەیە لایەنی بەریتانیا لە دوایین ڕێککەوتنەکانی لایەنە سیاسییە کوردییەکانی سوریا ئاگادار کرایەوە.

لە لایەکی ترەوە شاندی کۆنفرانسی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە بەریتانیا سەردانی باڵیۆزخانەی عێراقی فیدراڵیان کرد.

لە دانیشتنێکدا لەگەڵ دکتۆر محی الدین الثانی هەڵسووڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی عێراقی فیدراڵ و خاتوو نادیا سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانە باس لە دوایین پێشهاتەکانی عێراق و کوردستان کرا.

شاندی کوردستانی نامەیەکی ناڕەزاییان بۆ نووری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بەرز کردەوە کە تیایدا داوای بەکسەر کێشانەوەی هێزە چەکدارەکانی سوپای عێراق دەکەن کە دوا بە دوای ڕووداوەکانی دووزخورماتوو بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان هێنرابوون.

هەروەها داوایان لە حکومەتی فیدراڵ کرد کە بە زووترین کات مادەی ١٤٠ دەستووری هەمیشەیی عێراق جێبەجێ بکات چونکە ئەوە تەنها چارەسەرە بۆ تەواوی کێشەکانی ئەو ناوچەیە.

ئەوەشیان وەبیر مالیکی هێناوەتەوە کە لە ڕابردوودا ئەو جۆرە هەڵسوکەوت و مامەڵەیە سوودبەخش نەبووە لەگەڵ گەلی کورد و هیوادارین کە سوود لە ڕابردوو وەربگرێت و ڕێز لە ئیرادەی گەلی کورد بگرێت و کێشە سیاسییەکان لە ڕێگەی چەک و سوپاوە چارەسەر نەکات.

Copyright © 2011 Kurdistan Television.

PDF Compressor Free Version

# سەردانی شاندێکی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بنکەی سەرەکی لیبرال دێموکرات لە لەندەن




ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: سەرلەبەیانی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٢/١٢/ ١٢ کاتژمێری یازدەو نیو هەیئەتێک بە نوێنەرایەتی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بریتانیا، لە دانیشتێک دا لە بنکەی سەرەکی پارتی لیبرال دێموکرات، لەگەڵ هەریەکە لەبەڕێزان پیتر لیشنەک بەرپرسی کاروباری نێونەتەوەی و هەروەها ئیەن گی یەل بەرپرسی لیبرال پارتی لە بنیاتی « ویستمنستر» بۆ دێموکراسی کوبونەوە.

لەم کۆبونەوەیەدا کە بەنوێنەرایەتی هەرچوار پارچەی کوردستان قسەو لێداوان کرا، هەر کام لە نوێنەرانی بەشدار لە پێوەندی لەگەڵ پارچەیەک لە کوردستان قسەو لێدوانیان کرد و دواین زانیاریان لە پێوەندی لەگەڵ ئالوگۆری ناوچە و هەروەها جێگە و پێگەی کورد لەناوچەدا پێشکەش کرد. بارودۆخی باشووری کوردستان و پێشێلکارییە دەستوورییەکانی حکومەتی ناوەندی و هەڕەشە و گوڕەشەکانی نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق و پشت گوی خستنی مادەی ١٤٠ی دەستووری بنەڕەتی لە لایەن دسەڵات دارانی ناوەند خوازەوە یەکەم تەوەری باسەکانی ئەو دانیشتە بوون. پاشان ڕەوشی سوریە بە گشتی و ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەتی و ئەو

PDF Compressor Free Version





دۆخە ئاڵۆزەی کە لەو وڵاتە هاتووەتە ئاراوە و هەروەها داوای پشتیگیری لە لایەنی خانەخوێ بۆ کوردەکانی رۆژئاوا و چەندین تەوەری دیکە، ئەو باسانە بوون کە لە نێوان دوو لایەن دا ئاڵوگۆڕ کران. سەبارەت بە رەوشی گەلی کورد کە باکووری کوردستان و ئەو پێشێلکاریانەی کە دژ بە رۆڵەکانی گەلەکەمان لەو بەشەی کوردستان، لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکەوە ئەنجام دەدەرێن تەوەرێکی دیکە وتووێژەکانی پێک دێنا، کە هاوکات داوا کرا کە گوشارەکانیان بۆ سەر حکومەتی تورکیە بە مەبەستی چارەسەری کێشەی کورد لەو وڵاتە زیاتر بکەن.

لە بەشی باسەکان سەبارەت بە رۆژهەڵات کوردستان، بەڕێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا، بە وردی سەبارەت بە رەوشی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان قسەی کرد و ئاماژەی بەو هەوڵانە دا کە حیزبەکەمان بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی و ئێرانی لە ماوەی رابردوو دا داوەیەتی و هاوکات باسی لە کۆبوونەوەی بەرینی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە بروکسێلی پایتەختی بلژیک کرد کە بۆ ماوەی ٣ رۆژ لە مانگی دیسامبری ٢٠١٢ دا بەردەوام بوو.

لە وڵامی پرسیارێکی نوێنەرانی پارتی لیبراڵ دا سەبارەت بە دانیشتن و پەیوەندی نیوان دیموکراتەکان، بەڕێز مەولود سوارە مزگێنی ئەوەی دانێ کە ڕێبەرایەتی هەردووک لایەنی دیموکرات هاوکات لەگەڵ دانیشتنەکەی ئەوان، لە دەفتەری سیاسی حیزبی ئێمەیان کردووە و سەرقاڵی دانووستانن بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی نیوانیان.

پێویست بە ئاماژەیە کە شاندی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان، راشکاوانە داوای پشتگیری و هاریکاری پارتی لیبراڵی بریتانیا،یان کرد بۆ دۆزی رەوای گەلەکەمان لە هەرچوارپارچەی کوردستان و هاوکات خوازیاری ئەوە بوون کە دەرگای دیدار و وتووێژەکانی نێوان نوێنەرانی پارتە کوردستانییەکان و لیبراڵ پارتی بریتانیا بەردەوام بێت.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان- بریتانیا**

PDF Compressor Free Version

# كۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بریتانیا سەردانی باڵوێزخانەی ئەمریکایان کرد



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: لە درێژەی کاروچالاکییەکانیاندا بۆ ناساندنی هەرچی زیاتری کێشە کورد بە وڵاتانی جیهان و بە دەست هێنانی پشتگیری زیاتر بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان، ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/١٢ی زایینی کاتژمێری دوو نیوی پاشنیوەڕۆ، نوێنەرانی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە لە بریتانیا، سەدانی باڵویزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان کرد لە شاری لەندەن و لایەن بەڕێز جاناتان پیسیا سکرتێری یەکەمی ئەو بالوێزخانەیە بە پێشوازیان لێ کرا.

دانیشتنی نێوان نوێنەرانی کورد و سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی ئەمریکا بە باسێکی تێرو تەسەل لەلایەن هەرکام لە نوێنەران لەسەر هەرکام لەبەشەکانی کوردستان دەستی پێکرد. سەبارەت بە دۆخی کورد لە باکوور کوردستان و ئەو گوشار و بەربەستانەی بۆ پارتە کوردییەکان، بە تایبەت « هەدەپ» و نوێنەرانی کورد لە پارلەمانی تورکیە درووست دەکرێن، بە وردی قسە و باس کرا و داوا لە نوێنەری ئەمریکا کرا کە گوشارەکانیان بۆ سەر تورکیە، بەمەبەستی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانای کۆمەڵگەی مەدەنی چڕتر بکەنەوە. بارودۆخی باشووری کوردستان و ئاڵۆزییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی باسی لێوە کرا. نوێنەرانی کورد ئاماژەیان بە پێشێلکاری بەردەوامی دەستوری بنەڕەتی عێراقی فیدراڵ لە لایەن نوری مالکی سەرۆک وەزیران و حکومەتەکەیەوە دا و هاوکات داوایان لە ئەمریکا کرد کە لە نزیکەوە بۆ خاوکردنەوەی

PDF Compressor Free Version





گرژییەکان هەوڵ بدات. شەر و تێکهەڵچوون و کوشتاری بەردەوامی خەڵکی سڤیل لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی حکومەتی بەعسی سوریەوە تەوەرێکی دیکەی باسەکان بوو. لەو پەیوەندییەش دا نوێنەرانی کورد داوایان لە نوێنەری ئەمریکا دەور و کاریگەری گەلی کورد لە خۆرئاوای کوردستان و کارتێکەری کێشەی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتووی ناوچە بە هێند بگیری.

پرسی کورد لەکوردستانی رۆژهەڵات و هەلسوکەوتی رژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێل کرانی مافەکانی خەلکی کورد و مافی مرۆڤ تەوەرێکی تری باسەکان بوو کە لە لایەن ەرێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا پێشکەشی نوێنەری باڵوێزخانەی ئەمریکا کرا. لەپیوەندی لەگەڵ کوۆونەوەکانی ئۆپۆزیسیون ئێران و هەوڵ و تێکۆشانی حیزبە کوردستانییەکان، بە تایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ زیاتر لێک تێگەیشتن لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئێران و داهاتوو ئێران باسێکی چروپڕ پێشکەش کرا. هەر لەو پەیوەندییە دا بەڕێز نوێنەری حدک لە بریتانیا ئاماژەی بە کۆبونەوەکانی لەندەن و واشتنگتن و سوئید،ئالمان و پراگ و هەروەها دانیشتنی سێ ڕۆژەی بروکسیل کرد و باسی لەو هەنگاوانە کرد کە حیزبمان لەو پێناوە دا هەڵیهێناونەتەوە. سەبارەت بە دانیشتن و پەیوەندی نێوان هەردووک لایەنی دیموکرات، بەڕێز مەولوود سوارە ئاماژەی بە دانیشتنی ڕۆژی چوارشەممەی نێوان بەڕێزان خالید عەزیزی و کاک مستەفا هیجری کرد و مزگێنی ئەوە دا بە سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی ئەمریکا کە دێموکراتەکان بۆ چارەسەری کێشەی نێوانیان هەنگاوی بە کردەوەیان هەلهێناوەتەوە و سوورن لە سەر هێور کردنەوەی بارودۆخی نێوانیان.

گرتنی کنفرانسێکی بەرین لەپیوەندی لەگەڵ کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەوەرێکی تری دانیشتنەکە بوو کە هەردووک لا ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بەو پرسە هێنایە زمان.

لە کۆتایی دانیشتنەکە نامەیەک ڕادەستی بەرێز جۆناتان کرا کە لە ڕێگەی بەڕێزیانەوە ئاڕاستەی بەرێز هێلاری کلینتون،ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بکرێ. لەو نامەیە دا ئاماژە بە کێشەی کورد لە ڕۆهەڵاتی نێوەڕاست و جێگە و پێگەی کورد و هەروەها پشتیوانی بۆ پاراستنی کورد لە باشووری کوردستان و رێگەنەدان بە حکومەتی مالکی بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان و بوژانەوەی دیکتاتۆریەت لە عێراق و هەروەها پشتیوانی لە کوردانی سوریە کرابوو.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان- بریتانیا**

PDF Compressor Free Version

# کۆبوونەوەی بەرینی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان لە بریتانیا بە بەشداری ۳۰ حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: لە سەر بانگهێشتی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان لە بریتانیا لە سەرجەم حیزب و لایەنەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، بۆ تاوتوێ کردنی گرتنی کۆنفرانسێکی بەرین لە سەر بارودۆخی کوردستان بە گشتی، ئێوارە ۱۷ی دێسامبری ۲۰۱۲ی زایینی، لە بنکەی کۆمەڵەی کارگەری کوردستان ( کۆمکار) کۆبوونەوەیەکەی بە بەشداری زیاتر لە ۳۰ حیزب و لایەنی سیاسی پێک هات. ئەو بۆ جاری یەکەمە کە زیاتر لە ۳۰ حیزب و لایەنی سیاسی کوردستانی بۆ تاوتوێ کردنی ئەو بابەتە لە دەوری یەک کۆدەبنەوە. لەو کۆبوونەوەیە دا ڕاپۆرتێک لە سەر کاروچالاکییەکانی ماوەی ڕابردووی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان کە بریتی بوون لە دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، باڵویزخانەی ئەمریکا، باڵوێزخانەی عێراق لە لەندەن و دەفتەری نێونەتەوەیی لیبڕاڵ دیموکرات پێشکەشی ئامادە بووان کرا و هەموو لایەنەکان ئەو چالاکییانەیان بەرز نرخاند. پاشان هەرکام لە بەشداربووان ڕابۆچوون و تێبینییەکانی خۆیان لەو پەیوەندیی دا پێشکەش کرد. لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەیەدا پێشنیار کرا کە بەرنامەی کاری ئەو کۆنفرانسە بۆهەموو لایەنە سیاسیەکان بنێردرێت و ئەوانیش ڕاوبۆچونی خۆیانی لە سەر بنووسن، تاکوو لە کۆبوونەوەی داهاتوو دا بخرێتە بەر باس و دەنگدانەوە و متمانەی پێ بدرێت. بڕیار درا لە کۆبوونەوەی داهاتوو دا دەستەیەکی بەڕیوەری دیاری بکرێت و کارەکانی ئەو کۆنفرانسە لە ڕێگەی دەستەی هەڵبژێردراوەوە ڕێکبخرێت. لە کۆتایی ئەو دانیشتنە هەموو لایەنەکان هاوڕا ڕۆژێکیان بۆ گرتنی کۆبوونەوەی داهاتوو دیاری کرد.

پێویست بە ئاماژەیە کە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بەڕێز مەولوود سوارە نوێنەری حدک لە بریتانیا و بەڕێز کاک فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کومیتەی حیزب لە بریتانیا ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان- بریتانیا**

PDF Compressor Free Version



All Party Kurdistan Conference

کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان

پەیامی کنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لەبریتانیا بە بۆنەی هەواڵی نەخۆشی مام جەلال تاڵەبانی، سەرکۆماری عێراقی فیدرال و سکرتێری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

هاونیشتمانانی بەڕێز!
خەڵکی خەباتکاری کوردستان!
ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان!
بنەماڵەی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی!

بەداخەوە هەواڵی کوتوپڕی ناساغی مام جەلال مان پێگەیشت و بەم هەواڵە هەموومان غەم و پەژارە دایگرتین.

لە هەلومەرجێکدا کە کورد و عێراق لە هەمیشە پتر پێویستیان بە جەنابی مام جەلال هەیە و کارو تێکۆشان و دلسۆزییەکانی ویی بۆ عێراق و کوردستان لە کەس شاراوە نیە و تەنانەت هەر ئەو رۆژەی تێیدا باری لەشساغییان تێکچوو، خەریکی هێورکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی خوڵقێندراوی دەستی مالیکی، دژی کوردستان بوو، جەنابیان نەخۆش کەوتن و دڵسۆزان و یارانی نەتەوەکەمان دڵ بەخەم و دوژمنانیشمان شادمان بوون.

ئێمە وێڕای هیواخواستن بۆ هەرچی زووتر چاکبوونەوەی بەرێز مام جەلال، سەرکۆماری عێراقی فیدڕاڵ، لە هەمانکاتیشدا پشتیوانی هەوڵەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پاڕلمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانین بۆ چارەسەرکردنی هێمنانەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم  کە بە پێی دەستووری عێراقی فیدڕاڵ لە ماددەی ١٤٠ دا نەخشەی چارەسەری بۆ کێشراوە. هەروەها بە بۆنەی دیاریکردنی رۆژی ئاڵای کوردستان پیرۆزبایی لە نەتەوەکەمان و دەستخۆشی لە پارلمانی کوردستان دەکەین کە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک رۆژی هێمایەکی پیرۆزی کوردستان دیاری کرد.

راستە مەرگ دیاردەیەکە پێشی ناگیرێ و هەموو کەس رۆژێک لەگەڵی دەستەویەخە دەبێ، بەڵام دیسان وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ نەتەوەکەمان بەگشتی و بنەماڵەی مام جەلال و یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی، هیوادارین فەخامەتی بەرێز سەرکۆماری عێراقی فیدڕاڵ هەرچی زووتر بەسەر ئەم نەخۆشییەدا زاڵ بێ و بگەڕێتەوە سەر کاروباری ئاسایی خۆی.

ئیحسان قادر ووتەبێژی  کنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بریتانیا

PO.BOX 1402
LONDON W6 7ZT
UNITED KINGDOM

TEL:07515850250
allpartykurdistanconference@yahoo.com

PDF Compressor Free Version

# All Party Kurdistan Conference
# کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان

پارتی دێموکراتی کوردستان عێراق
حیزبی دێموکراتی کوردستان
یەکیەتی دێموکرای کوردستان (سوریە)
پارتی یەکیەتی دێموکراتی کورد (سوریە)
پارتی دێموکراتی کوردستان (باکور)
کۆمەلەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران
کۆنگرەی گەلی کوردستان
بزوتنەوەی گۆران
یەکگرتویی ئیسلامی کوردستان
مەجلیسی گەلی رۆژئاوی کوردستان
بزوتنەوەی دێموکراتیکی یارسان
کۆنگرەی جوانانی کوردستان

یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران
پارتی سۆسیالیستی کوردستان (ترکیە)
کومەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان
پارتی ئازادی کوردستان
کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان
رێکخراوی ژنانی کوردستان
کۆمەلی ئیسلامی کوردستان
پارتی یەکیەتی دیموکرات (سوریە) پید
پارتی ئازادی کوردستان (سوریە)
کۆمەلەی کارکەرانی کوردستان
کۆمەڵەی کارگەری کوردستان ( کۆمکار)

١٩ی دسامبری ٢٠١٢

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: لە سەر بانگهێشتی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان لە بریتانیا لە سەرجەم حیزب و لایەنەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، بۆ تاوتوێ کردنی گرتنی کۆنفرانسێکی بەرین لە سەر بارودۆخی کوردستان بە گشتی، ئێوارە ١٧ی دێسامبری ٢٠١٢ی زایینی، لە بنکەی کۆمەڵەی کارگەری کوردستان ( کۆمکار) کۆبوونەوەیەکەی بە بەشداری زیاتر لە ٣٠ حیزب و لایەنی سیاسی پێک هات. ئەو بۆ جاری یەکەمە کە زیاتر لە ٣٠ حیزب و لایەنی سیاسی کوردستانی بۆ تاوتوێ کردنی ئەو بابەتە لە دەوری یەک کۆدەبنەوە. لەو کۆبوونەوەیە دا ڕاپۆرتێک لە سەر کاروچالاکییەکانی ماوەی ڕابردووی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان کە بریتی بوون لە دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، باڵویزخانەی ئەمریکا، باڵوێزخانەی عێراق لە لەندەن و دەفتەری نێونەتەوەیی لیبڕاڵ دیموکرات پێشکەشی ئامادە بووان کرا و هەموو لایەنەکان ئەو چالاکییانەیان بەرز نرخاند. پاشان هەرکام لە بەشداربووان ڕابۆچوون و تێبینییەکانی خۆیان لەو پەیوەندیی دا پێشکەش کرد. لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەیەدا پێشنیار کرا کە بەرنامەی کاری ئەو کۆنفڕانسە بۆهەموو لایەنە سیاسیەکان بنێردرێت و ئەوانیش ڕاوبۆچونی خۆیانی لە سەر بنووسن، تاکوو لە کۆبوونەوەی داهاتوو دا بخرێتە بەر باس و دەنگدانەوە و متمانەی پێ بدرێت. بڕیار درا لە کۆبوونەوەی داهاتوو دا دەستەیەکی بەڕیوەری دیاری بکرێت و کارەکانی ئەو کۆنفڕانسە لە ڕێگەی دەستەی هەڵبژێردراوەوە ڕێکبخرێت. لە کۆتایی ئەو دانیشتنە هەموو لایەنەکان هاوڕا ڕۆژێکیان بۆ گرتنی کۆبوونەوەی داهاتوو دیاری کرد.

پێویست بە ئاماژەیە کە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بەڕێز مەولوود سوارە نوێنەری حدک لە بریتانیا و بەڕێز کاک فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کومیتەی حیزب لە بریتانیا ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان- بریتانیا**




PDF Compressor Free Version

PDF Compressor Free Version

# Kurdistan Democratic Party's activity in the United Kingdom

PDF Compressor Free Version

# 1 Activity

Presented By Mouloud Swara










**Address**
KDP
P.O BOX 1402
London W6 7ZT
United Kingdom

Kurdistan Democratic Party's
Activity in the United Kingdom